گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B ژمارە (١٠) لاپەرە (٧١ - ١٢٩)

# مێژووی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی لەشاری هەولێردا (١٨٩٠-١٩٥٨)

## بەشی یەکەم(*)

د. عەبدوڵڵا محەمەد حەداد

کۆلێژی پەروەردە - زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر

### پێشەکی

مێژووی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی لەشاری هەولێر، بەتایبەتی لەکۆتایی سەدەی نۆزدەهەمو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، بەگوێرەی پێویست بایەخی پێ نەدراوە، لایەنە پڕشنگدارو هێماو رەمزە دیارەکانی نەخراونەتە بەرتیشکی باس و لێکۆڵینەوە. ئەو نوختەیە خۆی لەخۆیدا کەلێنێکی هەست پێکراوی لەبواری رەخنەو مێژووی ئەدەبیاتی کوردییدا دروست کردوە.

ئەو باسەی لەبەر دەستتان دایە، تەقەلایەکی بچووکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەی کە مێژ ساڵێکە دەرکمان پێ کردبوو، ئاوردانەوەیەکی وەفادارانەیە بۆ رەنج و ماندو بوونی تاقمێك بەهرەداری ئەوشارە دێرینەی کوردستان کە لەو رۆژگارەدا چرای شیعرو ئەدەبیاتیان هەڵگیرساندبوو.. ئاڵای وشەی کوردی ورشەداریان هەڵکردبوو، بەگیانێکی بێگەردو، بەهەناسەیەکی نیشتمان پەروەرانەوە، بێ ئەوەی چاوەڕێی خەڵات و پاداشت لەکەس بکەن، بەهرەکانیان بۆخزمەتی گەلەکەیان ئاراستە کردبوو..

شیاوی ئاماژە پێدانە، زۆربەی هەرە زۆری ئەو بەهرەدارانەی کە بەکوردی بەرهەمیان نووسیوە، تەنیا یەك وانەش لەقوتابخانەکانی ئەوسەردەمەدا بەکوردی نەیا نخوێندبوو، چونکە بەر لەجەنگی یەکەمی جیهانی، خوێندن لەمەدرەسەو مەکتەبەکاندا بەعەرەبی وتورکی و فارسی بووە، دوای جەنگ، لەبوارێکی زۆر تەنگەبەردا نەبێ، خوێندن لەقوتابخانەکاندا بەعەرەبی بووە. بەم پێیە، ئەوبەهرەمەندانە، بەخۆیان لەبەر خۆشەویستی گەلی کورد، خۆیان فێری نووسین و خوێندنەوەی کوردی کردبوو تا گەیشتبوونەتە ئەو رادەیەی کەبتوانن شیعری جوان و پەخشانی رەنگینی پێ بنووسن.. ئەو هەڵوێستە نیشانەیەکی تری دڵسۆزی و رەسەنایەتیانە کە پێویستە بەچاوێکی پڕ لەرێزو حورمەتەوە بنرخێنرێ.

مایەی داخە بەرهەمو نووسینەکانی بەشێکی هەرە زۆری ئەو بەهرەدارانە، درەنگ بڵاو کراونەتەوە، یانیش لەبەر گەلێ هۆکاری بابەتی و زاتی دوای مەرگیان لەچاپ دراون.. ئێستاشی لەگەڵدابێ، بەشێکی بەرهەمەکانیان وەکو دەسنووس ماونەتەوە، یانیش لەناو چوون.

لەم ئاقارەدا، پێویستە تۆژینەر بەو پەڕی هوشیارییەوە لەگەڵ کەرەستەکانی باسەکەدا مامەڵە بکات، هەتا پێی دەکرێ لەبڕیاری پێش وەخت وهەڵەی باو خۆی بپارێزێ. لەرێگەی شیکردنەوەی سەرچاوەی دەگمەن ومتمانە پێکراووەوە، سەرنجامی بەکەڵك و راست و دروست وەدەست بهێنێ. هەڵەو بڕیارە بێ بناغەکان راست بکاتەوە.

(٨) دیدار لەگەڵ مەلا حسین سعدی (ڕۆژی ١٩٨١/٣/٣) بەئامادەبوونی كاك موحسین ئاوارەی شاعیر. حاجی سەعیدی ئەفەندی كوڕی حاجی مستەفا كوڕی مەلا مەحمود كوڕی مەلاوەیسییە، پێشتر (قازی)بووە،كەخانەنشین كراوە، لەماڵی خۆیدا بەمەلاوفەقێ یان- لەراهی خوا- دەرسی وتۆتەوە.

(٩) دیدار لەگەڵ مەلا حسێن سەعدی (ڕۆژی ١٩٨١/٣/٣). سەبارەت بەو مەلایە كە پێمان وایە ناوەكەی لەبیر چوو بۆوە، فەرمووی: ئەو مەلایە حەسارەكی لەبن دەرگەی گچكەی قەڵاتێ هەبوو، فەلاحەتی دەكردو دەرسیشی دەگۆتەوە. داسەكەی دادەنا، دەرسی (جامی) بەمن دەگۆت)).

(١٠) لەباسی((شێخ ئەسعەدی ئەربیلی)) لە (بەندی دووەم)دا ئاماژەی بۆ دراوە.

(١١) دیدار لەگەڵ مەلا حسێن سعدی (١٩٨١/٣/٣)، هەروا بڕوانە: (قەصیدەی بوردیە)ی بوصەیری، (مەلا حسین شێخ سعدی) وەری گێراوە، (بشیر حسین سعدی) بۆچاپ ئامادەی كردووە- چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر- ١٩٨٥، ل (٥)؛ جلال الدین نجم الدین: چەمكێك لەژیانی خوالێخۆشبوو مامۆستا مەلا شێخ حسین سەعدی هەولێری، رۆژنامەی ((یەكگرتوو)) ژمارە (١٩١)١٩٩٨/٦/١٢، ل (٦)؛ نامەیەكی تایبەتی مامۆستا بەشیر حسین سعدی لەناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٨)دا نوسوراوە.

(١٢) لەزستانی ساڵی (١٩٧٧) لەدیدارێكی تایبەتی درێژدا، مەلاحسین لەوەڵامی پرسیارێكی ئامادەكەری ئەم باسەدا فەرمووی لەساڵی (١٣٢٥)ﻫ كەدەكاتە (١٩٠٧ز) ئیجازەی مەلایەتی لەمەلا ئەفەندی وەرگرتووە.

(١٣) نامەی مامۆستا بەشیر سعدی؛ جلال الدین نجم الدین، سەرچاوەی ئاماژە بۆ دراو لە پەراوێزی ژمارە (١١).

(١٤)جلال نجم الدین: چەمكێك لەژیانی خوالێخۆشبوو، سەرچاوەی ئاماژە بۆكراو، ل (٦).

(١٥) نامەی بەشیر حسێن سەعدی؛ جلال نجم الدین، هەردوو سەرچاوەی ئاماژە بۆ كراو.

(١٦) نامەی بەشیر حسین سعدی.

(١٧) جلا ل نجم الدین: سەرچاوەی پێشوو.

(١٨) عبدالله فرهادی: الاكلیل فی محاسن اربیل- اربیل -٢٠٠١- ص (٣٣٣).

(١٩) دیدار لەگەڵ مامۆستا بەشیر، مزگەوتی (حاجی داود) لەمەقامی (متەوەلی) ڕۆژی پێنج شەممە، رێكەوتی ٢٠٠٢/١/١٨.

(٢٠) بڕوانە: حكومەتی عێراق، بەڵگەنامەی تایبەتی بە ((الجهات)) كەلە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف دەرچووە (ژمارەی لاپەڕە: ٣٩)، جلد (١٨)، لە ١٩٤٨/٩/١٦.

*سەرەنج:*

(٢٢)،(٢٣)، (٢٤) نامەی مامۆستا بەشیر سەعدی لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٨.

(٢٥) (دیوانی فانی)، ل (٩).

ئەوەی پێویستە لەم شوێنەدا روون بكرێتەوە، عوسمان ئەفەندی برا گەورەی شێخ محەمەد عەلی هەروەكو لەكتێبی (سبائك الملا)دا نووسراوە: لەساڵی (١٢٤٢ھ/١٨٢٦ز) هاتۆتە دنیاوە[٨] پێویستە ئەوەش بووترێ مەلا ئەبوو بەكری مەلا گچكەی باوكیان لەساڵی (١٢٧٢ھ/ ١٨٥٥ز) وەفاتی كردووە[٩].

كەواتە: ئەگەر شێخ محەمەد عەلی لەنێوان ساڵانی (١٨٦١ز) تا (١٨٦٨ز) دا (موستەعید) بووبێ. هەروا بچووكترین كورەكانی مەلای گچكە بووبێ. دەبێ لەساڵی (١٢٧٨ھ/ ١٨٦١ز)دا، تەمەنی لەدەوروبەری (٢٣) بیست وسێ ساڵاندا بووبێ، بەم پێیە دەكرێ بگوترێ لەدەوروبەری ساڵی ١٢٥٥ هیجری (واتە: ١٨٣٩زاییینیدا) لەدایك بووە. كەلەساڵی (١٢٩١ھ/ ١٨٧٤ز) دابۆتە (مفتی) شاری هەولێر لەتەمەنی (٣٥)سی و پێنج ساڵاندابووە. ئەم بۆچوونە پتر لەگەڵ واقیع و لۆژیكدا دەگونجێ.

هەروەكو بینیمان، لەساڵی (١٢٩٧ھ/١٨٧٩ز) كەلە پۆستی ((مفتی))ی شار دووركەوتۆتەوە، لەقەبی (حوسامی) بەناوی خۆیەوە لكاندووە. ئەم نوختەیەش بەلگەی ئەوەیە كەئەوساكە ئاشنایەتی لەگەڵ تەریقەتی نەقشبەندی لەرێگەی شێخ عەلی حوسامودینەوە پەیدا كردووە كەلەساڵی (١٨٨٣)ز ئیجازەی موتەلەقی تەریقەتی نەقشبەندی پێی داوە لەوساڵەدا تەمەنی شێخ محەمەد عەلی نزیكەی (٤٤) ساڵان بووە، كەچی شێخەكەی لەتەمەنی (٢٢) بیست و دووساڵاندا بووە[١٠]:

سەبارەت بەمێژووی كۆچی دوایی شێخ محەمەد عەلی ئەفەندییەوە، لەهەندێ سەرچاوەدا نووسراوەكە گۆیا لەساڵی (١٣٠٧ھ)دا كۆچی دوایی كردووە[١١]. ئەم مێژووە پێویست بە پێداچوونەوە دەكات، چونكە لەساڵی (١٣٠٨) هیجرەتدا (واتە — ١٨٩٠ز) لەژیاندا بووە. بەلگەش بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە، بەخەتی خۆی لەكۆتایی كتێبی مەولوودنامەكەیدا نووسیویە: (جمعت هذا القدر اليسير من كتب مُعتبره وأنا الفقيرُ الذليل محمد على الحسامى ابن ابى بكر المدرس باربل رحمها الله الملك الجليل سنه ثمانية وثلثمائة وألف)[١٢].

واتە لەساڵی (١٣٠٨ھ) مەلوودنامەكەی نووسیوە. بەم پێیە دەبێ دوای ئەوساڵە وەفاتی كردبێ. جالەبەرئەوەی تەرمەكەی لە (تەوێڵە)ی سەر بەهەڵەبجەدا بەخاك سپێردراوە، هەروەها شاهیدەو كێلی قەبریشی لەهەولێردا نیە بۆ ئەوەی بزانرێ لەچ ساڵێكدا كۆچی دوایی كردووە، بۆیە بەمەزندە وای بۆ دەچێن لە دەوروبەری ساڵی (١٣١٢ھ/ ١٨٩٥ز) لەتەمەنی (٥٦) ساڵییدا كۆچی دوایی كردووە (والله اعلم).

## ج- بەرهەمەكانی

شێخ محەمەد عەلی ئەفەندی زانایەكی ئایینی سەردەمی خۆی بووە، لەبواری شەریعەتدا شارەزاو پسپۆربووە، ئەم سیفەتەش بۆتە هۆی ئەوەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ (١٨٧٤-١٨٧٩ز) پۆستی ((مفتی))ی شاری هەولێری پێ بسپێردرێ. زمانەكانی كوردی وعەرەبی و فارسی وتوركی زۆرباش زانیوە، بەو چوار زمانە نووسەرێكی چاك بووە. ئەوەی تائێستا زانراوە خاوەنی ئەم بەرهەمانەی خوارەوەیە:

١- كەشكۆڵ: وەكو ئاژاندەیەك وایە تیایدا زۆرشتی تایبەتی بەخۆی وخوێندن و ئیجازەكانی تۆمار كردوە، هەروا باسی چەندین رووداوی سروشتی وسیاسی و كۆمەلایەتی كردوە. لەنووسینی ژیاننامەیدا لەدێرەكانی

پێویستە ئەوەش بلێین، شاعیرێك لەهەولێر هەبووە بەناوی ( حافز ئەفەندی ) كە لەناوەڕاستی سەدەی نۆزهەمدا ژیاوە، بەلام بەداخەوە هیچی لێ نازانین، ئەگەر ئەوەی مابێتەوە، رەنگە بەرهەمی باپیریان پاراستبێ. هەندێ خوێندواری باش لەسەدەی نۆزدەهەمو سەرەتای سەدەی بیستەم لەم شارەدا بەناو بانگ بوون، وەكو ( سەفوەت ئەفەندی ) و ( لوتفوڵلائەفەندی ) و قازی داود فەهمی ئەفەندی (١٨٤٣-١٩٠٢ ) و سلێمان ئەفەندی (١٨٩٥كۆچی دوایی كردووە).. محەمەد علی ئەفەندی ( ئاوقات ) كوڕی موختار ئەفەندی كوڕی مەلا سالح (١٨٨٩-١٨٤٦ ) كە مەولوونامەیەكی بە پەخشان نووسیوە، دەسنووسەكەی لای كاك ئەوزادی كوڕیدا پارێزراوە، مەلا شێخۆ كوڕی مەلا ئەحمەدیش (١٨٩٤- ١٩٥١ ) كەخاوەنی خەتێكی خۆش و جوان بوو، بەشیعر حیكایەتی ( یوسف زولێخای ) نووسیبوو.. بەداخەوە دەسنووسەكە بەهۆی رووداوێكەوە لەناوچوو. شیاوی ئاماژە پێدانە، شێخ محەمەد ئەمین فە تحوڵلا زادەی كوردی ئەربیلی ( هەولێری ) شافعی نەقشبەندی، كە لەقاهیرە ( میسر ) تەریقەتی نەقشبەندی بلاو كردۆتەوە، خەلكی شاری هەولێرە[٨].

لەمەوە بۆمان روون دەبێتەوە، شاری ( هەولێر ) هەمیشە پیاوی بەهرەمەندو شاعیرو زاناو پیاو چاك و لێهاتووی پێگەیاندووە بەلام بەداخەوە، بەگوێرەی پێوستو بە پێ بەرنامەیێكی رێك و پێك زانستیانەو بایەتیانە، لەو بوارەنەكۆلراوەتەوە. ئەگەرچی ناو بەناو، نووسین و تاری زۆر بەنرخیش لەبارەی سوچێكی ئەوبابەتە نووسرابێتەوە.

## *پەراوێزەكان*

(١) لەم دەرفەتەدا پێویستە ئاماژە بەو كارە زانستیانە بدەین كەلەسەر مێژووی هەولێری سەدەكانی ناوەڕاست نووسراون:

أ- د. محسن محمد حسین: اربیل فی العهد الاتابكی. بەغداد- ١٩٧٦. لەبنجدا ئەم كتێبە بەنرخە نامەی (( ماجستێر ))ی ( د. محسن محمد حسین ) بوو. تیایدا، بەو پەڕی كارامەیی لەهەموو لایەنەكانی بابەتەكەی ورد بۆتەوە، بۆ ( ژیانی زانستی )ش، بەشێكی تایبەتی تەرخان كردوە. بەم هەنگاوەی دەرگای لەبەردەم چەند لێكۆلینەویەەكی سوودبەخشی تردا كردەوە.

ب- د. ناظم رشید خورشید: الشعر فی اربل فی ظل الاسره البگتكینیـه/ مجله اداب الرافدین- العدد (٩) – ایلول ١٩٧٨. ئەم زاتە دیوانی ( ابن الظهیر الاربیلی )یشی ساغ كردۆتەوەو بلاوی كردوتەوە. بڕوانە ( دیوان ابن الظهیر الاربلی (٦٠٢-٦٧٧ )هـ ( جمع و تحقیق و دراسه الدكتور ناظم رشید ). – جامعه الموصل (١٤٠٩هـ/ ١٩٨٨م ).

ج- اومید ابراهیم جوزەلی: دامەزراوەكانی فێركردن لەهەولێر، سەدەی شەشەم تانیوەی سەدەی حەوتەمی كۆچی، كۆڤاری (( هەولێر ) ژمارە (١ ) زستانی ١٩٩٨، ل (٢٩-٥٢ ).

د- ( د. ) عثمان امین صالح: الشعر العربی فی اربیل فی العهد الاتابكی. ( رساله ماجستیر ) جامعه صلاح الدین (١٩٩٣-١٩٩٤ ).

(٢) (نامی) عەبدوڵلا ئەفەندی ئەربیلی (هەولێری)ە: زانایەكی بەرچاوی سەردەمی خۆی بووە، لەهەولێر پێگەیشتووە، ماوەیەك ((قازی)) ئەم شارە بووە و لەساڵی (١٢٤١هـ/ ١٨٢٥ز) لەتەمەنی حەفتاو سێ ساڵیدا كۆچی دوایی دەكات.

(بڕوانە : عبدالقادر الخگیب الشهربانی: تذكرة الشعراء (تحقیق أنستاس ماری الكرملی) - بغداد -١٩٣٦، ص٤١).

(٣) غەریبی: یوسف ئەفەندی كوڕی خەلیل چبوقچی ئەربیلیە (هەولێریە) بە ((غریبی الاعمی)) (واتە: غەریبی ی نابینا) ناوزد كراوە، چونكە كوێربووە، لەهەولێر لەدایك بووە، باوكی ((چبوقچی)) بووە (ئەوكەسەی قەنەی توتنی دروست دەكرد، پێ یان دەوت چبوقچی). خاوەنی كتێبی ((تذكرة الشعراء)) دەڵێ: ((لەساڵی ١٢٣١هـ (واتە: ١٨١٥ز) لەموسڵەوە بۆ بەغدا دەگەڕامەوە، لەهەولێر لامداو چاوم بە (غەریبی)كەوت و دیوانەكەیم خوێندەوە، منیش ((خەراباتی)) خۆمم پیشان دا (پێدەچێ خەرابات ناو نیشانی دیوانی شیعری شەهرەبانی بووبێ) غەریبی (صرف) و (نەحو)و (منطق)ی دەخوێند، خێرا شیعری دەهۆنیەوە، حەزی لەكۆڕو مەجلیسی هەژاران بوو، دەست كورت بوو، ئەوكاتە (١٨١٥) لەتەمەنی (٦٣) ساڵاندا بوو. لەساڵی ١٢٣٢هـ (واتە ١٨١٦)دا كۆچی دوایی كرد، خوای گەورە بیبەخشێ)).

(بڕوانە: عبدالقادر الخطیب الشهرباني: تذكرة الشعراء - بغداد ١٩٣٦، ص١٤٦).

عباس العزاوی دەڵێ ((بەیەكێك لەشاعیرە هەرە گەورەكان لەقەڵەم دەدرێ)). {بڕوانە: عباس العزاوی: ال بكتكين و إمارە أربل/ مجله المجمع العلمي بدمشق، المجلد (٢٢)، ج(٣-٤)، دمشق-١٩٤٧- ص(١٤٩)}

(٤) نوسخەیەكی كۆپی كراوی دیوانی دەسنووسی (یەعقووب ئاغا)مان لایە لەهەندێ مناسبەدا، شیعری نووسیوە، بەحیسابی ئەبجەدی ساڵی موناسەبەكانی بە پێی ساڵنامەی هیجری قەمەریدا تۆمار كردووە.

شایانی ئاماژە پێدانە، یاقووب ئاغا، لەو دەسنووسە نایابەدا، شیعری چەند شاعیرێكی گەورەی فارس و توركی تۆمار كردوە، هەروا شیعرێكی شاعیری گەورەی كورد (نالی)شی تۆمار كردوە كەلە موناسەبەیەكی تردا باس لێ كراوە.

(٥) حەزین (ئیسماعیل دەروێش ئاغا)یە كەبە (مەلا قۆجە) ناسراوە، باپیری مامۆستای شاعیر سەید محێدین سەید حسین بەرزنجی (نەژاد)ە (واتە باوكی دایكیەتی). بە پێی نامەیەكی مامۆستا (نەژاد)كە لە١٩٩٣/١٠/٢٢دا نووسراوە، مەلا قۆجەی باپیری،لەساڵی (١٢٥٧هـ/ ١٨٤١ز) لەهەولێر چاوی بەژیان هەڵهێناوە. لەساڵی (١٩١٧)دا كۆچی دوایی دەكات.

پێدەچی (حەزین) پەیوەندی بەشێخ رەزای تاڵەبانیدا هەبوو بێ، هەروا بەفارسی قەسیدەیەكی ماتەمنامەی بەبۆنەی كوژرانی شێخ سەعیدی حەفیدلەموسڵدا نووسیوە. غەزەلەكانی لەئاهەنگی مەولوودی پێغەمبەرو بۆنەكانی تردا، لەلایەن دەنگ خۆشەكانی هەولێر بەشێوەی مەقام پێشكەش دەكران.

(٦) عەبدورەزاق ئاغای عوزێری (كەنزیكەی سەد ساڵ ژیاوە) یەكێ لەكەسایەتیە هەرە بەرچاوەكانی هەولێر بووە. لە ساڵی ١٩٣٢ كۆچی دوایی كردووە.

( ٧ ) سەبارەت بەژیاننامەی محەمەد مفتی بڕوانە : كریم شارەزا : العالم الدینی محمد المفتی- جریدە ( خەبات ) العدد( ٨٩٨ ) فی ١٩٨٨/١٠/٣٠، ص(١١).

( ٨ ) شێخ محەمەد ئەمین ساڵی( ١٢٤٦ھ/١٨٣٠ز ) لەهەولێر هاتۆتە دنیاوە. ناوی راستەقینەی محەمەد ئەمین كوڕی مەلا سلێمان كوڕی مەلا فتاح ( فتح الله )یە. مەلا سلێمانی باوكی ئیمام وماموٚستای مزگەوتی حاجی داود بووە. بەخۆیشی لەوێ خوێندوویەتی. پێشتر لەسەر تەریقەتی قادری بووە. پاشان تەریقەتی نەقشبەندی هەڵبژاردووە. ماوەیەك لەحیجازو پاشان لەمیسر گیرسایەوە. لەئەزهەر خوێندوویەتی. رۆڵێكی گەورەی بینیوە بۆ روونكردنەوەی تەریقەتی نەقشبەندیبەزمانی عەرەبی. گەلێ كتێبی لەفارسییەوە بۆ عەرەبی تەرجەمە كردووە. لە (١٢/ربیع الاول)ی ساڵی ١٣٣٢ھـ (كەدەكاتە ١٩١٣ز) لەقاهیرە كۆچی دوایی كردوە.

## ب- شاعیرانی هەولێرو شیعرو ئەدەبیاتی كوردی بەدیالێكتی كرمانجی باشوور

لەنیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، بزووتنەوەیەكی شیعری نوی لەئامێزی دیالێكتی كرمانجی باشوور[١] لەناوچەی سلێمانی ( بابان )دا چەكەرەی كرد. كۆمەڵێك هۆو هۆكارو فاكتەرو مەرجی سیاسیو ئابووریو رۆشنبیریو كۆمەڵایەتی بوونە مایەی پەرەسەندنو تەشەنەكردنی ئەو بزووتنەوەیە[٢]، مەلا خدری شارەزووری ( نالی ) ( ١٨٠٠؟- ١٨٧٣ ) وعەبدورەحمان بەگی ساحێبقران (( سالم )) ( ١٨٠٥-١٨٦٩ ) ومستەفا بەگی (( كوردی )) ( ١٨٠٩- ١٨٥٩ ) سێ كۆڵەگەی هەرە دیاری ئەو قوتابخانە شیعریەن كەبە (( قوتابخانەی نالی )) وهەندێ جاریش بە (( قوتابخانەی بابان )) ناوزەد كراوە..

ئەو قوتابخانە شیعرییە لەسەر دوو بنەمای سەرەكی هەڵچنرابوو كە ئەمانەن :

١- شێوەی ئاخافتن وئیدیۆمی شاری سلێمانیو ناوچەی شارەزوور (كەلقێكە لە لقەكانی دیالێكتی كرمانجی باشوور ) لەرووی گرامەرو لیكسیكەوە، بەوپەڕی لێهاتووییەوە وەكو زمانێكی ئەدەبی بەرز مامەڵەی لەگەڵدا كراوە.

٢- بۆ ئەوەی زمانە شیعرییەكە بگاتە ئاستی شیعری كلاسیكی میللەتانی رۆژهەڵاتی موسڵمان، واتە ( عەرەبی، فارسیو توركی – عوسمانی )، سوود لە فۆرمو تەكنیكو ناوەڕۆك و هونەرەكانی ئەدەبیاتی كلاسیكی ئەو میللەتانە بینراوە. بەتایبەتی هونەرەكانی (( قەسیدە ))و (( غەزەل )) كەتیایاندا سێ رەگەزی زۆر گرنگ لەبەرچاو دەگیرێ كە بریتین لە بەركارهێنانی : وەزنی عەرووزی و قافیەو سەروای یەكگرتووو هونەرەكانی رەوانبێژی ( البلاغە ).

شاعیرانی كورد بەحوكمی مەوقیعی جوگرافی وڵاتەكەیان ( كوردستان )و بەحوكمی سەرچاوەی رۆشنبیرییان، شارەزاییەكی باشیان لەزانستە ئیسلامیەكانو كەلەپووری ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیو توركی- عوسمانیدا پەیدا دەكرد، وێڕای ئاگاداریان لەبەشێكی كەلەپووری ئەدەبیاتی كلاسیكی كوردی كە بەدیالێكتی كرمانجی باكوورو شێوەی گۆران بەر لەچەند سەدەیەك سەریان هەڵدابوو. واتە خاوەنی زەمینەیەكی رۆشنبیری بتەو بوون. توانای ئەوەیان هەبوو جگە لە كوردی، بەزمانەكانی تریش شیعرو بەرهەمی ئەدەبی بنووسن.

((نالی)) کە پێشەنگ و داهێنەری قوتابخانەکەیە، جگە لەدیوانە شیعرییە کوردییەکەی، بەعەرەبی وفارسی و تورکیش شیعری جوانی نووسیوە[٣]. بەڵام تەواوی بەهرەو تواناو بلیمەتی خۆی بۆ بەرەو پێشەوە بردنی کاروانی ئەدەبیاتی کوردی ئاراستەکردبوو.

لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و دوای لەناوچوونی میرنشینی بابان (لە دەروبەری ساڵی ١٨٥٠) ئەم قوتابخانە شیعرییە هێزو تینی خۆی لەدەست نەداوە، ژێلە مۆکەی دانەمرکاوەتەوە، بە پێچەوانەوە، نەمانی ئەو میرنشینە کوردیەو سە پاندنی رژێمێکی مەرکەزی راستەوخۆ بەسەرکوردستاندا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانیەوە، بوو بەهاندەرێکی تر بۆ ئەوەی قوتابخانە شیعرییەکە هەنگاوی گەورەتر بەرە پێشەوە هەڵهێنێ، لەرووی ناوە رۆکیشەوە دەوڵەمەنتر بێ، وەکو چەکێکیش لەخەباتی گەلی کوردا بەکاربهێنرێ. هەروا قوتابخانەکە لەقۆناغی دووەمدا، ناوچەی سلێمانی و میرنشینی بابانی بەزاندوە، باڵی بەسەر چەند ناوچەیەکی تری کوردستاندا کێشاوە. بۆ وێنە لەناوچەی ((سۆران)) چەند شاعیرێکی لێهاتوو هەڵکەوتن کە ((حاجی قادری کۆیی)) (١٨٢٤ –١٨٩٧) سەرقافلەیانە، لەناوچەی کەرکووک و گەرمیانیشدا ((شێخ رەزای تاڵەبانی)) (١٨٣٥-١٩١٠) ئەستێرەیەکی پرشنگداری تری بەردەوام بوونی ئەو قوتابخانە شیعرییەیە، لەناوچەی سابلاخ (مەهابادی ئێستا) وموکریانیشدا ((ئەدەب)) و ((ئەدیب)) و ((وەفایی)) سێ شاعیری دیارن کە پەرەیان بەو قوتابخانەیە داوە، هەروا لەناوچەی ئەردەلانیشدا دەنگی داوەتەوە. لەهەمان کاتدا سلێمانی بەردەوام بووە لە پێشکەش کردنی چەندین شاعیر وەکو مەحوی (١٨٣٢-١٩٠٦) لە پاڵ چەندین شاعیریتر کەبەشاکارە ئەدەبیە بەرزەکانیانەوە مێژووی ئەدەبی کوردیان دەوڵەمەند کردووە.

ئەو بەهرەمەندانە، بەناوەرۆکی تازەوە، ئەو قوتابخانە شیعرییەیان بەرەو پێشەوە بردووە، هەر یەکێک لەوان خاوەنی کەسایەتی و دەنگی تایبەتین...

بۆ نموونە ((حاجی قادر)) کەتارادەیەکی باش پابەندی دەستوورو قاڵبەکانی شیعری کلاسیکی بووە، لەرووی ناوەرۆکەوە، کۆمەڵێک بابەتی کۆمەلایەتی و نیشتمانی و نەتەوەیی نوێ هێناوەتە نێو ئەدەبیاتی کوردییەوە.

((شێخ رەزا))ش جگە لەوەی کە بەمامۆستای هەجوو و داشۆرین (Satire) دەژمێرێ، کۆمەڵێک بابەتی تازەو تەعبیراتی سەردەمەکەی لەدو توێی شیعرەکانیدا بەرجەستە کردوە، (مەحوی)یش لەبواری تەسەوفدا سوارچاکێکی دیاری ئەو مەیدانەیە.

دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین شیعرەکانی شاعیرانی کورد لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزهەمدا، رەنگدانەوەو ئاوێنەی سەردەمەکەیانە، لای زۆربەیان شیعر بووە بەئامرازێکی گرنگ لەئامرازەکانی تێکۆشان و خەبات و هوشیاری لە پێناوی دوا رۆژێکی پرشنگدار بۆ گەلەکەیان.

ئەو زمانە شیعرییە، کە لەلایەن توێژی رووناکبیرو خوێنەرانی کوردستانەوە، لە پاڵ کرمانجی باکووردا بوو بەزمانێکی ئەدەبی دان پیانراو، رێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی پەخشانی کوردیش سەرهەڵبدات و پێش بکەوێ،

بەتایبەتی دوای ئەوەی پەیتا پەیتا رۆژنامەی كوردی هاتە نـاو كـۆڕی خەباتـەوە، چـەندین ژانـرو هونـەری ئەدەبی تر هاتنە كایەوە، لەوساكەوە بەبێ پچڕان لە گەشەسەندن دایە.

ناوچەی هەولێر، كەشێوەی سۆرانی (لقێكە لەلقەكانی كرمـا نجی باشـوور) بەسـەریدا زالـە، هـەر لـەزووەوە ئاشنایەتی لەگـەڵ ئـەو بزووتنـەوە شیعرییەدا پـەیدا كـردووە. بەداخـەوە لـەچاو هـەندێ ناوچـەی تـری كوردستانی باشوور، لەبەر گەلێ هۆی تایبەتی و بابەتیدا، كەمێك درەنگ بایـەخ بەشـاعیر و نووسـەرەكانی دراوە.

كـە نووسـەرو شـاعیرانی هـەولێر دەسـتیان داوە بـەكوردی نووسـین، لـەبواری شیعردا پابـەندی قوتا بخانـە شیعریەكەی ((نـالی)) بوویـنە، بەرهەمـەكانیان بـەردەوام بوونـی ڕێبـازی ((نـالی))و ((حـاجی))و ئـەوانی تربـووە. پاشـان وەچـەی دووەم لەگـەڵ بزووتنـەوەی تازەكردنـەوەی شیعری كـوردیدا تـەواو ئاشـنابوون، ئەوقسەیەئەوە ناگەیەنێ، كە خاوەنی دەنگی تایبەتی خۆیان نـین، یـاخود لـەجفزی لاساییەكی كوێرانـەدا خولاونەتەوە. نەخێر، ئەوان دڵسۆزی سەردەمی خۆیان بوون، هەوڵیان داوە، رەگەزی داهێنـان و رەسـەنایەتی لەبەرهەمەكانیاندا بپارێزن، تائەندازەیەكیش كەوتوونەتە ژێر كارتێكردنی شـێوەی ئاخـافتنی هـەولێرو دەورو بەری.

## پەراوێـز

(١) هەندێ تۆژەر، بە (دیالێكتی كرما نجی ناوڕاست) ناوی دەبەن.

(٢) بۆ زانیاری پتر سەبارەت هۆكارەكـانی سـەرهەڵدان و گەشەسـەندنی ئـەو بزووتنـەوە ئـەدەبی وشیعرییە كەلەنیوەی یەكەمی سەدەی نۆزدەهەمدا لەشاری سلێمانی – پایتەختی میرنشینی بابـان- دا هاتـە كایـەوە، بڕوانە:-

Abdullah Mohammed AHMED (Haddad): Essai sar L'histoire de la Litterature Kurde au Kurdistan Maridional (de ١٨٢٠a ١٩٢٠)Paris- ١٩٨٨, (Universite de la Sorbonne).

(٣) ئەگەرچی لەدیوانی نالیدا، جگە لەمولەممەع شیعری عەرەبی تر بەرچاوناكەوێ، بـەلام قەسـیدەیەكی عەرەبی درێژی كەلە (١١٦) بەیت پێك هاتووە لە كتێبی ((نزهە الفكر)) دا بلاوكراوەتەوە.

(بڕوانە: احمد محمد الحضراوی المكی (المتوفی سـنە ١٩٠٩): نزهـە الفكرفیمـا مضـی مـن الحـوادث والعـبر فی تراجم رجال القرن الثانی عشر والثالث عشر (القسم الاول) دمشق –١٩٩٦- ص (٣٥٧-٣٦٩)).

### بەندی یەكەم

شێخ محەممەد عەلی مەلا گچكە زادەو مەولوود نامەكەی (١٣٠٨ﻫ/١٨٩٠ز)

***أ- سەرنجی گشتی***

شێخ محەمەد عەلی كوڕی مەلا ئەبووبەكری (كچك موڵلا/ مەلای گچكە) كوڕی مەلا عوسمان كوڕی مەلا ئەبووبەكر كوڕی مەلا عومەر كوڕی مەلا ئەبووبەكری (یەكەم) كوڕی شێخ شەمسەدین كوڕی شەهابەدین كوڕی مەلا خدر كوڕی مەلا ئەلیاسە[١]

(جیهەتی) ئیمامەت و خوتبەبێژی و دەرس وتنەوەی مەدرەسەو مزگەوتی گەورەی قەلای هەولێر، لەماوەی نزیكەی سێ سەد ساڵدا، پشت بە پشت ئاراستەی زاناكانی ئەوخانەوادەیە كراوە[٢]. دەستەیەك زانای ئایینی گەورەیان لێ هەڵكەوتووە كەلەكوردستان و دەرەوەی كوردستانیشدا ناوبانگیان بڵاو بۆتەوە. دەیان مەلای چاك لەمەدرەسەكەیاندا خوێندوویانە، بەشێكیان ئیجازەشیان لەخزمەتی زاناكانی خانەوادەكەدا وەرگرتووە.

شێخ محەمەد عەلی كوڕی مەلا ئەبوو بەكری (كچك موڵلا) لەساڵی (١٣٠٨)هـ (كە دەكاتە: ١٨٩٠ز) لەقاڵبی پەخشاندا مەولوودنامەیەكی كوردی داناوە[٣] كە تائەمڕۆ ئاوڕی لێ نەدراوتەوەو بەپێی پێویست لێ نەكۆڵراوەتەوە.

لەم دەرفەتەدا، هەوڵ دەدەین. لەچوار چێوەی باروودۆخی ئەو ڕۆژگارەدا مەولوونامەكە هەڵبسەنگێنین.. چونكە لەمێژووی شیعرو ئەدەبیاتی كوردیی شاری هەولێردا، نرخێكی مێژوویی واتاداری هەیە. بۆیە هەیە بڕیاری ئەوە بدرێ كە شێخ محەمەد عەلی یەكێكە لە پێشەنگەكانی نووسین بەزمانی شیرینی كوردی. هەر لەو سۆنگەوە بە پێویست زانرا لەم لێكۆڵینەوەیەدا جێگەی شیاوی خۆی بكاتەوە.

ئەم دەرفەتە بەهەل دەزانین، بەگەرمی سوپاسی هاوڕێی خۆشەویست مامۆستا (عوسمان ڕەشاد مفتی) بكەین كەهەم نوسخەیەكی كۆپی كراوی مەلوودنامەی شێخ محەمەد عەلی مامی باپیری- و هەم كتێبی ((سبائك الاملا فی أسره كچك ملا)ی باوكی خستە بەر دەستمانەوە، بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ سوودیان لێ ببینین. كەواتە ئەو دوو بەرهەمە دەسنووسە سەرچاوەی بنچینەیی ئەم لێكۆڵینەوەن.

ئەسڵی ((مەولوودنامەی)) شێخ محەمەد عەلی ئەفەندی حوسامی لەشاری بەغدا، لە ئەرشیفخانەی (المخطوطات)دا پارێزراوە، مامۆستا مەلا عەلی قەرەداغی — كەلەبواری دەسنووسی كوردییدا پسپۆرە - نوسخەیەكی كۆپی كراوی دەسنووسەكەی لەڕۆژی ١٩٩٩/٤/٥ بەمامۆستا عوسمانی مفتی پێشكەش كردووە..

بە پێی ئاگاداری ئێمە، دەسنووسێكی تاكانەو دەگمەنە، وەنداشی نیە، لەساڵی (١٣٠٨هـ/ ١٨٩٠ز) بەخەتی دانەرەكەی نووسراوە، (٩٣) لاپەڕەیە، لەزۆرشوێندا نووسەر هەندێ وشەورستەی ڕەش كردۆتەوە، هەندێ جار وشە، یا ڕستەیەكی تری لەباتیدا نووسیوەتەوە، ئەو نوختەیە ئەوە دەگەیەنێ دەرفەتی بۆ نەرەخساوە دووبارە پاكنووس بكاتەوە.

## ب- ژیاننامەی شێخ محەمەد عەلی حوسامی

شێخ محەمەد عەلی كوڕی هەرەبچووكی مەلا ئەبووبەكری كچك مولڵا (مەلای گچكە)ی هەولێری زادەیە. برای بچووكی مەلا عوسمان ئەفەندی و حاجی مەلا عومەر ئەفەندییە[٤]. بەشێخ محەمەد ئەفەندی حوسامی نەقشبەندی ناسراوە.

ساڵی هاتنە دنیای بەوردی دەسنیشان نەكراوە، بەڵام لەبەر تیشكی ئەو سەرنج و تێبینیانەی بەخەتی خۆی لە كەشكۆڵەكەیدا[٥] تۆماری كردوون، دەتوانرێ كۆمەڵێك سەرەنجامی سوود بەخش وەدەست بهێنرێ، بەیاریدەی هەندێ سەرچاوەی تریشدا، بەشێوەیەكی لەبار ساڵی هاتنە دنیای دیاری بكرێ.

شێخ محەمەد عەلی لەكۆشكۆلەكەیدا ئەم مێژووانەی خوارەوەی نووسیوە كە پەیوەندیان بەلایەنێكی گرنگی ژیانیەوە بووە:

١- لەمانگی موحەرەمی ساڵی (١٢٧٨هـ) كە دەكاتە (١٨٦١ز)، دەستی بەخوێندنی (سعد الله الكبير) كردووە .

٢-لەمانگی موحرەمی س/ ١٢٨٠هـ (١٨٦٣ز): دەستی بەخوێندنی (جامی) كردووە.

٣-لەمانگی رەبیعولئەوەل/ ١٢٨١هـ (١٨٦٤ز): دەستی بەخوێندنی (كافیە) كردووە.

٤- لەمانگی رەبیعول ئاخەری / (١٢٨١هـ) (١٨٦٤ز): لەرەواندز لەخزمەتی مەلا عومەری خەیلانیدا دەستی بەخوێندنی (چارپردە) كردووە.

٥- لەمانگی رەبیعوئەووەلی (١٢٨٥هـ/ ١٨٦٨ز) لەخزمەتی جەنابی عومەر ئەفەندی خەیلانیدا (لەرەواندز) دەستی بەخوێندنی (مغني اللبيب) كردووە.

٦- لە ٩/ موحەرەمی ساڵی (١٢٩٠هـ / ١٨٧٣ز) دایكی كۆچی دوایی كردووە.

٧- لە٩/جەمادیل ئاخیرەی (١٢٩١هـ / ١٨٧٤ز): لە (شارەكەمان) شاری هەولێر لە پۆستی ((مفتی))دا دامەزراوە.

٨- لەمانگی رەبیعول ئەوەلی ساڵی (١٢٩٧هـ / ١٨٧٩ز)دا دەڵێ ((منی فەقیر محەمەد عەلی حوسامی كوڕی (كچك مولڵا) لە پۆستی (مفتی) هەولێر ئیستیعفا كرام))..

٩- رۆژی پێنج شەممە (٢ شەعبانی/ ١٢٩٨هـ) (١٨٨٠هـ) جەنابی عومەر ئەفەندی دوای نوێژی نیوەرۆ چووە بۆ حەجی شەریف.

١٠- لە ٢٩ (ذو الحجه الشريفه) (١٩٢٤هـ/ ١٨٧٧ز)دا دەڵێ: ((تەمەنی خەدیجەی كچمان ببووە ساڵێك وكۆچی دوایی كرد، نۆ بەرەمان بوو)).

١١- لە٢١/ شەعبانی/ (١٢٩٦هـ/ ١٨٧٨ز) بەرەی بەیان دەڵێ: محەمەد جەمیلی كورم لەدایك بوو. لە پێناوی تەقواو زانستدا ، خوا تەمەنی درێژ بكات))[٦].

١٢- لەساڵی (١٣٠١هـ / ١٨٨٣ز) شێخ محەمەد عەلی ئیجازەی (موتلەق)ی ئیرشادی (رێبەرایەتی) لەشێخ عەلی حوسامەدینی (لەتەوێلە) وەرگرتووە.

١٣- لەساڵی (١٣٠٣ھ/ ١٨٨٥ز) ئیجازەی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز لەشاری کەرکووک لە شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدورەحمان تاڵەبانی وەرگرتووە[٧].

ئەوەی پێویستە لەم شوێنەدا روون بکرێتەوە، عوسمان ئەفەندی برا گەورەی شێخ محەمەد عەلی هەروەکو لەکتێبی (سبائك الّملا)دا نووسراوە: لەساڵی (١٢٤٢ھ/١٨٢٦ز) هاتۆتە دنیاوە[٨] پێویستە ئەوەش بووترێ مەلا ئەبوو بەکری مەلا گچکەی باوکیان لەساڵی (١٢٧٢ھ/ ١٨٥٥ز) وەفاتی کردووە[٩].

کەواتە: ئەگەر شێخ محەمەد عەلی لەنێوان ساڵانی (١٨٦١ز) تا (١٨٦٨ز) دا (موستەعید) بووبێ. هەروا بچووکترین کوڕەکانی مەلای گچکە بووبێ. دەبێ لەساڵی (١٢٧٨ھ/ ١٨٦١ز)دا، تەمەنی لەدەوروبەری (٢٣) بیست وسێ ساڵاندا بووبێ، بەم پێیە دەکرێ بگوترێ لەدەوروبەری ساڵی ١٢٥٥ هیجری (واتە: ١٨٣٩زاییینیدا) لەدایك بووە. کەلەساڵی (١٢٩١ھ/ ١٨٧٤ز) دابۆتە (مفتی) شاری هەولێر لەتەمەنی (٣٥)سی و پێنج ساڵاندابووە. ئەم بۆچوونە پتر لەگەڵ واقیع و لۆژیکدا دەگونجێ.

هەروەکو بینیمان، لەساڵی (١٢٩٧ھ/١٨٧٩ز) کەلە پۆستی ((مفتی))ی شار دوورکەوتۆتەوە، لەقەبی (حوسامی) بەناوی خۆیەوە لکاندووە. ئەم نوختەیەش بەڵگەی ئەوەیە کەئەوساکە ئاشنایەتی لەگەڵ تەریقەتی نەقشبەندی لەرێگەی شێخ عەلی حوسامودینەوە پەیدا کردووە کەلەساڵی (١٨٨٣)ز ئیجازەی موتەلەقی تەریقەتی نەقشبەندی پێی داوە لەوساڵەدا تەمەنی شێخ محەمەد عەلی نزیکەی (٤٤) ساڵان بووە، کەچی شێخەکەی لەتەمەنی (٢٢) بیست و دووساڵاندا بووە[١٠]:

سەبارەت بەمێژووی کۆچی دوایی شێخ محەمەد عەلی ئەفەندییەوە، لەهەندێ سەرچاوەدا نووسراوەکە گۆیا لەساڵی (١٣٠٧ھ)دا کۆچی دوایی کردووە[١١]. ئەم مێژووە پێویست بە پێداچوونەوە دەکات، چونکە لەساڵی (١٣٠٨) هیجرەتدا (واتە — ١٨٩٠ز) لەژیاندا بووە. بەڵگەش بۆ ئەو قسەیە ئەوەیە، بەخەتی خۆی لەکۆتایی کتێبی مەولوودنامەکەیدا نووسیویە: (جمعت هذا القدر اليسير من كتب مُعتبره وأنا الفقيرُ الذليل محمد على الحسامى ابن ابى بكر المدرس باربل رحمها الله الملك الجليل سنه ثمانية وثلثمائة وألف))[١٢].

واتە لەساڵی (١٣٠٨ھ) مەلوودنامەکەی نووسیوە. بەم پێیە دەبێ دوای ئەوساڵە وەفاتی کردبێ. جالەبەرئەوەی تەرمەکەی لە (تەوێڵە)ی سەر بەهەڵە بجەدا بەخاك سپێردراوە، هەروەها شاهیدەو کێلی قەبریشی لەهەولێردا نیە بۆ ئەوەی بزانرێ لەچ ساڵێکدا کۆچی دوایی کردووە، بۆیە بەمەزەندە وای بۆ دەچێن لە دەوروبەری ساڵی (١٣١٢ھ/ ١٨٩٥ز) لەتەمەنی (٥٦) ساڵییدا کۆچی دوایی کردووە (والله اعلم).

## ج- بەرهەمەکانی

شێخ محەمەد عەلی ئەفەندی زانایەکی ئایینی سەردەمی خۆی بووە، لەبواری شەریعەتدا شارەزاو پسپۆربووە، ئەم سیفەتەش بۆتە هۆی ئەوەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ (١٨٧٤-١٨٧٩ز) پۆستی ((مفتی))ی شاری هەولێری پێ بسپێردرێ. زمانەکانی کوردی وعەرەبی و فارسی وتورکی زۆرباش زانیوە، بەو چوار زمانە نووسەرێکی چاك بووە. ئەوەی تائێستا زانراوە خاوەنی ئەم بەرهەمانەی خوارەوەیە:

١- كەشكۆڵ: وەكو ئاژاندەیەك وایە تیایدا زۆرشتی تایبەتی بەخۆی وخوێندن و ئیجازەكانی تۆمار كردوە، هەروا باسی چەندین رووداوی سروشتی وسیاسی و كۆمەلایەتی كردوە. لەنووسینی ژیاننامەیدا لەدێرەكانی پێشوودا سوودی لێ بینراوە. پێدەچێ تاسالی ١٣٠٣ھ (١٨٨٥ز). هەرشتێكی لەلادا گرنگ بووبێ، لەو كەشكۆڵەدا ئاماژەی پێداوە..

٢- كتێبی ((سراج الطالبين)) واتە (چرای فێرخوازان)، وشەی (سیراج) بەدوو واتا بەكارهاتووە، یەكەم: (چرا)یە، دووەم: مەبەستی شێخ عوسمان سیراجوددینی نەقشبەندیی باپیری شێخەكەیەتی. لەمانگی (ذو الحجه/ ١٣٠٥ھ) (١٨٨٧ز) خەریكی نووسینی بووە.

كتێبەكەبەزمانی (فارسی) نووسراوە، دوای كۆچی دوایی شێخ محەمەد عەلی ئەفەندی، بەسەرپەرشتی (شێخ محەمەد جەمیلی) كوڕەكەی لەسالی ١٣٣١ (هجری رۆمی) (١٣٣٢هیجری قەمەری) (١٩١٣ز) لەچاپخانەی (مەكتەبی سەنایع) لە شاری كەركووك لەچاپ دراوە[١٣]. تیایدا لەسیفات و كەرامات ومورید و خەلیفەكانی شێخەكەی وەكو یەكێ لەدڵسۆزان دواوە. ناوی دەیان مورید و مەنسووربی شێخی ناوبراو لەكتێبەكەدا بەرچاو دەكەوێ، لە پاڵ كۆمەلێك هۆنراوە كە لەستایشی شێخدا هۆنراونەتەوە.

٣- مەولوودنامە: لەسالی (١٣٠٨ھ/ ١٨٩٠ز) نووسراوە، دانەر لەسەرچاوەی جۆراو جۆر سوودی بینیوە، تێكستەكانی بەعەرەبی نووسیوەتەوە. ئینجا بەكوردیەكی رەوان، پوختەی ماناكانی روون كردۆتەوە، بۆخوێندنەوە لەئاهەنگی مەولوودی پێغەمبەر لەكوردستاندا ئامادە كراوە..

ئەم مەولوودنامەیە هەروەكو پێشتریش گوترا، نرخێكی مێژوویی واتاداری هەیە (بەتایبەتی لەشاری هەولێردا) چونكە ئەوكاتە مەولوودی پێغەمبەر بەعەرەبی، ئاو بەناویش بەتوركی دەخوێنراویەوە. جابۆ ئەوەی خەلكی هەولێر بەجوانی لەسیرەی پێغەمبەر (د.خ) حالی بن، شێخ محەمەد عەلی ئەو دەستپێشخەریەی كردوە. لەدێرەكانی داهاتوودا، تیشكێك ئاراستەی مەولوودنامەكە دەكەین.

## *ج- مەولوودنامەی شێخ محەمەد عەلی ئەفەندی*

رەنگە بوترێ شێخ محەمەد عەلی هەموو ئەو سەرچاوانەی لەمەڕ سیرەی پێغەمبەر (د.خ) بەرچاوی كەوتبێ، كتو مت متمانەیانی پێ كردووەو سوودیان لێ بینوەو نووسیویانیەتیەوە. ئەم رەفتارەش مێتۆدێكی باوی سەردەمەكەی بووە. ئاشكرایە بۆ مەبەستێكی پەروەردەیی، بۆ خەلكی سادە –كەئەوساكە پتر لە٩٠٪ یان بێ سەوادو نەخوێندەواربوون- نووسراوە. واتە بۆ توێژی بەرزی خوێنەران ئاراستەنەكراوە، بەلكو بۆ بیستن وگوێ لێراگرتن لەئاهەنگی مەلوودی پێغەمبەردا ئامادەكراوە .. چونكە سازدانی ئاهەنگی مەولودی پێغەمبەر، نەك هەر بەتەنها لەمانگی مەولوودو، لەسالرۆژی لەدایك بوونی پێغەمبەردا نەریتێكی باوبووە، بەلكو لەدەیان بۆنەوموناسەبەی تریشدا ساز دراوە.

ئەوەی بەلای ئێمەدا گرنگە، تێكستە كوردیەكانی مەلوود نامەكەیە، كەهەوڵ دەدەین بەكورتی هەندێ نموونەی لێ هەلبهێنجین:

لەلاپەڕە(٢)دا، بۆهاندانی خەڵك، نووسەر بەم شێوەیە لە گرنگیەتی مەولوودی پێغەمبەر دواوە:

((ئیبن جۆزی فەرمووە: موجەڕەبە، هەرکەسێ مەولوود بکا. ئەو ساڵ لەموسیبەت ئەمین و، مەقسوووردو مەتلووبی زوو حاسڵ دەبێ)). لەهەمان لاپەڕەدا دەڵێ:

(( حەسەن بەسری فەرمووە: کاشکی بەقەدەر کێوی ئوحود زێڕم بوایە، سەرفی مەلوودی شەریفم بکردابایە)).

هەروا دەڵێ:

((هەولێر کەلەقوربی (مووسل)ە نێوی شارەکە، حاکمەکی بووە (موزەفەر) ناو، زاتێکی عادیل و شەجیع و تەنها بووە، هەولێرو شەهرەزووری بەدەست بووە. هەموو ساڵ سێصەد هەزار دیناری سەرفی مەلوودی دەکرد بەحیسابی ئێستا قەریبی سێصەد هەزار (لیرا) دەکا.

((لە تەئریخی شەش سەدییدا بەرەحمەتی خودا شادبووە)). لەلاپەڕە (٣) بەردەوام دەبێ لەوەسف کردنی ئاهەنگی مەلوودی پێغەمبەر (د.خ) لەسەردەمی سوڵتان موزەفەردا:

لەمەولوودی مەلیك مەزەفەر (دەفعەیێ حەسەب بەیان کراوە) پێنج هەزار مەڕ و دەهەزار مریشکی سەر بڕییوو، سەرد هەزار فەغفوری (وەکو) نوقلی ونەباتو، سێ هەزار سێنی حەلوا دروست کرد بوو..)(ل-٣).

شێخ عەلی درێژە بەنووسینەکەی دەدا:

((مەعرووفی کەرخی فەرمووە: هەرکەسێ تەعزیمی مەولید بکا، برادەرانی موسلیم جەمع بکا، تەعام دروست بکا، چرا داگیرسێنی، لیباسی تازە بپۆشی، مەجلیسی موعەتتەر بکا، خودا تەعالا ئەو کەسەی لەگەڵ.. سەفی پێغەمبەران حەشردەکا...

((باز شێخ سەبیوگی فەرمووە: لەخانیی موسلمانێ: مەولیدی نەبی (صلى الله عليه وسلم) بخوێنرێ، خودای تەبارەك و تەعالا لەئەهلی ئەوخانیی، قەحتو (وەبا)و حەرق و ئافات و بەلییات و بوغزو حەسەد دەفع دەکاو، چاوی خەراب و دز مەنع دەکا، ئەگەر وەفات بکا، جەوابی سوئالی مونکەر ونەکیر لەبۆیان سەهل دەکا..

))(ل-٤).

لەهەمان لاپەڕەدا (ل-٤) دەڵێ:

((ئیبن حەجەری عەسقەلانی فەرمووە: لەعەمەلی مەولوود، لازمە چشتی حەرام یامەکرووە نەکرێ، هەرچی خێرێ وەکو دوعاو سەلەوات (ئەو) بخوێنرێ..)

لەلاپەڕە (٥) دا دەڵێ:

(( ئیبن حەجەری مەککی فەرمووە: بۆ ئیزهاری فەرح و سروور، ئەوەندە کیفایەیە پیاوی چاك وقورا جەمع بکرێ، ئیتعامی تەعام و تەسەدوق بۆ ئەوان بکەن، ئەگەر زیادە (ئاخوێنرێتەوە) مەدحی (صلى الله عليه وسلم) بخوێنرێ، ئێستا لەزۆر جێ یان مەلوود دەکەن ژن و پیاو تێکەڵ دەبێ، (لەهو)و (لیعب)و (غەیبەت) دەکەن.

(مع هذا) سەلاتی صوبح لەبەر نوستن ناکەن، ئەو نەوعە مەولوودە حەرامە، پارەیان بێهوودە دەچێ، گوناهی هەموو شیان دەنوسرێ)). هتد

## سەرنج

تەنیا لە (كەشكولی گیو)دا نووسراوە كە لە ساڵی (١٨٣٤) لەدایك بووە. {بڕوانە كەشكۆڵی گیو، پێداچونەوەو ئامادەكردنی د. كوردستان موكریانی –بەرگی یەكەم – بەغدا – ١٩٨٦. ل(١٠٩).}

(٣) إبراهيم فصيح أفندى حيدرى زاده: المجد التالد فى مناقب مولانا خالد ، أسطنبول (١٣١٦ ﻫ) (١٨٩٨ ز)، ص(٦٣)

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل(٦٣ – ٦٤) (٥) ئەو زانیاریە لە رۆژی ٦ /١٩٧٥/٧ لە خوالێخۆشبوو ، شاعیرو رەچەڵەك ناس مامۆستا ناسیح حەیدەری (١٨٩٨ – ١٩٨٦) وەرگیراوە. هەروا لەم بارەیەوە بڕوانە : كەریم مستەفا شارەزا: هەندێ لەبیرەوەری و زانیاریەكانی ناصح حەیدەری ، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ)) ژمارە (١٠٨) بەغدا _ كانوونی یەكەمی ساڵی ١٩٨٥، ل(٢١٨ – ٢١٩).

(٦) المجد التالد فى مناقب مولانا خالد، ص(٥٨)

(٧) سەیید عەبدولغەفوور یەكێ بووە لەخەلیفە هەڵكەوتووەكانی مەولانا خالید و زاوییەیەكەی لە كەرتی رۆژهەڵاتی بەغدابووە، لەدەوروبەری ساڵی (١٢٧٣ﻫ/١٨٥٥ز) كۆچی دوایی كردوە.

(٨) المجد التالد فى مناقب مولانا خالد، ص(٥٦).

(٩) ئەو كەش و هەوا لە بارەی لە (لە خانەقای خالدیە)ی هەولێر رەخسابوو بۆ تەریقەتی نەقشبەندی ، بووە مایەی ئەوەی چەندین خەلیفەی تر پێبگەن، یەكێ لەوانە شێخ محەمەدی چۆلی هەولێری بووە(١٨١٧ – ١٨٩١)ز كە بە شێخ محەمەد پهنائودین عوسمانی ناو زەدكرابوو.

{بۆ زانیاری پتر، بڕوانە: زبیر بلال اسماعیل : الشیخ چولی، أربیل – ١٩٨٨، ص(٣٠ • ٣١)}

(١٠) عبدالله فرهادی: الاكليل فى محاسن أربيل، (منشورات وزاره الاوقاف و الشؤون الاسلاميه) ، أربيل (١٤٢٢ﻫ / ٢٠٠١م). ص(٢٣٧).

(١١) دیوانی شێخ رضای طالبانی (كۆكەر و چاپ كەری علی طالبانی) چاپخانەی مەعارف – بەغدا – ١٩٤٦ ل(١٠٨ – ١٠٩).

(١٢) كەشكۆڵی گیو، – بەرگی یەكەم – ل(١٠٩).

(١٣) تەحسین دۆسكی : ژێدەری ئاماژە بۆدراو.

(١٤) (شێخ نەجات كوڕی شێخ مەزهەری نەقشبەندی)ش ئەو بابەتەی دووپات كردەوە.

(١٥) كەشكۆڵی گیو، سەرچاوەی ئاماژە پێكراو ، تەحسین دۆسكی، ژێدەری ئاماژە بۆدراو.

(١٦) دیدار لەگەڵ مامۆستا شكور مستەفا لە ماڵی خۆی لەگەڕەكی زانیاری سەر لە ئێوارەی رۆژی (٢٠٠٢/١/١٥) بەئامادەبوونی مامۆستا مەسعود محەمەد و كاك حاكم ئازاد عزەدین مەلا ئەفەندی.

(١٧) (١٨) كەشكۆڵی گیو ، بەرگی یەكەم، ل(١١٠)

مەولوودنامەكە بەرێنووسی كۆنی كوردی فارسی ئامێز نووسراوە، تیایدا، كۆمەڵێك وشەو تەعبیری عەرەبی بەكار هاتووە، ئەو زمانە لەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا، زمانی قسەكردنی مەلایان بووە. بەشێوەیەكی گشتی شێوەی ئاخافتنی ئەوساكەی هەولێری بەسەری دا زاڵە..

هەر وەكو گوتمان، ئەگەر چی كۆمەڵێك وشەو تەعبیری عەرەبی تیایدا بەدی دەكرێ، بەڵام زمانێكی ئاسانە، خەڵك كەگوێ بیستی دەبوون، بەسووكو سانایی لێیحاڵی دەبوون.

دووبارە پێویستە بووترێتەوە، ئەم مەولوودنامەیە كەبە پەخشان نووسراوە، نرخێكی مێژوویی تایبەتی هەیە.

## سەرچاوە و پەراوێز

( ١ ) رشاد محمد المفتی: ( سبائك الا ملا فی اسره كجك ملا ) جمعه وحققهه وأضافَ الیه( عثمان رشاد المفتی ) الجزء الثاني ( مخطوط )- ص ؟ شجره الاسره ( بدون ترقیم ).

## سەرنج

لەبەر ئەوەی لەسەر لاپەڕەكاندا یەك لەدوای یەك( ژمارە ) دانەنراوە، بۆیە ئەو ژمارانەی لەسەر هەندێ لاپەڕەدا دانراون، لەگەڵ زنجیرەی لاپەڕەكانی دەسنووسەكەدا گونجاو نین. هەروەها هیچ ژمارەیەك لەسەر بەشێكی زۆرییدا دانەنراوە، بۆیە ناكرێ بەوردی ئاماژە بۆ لاپەڕەكانی بكرێ. داوای لێبووردن دەكەین.

( ٥ ) (كەشكۆڵی شێخ عەلی ئەفەندی ) لەكتێبخانەی مامۆستا( رەشاد مفتی )دا پارێزراوە. مامۆستا عوسمان مفتی لە كتێبی(( سبائك الا ملا ))دا كۆپی چەند لاپەڕەیەكی بڵاوكردۆتەوە، هەروەها هەندێ سەرنجیشی دەربارەی تۆمار كردووە.

( ٦ ) كەشكۆڵی شێخ محەمەد عەلی ئەفەندی؛ (( سبائك الا ملا ) لە ل( ؟ ).

( ٧ ) هەردوو سەرچاوەی پێشوو.

( ٨ )( سبائك الا ملا ) ل ( تمهید ) پێمان وایە ئەو مێژووە بەشێوەیەكی مەزەندەیی دانراوە.

( ٩ ) (( سبائك الا ملا ) ) شیاوی ئاماژەیە شاعیری هەولێری( یعقوب ئاغای كوڕی قاسم ) كە هاوچەرخی مەلا گچكە بووە، هۆنراوەیەكی بەبۆنەی كۆچی دوایی مەلا گچكە نووسیوە تیایدا ساڵی وەفاتی لەدوا بەیتیدا نیشان داوە: ( ١٢٧٢هـ ) كەدەكاتە( ١٨٥٥ز ).

( ١٠ ) شێخ عەلی( حوسامەددین ) كوڕی شێخ محەمەد( بەهائوددین ) كوڕی شێخ عوسمان( سیراجوددین )ە، لەساڵی ( ١٢٧٨هـ /١٨٦١ز ) لە( تەوێڵە ) لەدایك بووە. لەساڵی ( ١٣٥٨ هـ/ ١٩٣٩ ز ) كۆچی دوایی كردووە. شێخ عەلی حوسامەددین ئیجازەی خەلافەتی تەریقەتی نەقشبەندی لەشێخ محەمەد بەهائوددینی( ١٨٣٩- ١٨٨٠ ) باوكی وەرگرتووە، ئەمیش لەباوكی خۆی شێخ عوسمان سیراجوددینی( ١٧٨٠- ١٨٦٦ ز ) وەرگرتووە. شێخ عوسمان سیراجوددینیش لەحەزرەتی مەولانا خالید( چیاو الدین )ی وەرگرتووە.

(بڕوانە: مەلا عبدالكريمی مدرس: یادی مەردان، (بەرگی دووهەم)- چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق- بەغدا -١٩٨٣. ل: (٧)و(٣١)و(٣٥)و(٨٣).

(١١) زبير بلال اسماعيل: علماو ومدارس اربيل/ الموصل- ١٩٨٤ ص(٣١-٣٢).

(١٢) مەولوودنامەی شێخ محەمەد عەلی حوسامی: (دەسنووس)، ل(٦٣)

(١٣) لەسەر بەرگیدا ئەم رستانە نووسراون:

((هذا كتاب (سراج الطالبين) في مناقب غوث الواصلين، مربي الطالبين: الشيخ على الملقب بحسام الدين النقشبندى الخالدي طريقة والعثماني نسبا والطويلة الشريفة موطنا قدس سره المبدأ المعين، متعنا الله بطول حياته واولاده الى يوم الدين)).

للشيخ الفاضل، العالم العامل، حدقة عين الشريعة وغواص بحرالطريقة (على افندي الحسامي النقشبندي الخالدي) ابن قدوة العلماء والصلحاء رديف ابائه الكرام ابي بكر افندي المشهور ب كجك ملا الاربلى روح الله روحهم وقدس الله اسرارهم ونفعنا بهم امين.

الطابع: الشيخ محمد جميل الاربلى ابن على الحسامي طبع في مطبعة المكتب (كذا؟) الصنايع الكركوك (كذا) ١٣٣١.

ئەوساڵە ساڵی هیجری رۆمیە، چونکە لە پاشکۆی کتێبەکەدا بەحیسابی ئەبجەد هۆنراوەیەک نووسراوە، تیایدا ئاماژە بۆ ساڵی (١٣٣٢) هیجری قەمەری دراوە {بڕوانە- ل (٢٧٧)}. کتێبەکە بریتییە لە (٢٧٧) لاپەڕەی قەوارە ناوەنجی، نوسخەیەکی لە کتێبخانەی ئامادەکەری ئەم باسەدا هەیە.

## بەندی دووەم

**شێخ ئەسعەدی نەقشبەندی ئەربیلی (هەولێری)**

**(١٢٦٤ – ١٣٤٩) ھ (١٨٤٨- ١٩٣١) ز**

**أ-خانەوادەی شێخ ئەسعەد**

(شێخ ئەسعەد) کوڕی (شێخ محەمەد سەعید) کوڕی (شێخ هیدایە توڵڵای) نەقشبەندی هەولێری کوڕی (عەبدولغەنی) هیندیە[١].

بەشی هەرە زۆری سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن، لەساڵی ١٢٦٤ھ (کە دەکاتە ١٨٤٨ز) لە شاری پیرە هەولێر، لە ئامێزی خانەوادەیەکی ئایین پەروەر و سۆفی مەشرەب و خاوەن پلەو پایەدا چاوی بە ژیان هەڵهێناوە[٢].

شێخ هیدایە توڵڵای باپیری شێخ ئەسعەد، ئیجازەی ئیرشاد و تەدریسی لە مەولانا خالید (چیاو الدین) (١٧٧٧- ١٨٢٧ز) وەرگرتوە[٣].

مەولانا خالید لە دەورو بەری ساڵی (١٢٣٣ھ-١٨١٧ز) سەر لە شاری هەولێر دەدا، تەکیەی خانەقای نەقشبەندی (خالیدی) لە گەڕەکی خانەقا دەکاتەوە، شێخ هیداەتولای دەکاتە خەلیفەی خۆی لە هەولێر[٤].

هاتنی مەولانا خالید بۆ هەولێر ، ڕووداوێکی مێژووی واتاداربووە .خەڵکی هەولێر بە هەمووچین وتوێژەکانیانەوە، زۆر بەگەرمی و بەوپەری ڕێزو حورمەتەوە پێشوازی لێدەکەن و ئاهەنگێکی گەورە بە بۆنەی کردنەوەی مزگەوتی خانەقای نەقشی سازدەکەن.. پاکی بەهرمەندو دەنگ خۆش و قورئان خوێن و دەف ژەن و عەلەم هەڵگرەکان بەشداری لەو ئاهەنگەدا دەکەن. بەسەلوات و تەهلیلەو تەسبیحات شاری هەولێر دەخرۆشێنن....

بە پێی هەندێ ژێدەر، شاعیری گەورەی کورد مە لا خدری شارەزوری (نالی) (١٨٠٠ ؟- ١٨٧٣ز) کە ئەوساکە لە مەدرەسەی حەیدەر یان لە (ماوەرانێ) موستەعید بووە، لە ئاهەنگەکەدا ئامادە دەبێ، دەف ژەنێکی دەست ڕەنگینی هەولێری سەرنجی ڕادەکێشی، بەو بۆنەیەوە، ئەم هۆنراوە بەرزە دەنووسێ:

حەلقە دەرگوشی کەفی ڕەنگینی تۆیە ئەم دەفە

بانە نالێ لێی مەدە (عن لطمه کف الکف)[٥].

پاشی کۆچی دوایی مەولانا خالیدیش، ناو بەناو خێزان و کوڕەکەی (شێخ نەجمەدین) بە یاوەری یەك دوو خەلیفە، وەکو (شێخ عەبدوڵڵای هەراتی ) سەریان لە هەولێر داوە[٦]. پێدەچێ لە ماڵی شێخ هیدایە تولڵا میوان بووبن. کەواتە پەیوەندی نێوان هەردوو خێزان بەردەوام بووە.

لە دەورو بەری ساڵی (١٢٥٢ ﻫ / ١٨٣٨ ز ) شێخ هیدایە تولڵای هەولێری ماڵ ئاوایی لەم دنیایە دەکات. شێخ محەمەد سەعیدی کوڕی کە یەکێ لە زانا هەرە دیارەکانی هەولێر بووە ،دەبێتە پۆست نشینی تەکیەی خانەقا و لە جێگەی دا دادەنیشێ، ئەو زاتە ئیجازەی ئیرشادی (تەریقەتی نەقشبەندی) لە سەید عەبدولغەفووری خەلیفەی مەولانا خالید[٧] وەرگرتووە[٨]،

لەسەردەمی (شێخ محەمەد سەعید) دا ، مزگەوتی خانەقا دەبێتە مەڵبەندێکی زانستی وئایینی وخوا پەرستی، هەم مزگەوت و هەم مەدرەسەو هەمیش تەکیەبووە. تیایدا موریدو مەنسووبانی تەریقەت کۆڕو حەلقەی زیکری تایبەتیان ئەنجام داوە . چەندین مەلا و زانای لێهاتووش لە مەدرەسەکەیدا خوێندوویانە و پێگەیشتوون[٩].

لەڕۆژی ١/موحەرەمی/١٣٠٢ ﻫ (١٨٨٤ ز) شێخ محەمەد سەعید کۆچی دوای دەکات، گوایا هەشت کوڕی هەبووە، لەواتا :شێخ عەبدولرەحمان، شێخ ئەمین، شێخ ئەسعەد (ئەربیلی) ، شێخ شاکرو هی تر[١٠].

شێخ عەبدولرەحمان لە شوێنی باوکی دادەنیشێ، کاروباری دەرز وتنەوە و ڕێبەرایەتی تەریقەت و تەکیە بەڕێوە دەبات، تا لە مانگی (جمادی الاخره) ی ساڵی (١٣٣١ ﻫ) واتە (١٩١٢ز) وەفات دەکات..

شێخ ئەمینی کوڕی شێخ محەمەد سەعیدیش، زاناو شاعیرێکی لێهاتو بووە. ماوەیەك سەرۆکی دادگای جەزای کەرکوك بووە. چونکە لە (دیوانی) شێخ ڕەزای تاڵەبانی دا (١٨٣٥ – ١٩١٠) پارچە شیعرێکی فارسی بەناونیشانی ((در ستایش شێخ ئەمین أربیلی : رئیس محکمە جزای کرکوك)) بڵاوکراوەتەوە، کە بەم بەیتە دەست پێدەکات:

گفتم ملك روی زمین شێخ أمین أست

نە نە غلگم صد ملکش ملك يمين أست (١١).
واتە : گوتم شێخ ئەمین فریشتەی سەر زەوییە..
نەخێر.. نەخێر من بە هەڵە داچوم! ..سەد فریشتەش لەژێر فەرمانی ئەودان..

## ب- شێخ ئەسعەد ئەربیلی

هەروەکو لە دێرەکانی پێشوودا ئاماژەمان بۆدا، شێخ ئەسعەد کوڕی شێخ محەمەد سەعیدی شێخ هیدایەتوڵڵای هەولێری زادەیە، لەساڵی (١٨٤٨) ز پێی ناوەتە کوڕی ژیانەوە، لەژینگەیەکی زانستیو خواناسیدا پەروەردە بووە، لەسەر ڕێوشوێنی باوبا پیرانی ڕۆیشتوە.
شێخ ئەسعەد ((خوێندنی زانستی هەر لەهەولێر لە خزمەت باوکی خۆی لە خانەقای خالیدیدا تەواو کردووە))[١٢] هەروا لەمزگەفت و مەدرەسەکانی ئەم دەڤەرە خوێندویەتی، لە زانستە شەرعیەکاندا شارەزاییەکی تەواوی پەیداکردوە. لەتەمەنی بیست ساڵاندا، لە خزمەتی (شێخ تەهای حەریری) ئیجازەی ڕێبەرایەتی تەریقەتی وەرگرتووە[١٣].
بەم پێیە هەروەکو پێشینان دەیان گوت، هەم لە بواری زانستی زاهیر، هەم لە بواری زانستی باتین دا شارەزاو پسپۆربووە. بێجگە لەوەش، لە ئەدەبیاتی کوردی و عەرەبی و فارسی و تورکیشدا – بەتایبەتی ئەدەبیاتی عیرفانی – مەلەوانێکی کەم وێنە بووە. لەگەڵ شاعیرانی سەردەمی خۆیشی ئاشنایەتی پەیدا کردووە، بە تایبەتی شێخ رەزای تاڵەبانی، کە بینیمان شیعرێکی ستایش ئامێزی بە شێخ ئەمینی برای شێخ ئەسعەد پێشکەش کردبوو[١٦].
لە سەردەمی سەڵتەنەتی سولتان عەبدولحەمید خانی دووەم دا (١٨٧٦ – ١٩٠٩) شێخ ئەسعەد ڕوو لە شاری ئەستەمبووڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی دەکات، لەوێ پلەو پایەیەکی بەرزی دەبێ. بە پێی هەندێ ژێدەر مفتی ناوچەی (سەرکە چیە) بووە..
ڕەنگە ڕەفتار و پابەندبوونی شێخ ئەسعەد بە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و چالاکیەکانی، گومانی لە ناو دام و دەزگا جاسووسیەکانی حکومەتی ئەستەمبووڵ پەیدا کردبێ، بۆیە ((بو ماوەی مانگێك دەیخەنە ژێر چاوەدێریەوە))[١٧] ئینجا بڕیاری دوور خستنەوەی دەردەکەن، بەڕێز و حورمەتەوە ڕەوانەی هەولێری دەکەن[١٨].
شێخ ئەسعەد لە شاری هەولێر خەریکی دەرز وتنەوەو ئیرشاد دەبێ. ماوەیەکیش لە مزگەوتی (حاجی مەولود) کە بە مزگەوتی (شێخە ڕەشکە) مەشهوورە دادە نیشێ، دەیان موستەعیدو قوتابی زیرەکی کوردستان ڕووی تێدەکەن و سوود لە زانستە کانی دەبینن. مامۆستا مەلا حسێن شێخ سەعدی (فانی) (١٨٨٣ – ١٩٨٣) یەکێ بووە لەو قوتابیانەی کە لە خزمە تیدا "صحیحی بخاری" دەخوێنێ[١٩].

دوای کودەتای تاقمی (ئیتحاد و تەرەقی) (١٩٠٨) و بەیەکجارەکی لادانی سوڵتان عەبدولحەمید (١٩٠٩)، سولتان محەمەد رەشاد لە جێگەی دادەنرێ. ئەم سوڵتانە(شێخ ئەسعەد) بانگ دەکا بۆ ئەستەمبووڵ و ((روتبەیەکی زۆر نایاب و بەرزی پێ دەبەخشی)) [٢٠].

ناوبانگی شێخ ئەسعەد ئەربیلی لە ئەستەمبووڵ و ناوچەکانی تری دەوڵەتی عوسمانیدا بڵاو دەبێتەوە، خانەوادەی سوڵتان و زۆر لەگەورە پیاوانی ئەستەمبولیش دەبنە مورید و مەنسووبی [٢١]...

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٨) و دروست بوونی دەوڵەتی تورکیای نوێ (١٩٢٣)، کاربەستانی تازە بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی سیاسیان، بەتەکتیك خۆیان لە شێخ ئەسعەد نزیك دەکەنەوە [٢٢]، چونکە پیری یەکەمی تەریقەتی نەقشبەندی بووە، خاوەنی هەزاران مورید و مەنسووب بووە، بە پێی هەندێ سەرچاوە، هەندێك لە نوێنەرانی دوڵتە ئەوروپیەکان، ئامۆژگاری بەرپرسی یەکەمی ئەو دەوڵەتە دەکەن، چەند حیزبێکی ئۆپۆزسیۆن دا بمەزرێنێ. چونکە پەرلەمانتارەکان، لەبەر خاتری موچەو پاداشتەکانیان هیچ جۆرە رەخنەیەکیان ئاراستەی حکومەت نەدەکرد، بۆیە چەندین نامە بۆ پیاو ماقووڵ و دیارەکانی تورکیا رەوانە دەکرێ، یەکێك لەوانە شێخ ئەسعەدی ئەربیلی بووە، ناوەرۆکی نامەکە پەسند دەکات و وەڵامی دەداتەوە [٢٣]، واتە رازی دەبێ لەچوارچێوەی رژێمی تازەی تورکیادا وەکو ئۆپۆزسیۆن (معارضة) کار بکات. هەربۆیەش وتراوە، شێخ ئەسعەد تروسکاییەك لە ئاسۆدا بەدی دەکات و (هیوا پەیدادەکات) [٢٤].

بەڵام کە سیستەمی خەلافەت لابردرا (دەست لە شوێنەواری موسلمانێتی هەڵگیرا. لەگەڵ کورد دا هەڵوێستیان ناتەواو بوو، ئەسعەد نەقشبەندی بەدزی کۆمەڵەیەکی لە چەند سەد هەزار نەفەرێك لە کوردو تورکە بەدینەکان رێکخست...) [٢٥].

لە ناوەراستی ساڵی (١٩٢٤) کە را پەڕینی شێخ سەعید پیران دەستی پێکرد، بۆ دەزگاکانی دەوڵەت روون بۆوە کە شێخ ئەسعەد لە ژێرەوە، پەیوەندی بە شێخ سەعیدەوە هەیە [٢٦].

لە ساڵی (١٩٢٥)دا. تەکیەی شێخ ئەسعەد لە ئەستەمبولێ دەکەوێتە بەرشاڵاوی کاربەدەستان ودەستی بەسەر دادەگیرێ [٢٧].

دوای ماوەیەك بۆ رژێمی تورکیا دەردەکەوێ. شێخ ئەسعەدو مەنسووب و موریدەکانی لەسەر بیرو باوەڕی خۆیان سوورن و لەهەمان کاتدا لەگەڵ هیواو ئاواتی گەلی کورددا تەواو هاوسۆزن. بۆیە هەندێ تۆمەتیان بۆ هەڵدەبەسترێ و زیندانی دەکرێن، پاشان حوکمی لەسێدارە دانی خۆی و کوڕەکەی شێخ عەلی و دەستەیەك لەدڵسۆزانی دەردەچێ.

لە رۆژی ١١/ی رەمەزانی ساڵی ١٣٤٩ هیجری (١٩٣١/١/٣٠). دڵی شێخ ئەسعەد، لەسەر بەرماڵی نوێژدا لە لێدان دەوەستێ. لە گۆڕستانی (مەنەمەن) (*) تەرمەکەی بەخاك دەسپێردرێ [٢٨]. هەندێك دەڵێن لەرێگەی دەرزیەکی ژەهراویەوە شەهید کراوە [٢٩].

رۆژی دواتر، واتە لە (١٢/رەمەزانی/ساڵی ١٣٤٩ ه) کە دەکاتە (١٩٣١/١/٣١) شێخ عەلی کوری شێخ ئەسعەد و هەڤاڵەکانی لە سێدارە دەدرێن [٣٠].

## ج-بەرهەمە چاپكراوەكان

شێخ ئەسعەدی ئەربیلی ( هەولێری زادە ) سەدان قوتابی و موریدی لێهاتووی پێگەیاندوە، خزمەتێكی زۆری بواری شەریعەو تەریقەتی كردوە. لەزمانەكانی كوردی و عەرەبی و فارسی و توركی_عوسماندا نووسەرو شاعیرێكی لێهاتوو بووە. بەو زمانانە بەرهەمێكی زۆری هەیە، بەڵام بەداخەوە بەشێكی زۆری بەرهەمەكانی بزرە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشبەختانە، هەندێ لەبەرهەمەكانی چاپكراون و ماونەتەوە لەلاو لەولادا پارێزراون. بە پێی ئاگاداری ئێمە بەرهەمەچاپكراوەكانی بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- (( كنز العرفان فی أحادیث نبی الرحمان ))[٣١]. بریتیە لە (١٠٠١) هەزارو یەك فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ ڕاڤەكردن و شەرح لێدانی بەزمانی توركیو فارسی. بە (١٣٩) بەش دابەشكراوە. لە ساڵی (١٣٣٣ك/ ١٩١٤ز) لەئەستەمبووڵ لەچاپ دراوە.

٢- (( الرسالهٔ الاسعدیه فی الطریقة العلیه )) ، لەساڵی (١٣٣٦ك/١٩١٧ز) لەئەستەمبوڵ هاتیە چاپكردن.

٣- (( دیوان شعر )) : لەساڵی (١٣٣٧ك/١٩١٨ز) لە ئەستەمبووڵ چاپكراوە.

٤- (( مكتوبات )): لەساڵی (١٣٣٨ك/١٩١٩ز) لەهەمان شاردا چاپكراوە[٣٢].

## د- شیعرەكانی:

شیعرەكانی شێخ ئەسعەد نەقشبەندی، ئاوێنەیەكی بێ گەردی كەسایەتیەكەیەتی، لەهزرو بۆچونی بەرامبەر بە گەردوون و پەروەردگارو جیهانی رۆحی تەعبیر دەكەن، مۆركێكی عیرفانیو سۆفیانەیان پێوەیە .. لەقالبی كلاسیكدا داڕێژراون.

لەغەزەلێكی سۆفیانەدا كەلە حەوت بەیت پێكهاتوە (شێخ ئەسعەد) دەڵێ:

١- شاهی كە روحی غبطە یی خورشیدی سەمابی
عاشق دەبێ فەریاد رەسی لوتفی خودابی

٢- ئەی شەمعی شەبستانی من، ئەی نووری درەخشان
پەروانە سیفەت، جان بە جەمالی تۆ فیدابی

٣- مومكین نیە ئەسلەن نە لە شاهی، نە لەشادی
زەوقی كەلەدەرگاهی لەراهی تۆ پەیابی

٤- مەجنوونم ئەگەر مەیلی بەقای نام و نیشان كەم
نەخچیری دڵ ئەر بەستە بە زنجیری فەنابی

٥- باكی نیە قوربان ! نە لە كوفرو نە لە ئیمان
دێوانەیی زولفی تۆكە سەر مەستی لیقابی

٦- ناكا بە دەوایی حیكمەتی لوقمان تەنەزول
نا خۆش(دەبوو) چاوت ئەگەر ئەربابی زەكابی

٧- سۆفی بەتەمای باغ و بەری جەننەتی (ئەسعەد)
حاشا كە بە بێ ڕەنج و جەفا، زەوقی سەفا بی[٣٣].

## راڤەكردن

١- ((شاهی كە گیانی شادی خۆری ئاسمان بێ {مەبەستی ئەوەبێ كە بگاتە قۆناغی (فەنائی موتلەق) و بەدیداری پەروەردگار شادبێ} ، عاشق (واتە سۆفی، یا سالیكی شێواو كە تامەزرۆی بینینی جوانیو بەرزی یەزدانی تاك و بێ هاوتایە) پێویستە بەردەوام خەریكی زیكر بی، نابێ چركەیەكیش غافڵ بێ، ئینجا بیر لە لوتف و میهرەبانی و بەزەیی پەروەردگار بكاتەوە، بەشكو بەهاناى دێت و پاداشتی ماندووبوونی دەداتەوە.

٢- ئەی چرای ڕۆشنكەرەوەی شەوی تاریك و نوتەكی من (واتە ئەی ڕووناكی خوای گەورە). ئەو نوورەی لەساتەكانی شپرزەییو حەپەسان ودوو دڵیدا فریام دەكەوێت و لەو تەنگژە دەروونیە رزگارم دەكات و، بڕواو متمانەم بەتینترو موحكەمتر دەكات، دڵم پڕ دەكا لە رووناكی..) .. من پەروانە ئاسا، هۆگری ئەو ڕووناكیەم، بەدەوریدا دەخولێمەوە و دەخولێمەوە. تا ئاگرم تێ بەردەبێ و دەسووتێم و دەبم بەخۆڵە مێش ، گیانم بەجوانی تۆدا دەبەخشم و (فانی) دەبم ..

٣- نەلەشایی و نەلەشادیدا ، واتە (لە كاتی موجەهەداتدا) نابێ سالێك، هەست بەماندووبوون بكات، یا بحەسێتەوە، چونكە ئەو چێژو خۆشیەیەی لە پێناوی گەیشتن بە دەرگای بالای تۆدا لە دڵیدا بەنگ دەخواتەوە، لە هەموو شتێك خۆشترو شیرینترە.

٤- نەفام و بێ ئاگایە ئەو كەسەی عەودالی ناودەركردن و خۆدەرخستنە، چونكە مرۆڤی خواناس (عارف) وەكو نێچیر وایە، دڵی بەزنجیری فەنا (نەمان/تیاچوون) گیرۆدەبووە، لەرێگەی گەیشتن بە پلەی "فەنا"دا نهێنی بۆ دەردەكەوێ، مەعریفەت پەیدا دەكات، لەهەموو جۆرە ژەنگێك دڵی خاوێن دەبێتەوە، بە هیچ كلۆجێك بیر لە خۆشیو پلەو پایەی دنیا ناكاتەوە.

٥- ئەوكەسەی دێوانەی زولفی تۆن (واتە ئەو سالیكانەی لە ناو هێزی غەیب و زاتی ئەحەدییەتدا تواونەتەوە) بە رووالەتی شتەكان فریو ناخۆن و لە خشتە نابرێن، قسەی بێ ناوەرۆكی خەڵكی سادەو ساویلكە هیچ نرخێكی نیە لە لایان .. چونكە ئەوان مەستی لیقاو گەیشتنەوەن بە پەروەردگار.

٦- ئەگەر تۆ ژیرو هۆشمەندی، لە ڕێگەی ڕاستی خوا ناسین لانادەیت، هیچ پێویستیەكت بە داو و دەرمان و حیكمەتی لوقمان نیە.

٧- ئەگەر دڵی سالیك (سۆفی) بە زانست پڕ بووبێ، هیواو ئاواتی ئەوەبێ كە بگاتە باغ و بەری بەهەشت . پێویستە تێبكۆشێ، ڕەنج بدات و تەحەمولی ئێش و ئەشكەنجە و جەفاو دەردی یاری ڕاستەقینە بكات. چونكە بەبێ خۆماندوو كردن و، بە بێ خۆبێبەش كردن لە ئارەزووی بەدو ، بەبێ زاڵ بوون بەسەر هەموو كۆسپ و تەگەرەیەكدا، ناكرێ، بەو بەهەشتە شادبیت.

پەراوێزەكان

(١) ئەو زانیارییە لە ئەندازیار نەجات شێخ مەزهەر شێخ هیدایەتوڵڵا زادەی نەقشبەندی وەرگیراوە.

(٢)INAL (IBNULEMIN M. KEMAL), SON ASIR TURK SAIRLERI, (ZEME ED), ISTANBUL, ١٩٦٩, VOL ٢, S. ٢١٠٣- ٢١٠٤;

هەروا بڕوانە :

تەحسین ابراهیم دۆسکی: هەلبەست ڤان و نڤیسەرێ کورد شێخ ئەسعەدێ ئەربیلی (١٨٤٨ – ١٩٣١ز)، رۆژنامەی (برایەتی) ژمارە (٢٥٧٠)، چوارشەممە ١٩٩٨/٤/٢٢. ل(١٠)، ئەویش واتە تەحسینی دۆسکی لە وتارێکی موفید یوکسەل Mufid Yuksel بەناونیشانی: ژیاننامە شێخ ئەسعەدێ ئەربیلی و غەزەلەکە وێ کوردی، کەلەگۆڤارا (نوبهار)، ٢٦ چریا پێشینی سالا ١٩٩٤. ستەمبول، سوودی وەرگرتوە.

## سەرنج

تەنیا لە (کەشکولی گیو)دا نووسراوە کە لە ساڵی (١٨٣٤) لەدایك بووە. {بڕوانە کەشکۆڵی گیو، پێداچونەوەو ئامادەکردنی د. کوردستان موکریانی –بەرگی یەکەم – بەغدا – ١٩٨٦. ل(١٠٩).}

(٣) إبراهیم فصیح أفندی حیدری زادە: المجد التالد فی مناقب مولانا خالد، أسطنبول (١٣١٦ ﻫ) (١٨٩٨ ز)، ص(٦٣)

(٤) سەرچاوەی پێشوو، ل(٦٣ – ٦٤) (٥) ئەو زانیاریە لە رۆژی ٦ /١٩٧٥/٧ لە خوالێخۆشبوو، شاعیرو رەچەڵەك ناس مامۆستا ناسیح حەیدەری (١٨٩٨ – ١٩٨٦) وەرگیراوە. هەروا لەم بارەیەوە بڕوانە: کەریم مستەفا شارەزا: هەندێ لەبیرەوەری و زانیاریەکانی ناصح حەیدەری، گۆڤاری ((ڕۆشنبیری نوێ)) ژمارە (١٠٨) بەغدا _ کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٨٥، ل(٢١٨ – ٢١٩).

(٦) المجد التالد فی مناقب مولانا خالد، ص(٥٨)

(٧) سەیید عەبدولغەفوور یەکێ بووە لەخەلیفە هەڵکەوتووەکانی مەولانا خالید و زاوییەیەکەی لە کەرتی رۆژهەڵاتی بەغدابووە، لەدەوروبەری ساڵی (١٢٧٣ﻫ/١٨٥٥ز) کۆچی دوایی کردوە.

(٨) المجد التالد فی مناقب مولانا خالد، ص(٥٦).

(٩) ئەو کەش و هەوا لە بارەی لە (لە خانەقای خالدیە)ی هەولێر رەخسابوو بۆ تەریقەتی نەقشبەندی، بووە مایەی ئەوەی چەندین خەلیفەی تر پێبگەن، یەکێ لەوانە شێخ محەمەدی چۆلی هەولێری بووە(١٨١٧ – ١٨٩١)ز کە بە شێخ محەمەد پهنائودین عوسمانی ناو زەدکرابوو.

{بۆ زانیاری پتر، بڕوانە: زبیر بلال اسماعیل: الشیخ چولی، أربیل – ١٩٨٨، ص(٣٠ • ٣١)}

(١٠) عبداللە فرهادی: الاکلیل فی محاسن أربیل، (منشورات وزارە الاوقاف و الشؤون الاسلامیە)، أربیل (١٤٢٢ﻫ / ٢٠٠١م). ص(٢٣٧).

(١١) دیوانی شێخ رضای طالبانی (کۆکەر و چاپ کەری علی طالبانی) چاپخانەی مەعارف – بەغدا – ١٩٤٦ ل(١٠٨ – ١٠٩).

(١٢) کەشکۆڵی گیو، – بەرگی یەکەم – ل(١٠٩).

(١٣) تەحسین دۆسکی : ژێدەری ئاماژە بۆدراو.

(١٤) (شێخ نەجات کوڕی شێخ مەزهەری نەقشبەندی)ش ئەو بابەتەی دووپات کردەوە.

(١٥) کەشکۆڵی گیو، سەرچاوەی ئاماژە پێکراو ، تەحسین دوسکی، ژێدەری ئاماژە بۆدراو.

(١٦) دیدار لەگەڵ مامۆستا شکور مستەفا لە ماڵی خۆی لەگەڕەکی زانیاری سەر لە ئێوارەی رۆژی (٢٠٠٢/١/١٥) بەئامادەبوونی مامۆستا مەسعود محەمەد و کاك حاکم ئازاد عزەدین مەلا ئەفەندی.

(١٧) (١٨) کەشکۆڵی گیو ، بەرگی یەکەم، ل(١١٠)

(١٩) دیداری لەگەڵ خوالێخۆشبوو مەلا حوسێنی (فانی) لەماڵی خۆی لەگەرەکیئازادی، رۆژی (١٩٨١/٣/٢) بەئامادەبوونی(کاك محسن ئاوارەی) شاعیر.

(٢٠) و (٢١) و (٢٢) و (٢٤) و (٢٥) کەشکۆڵی گیو، بەرگی دووەم، ل(١١٠).

(٢٣) و (٢٦) دیدار لەگەڵ مامۆستا شکور مستەفا {بڕوانە پەراوێزی ژمارە (١٦)}.

(٢٧) تەحسین دۆسکی: ژێدەری ئاماژە بۆکراوو.

( * ) مامۆستای پارێزەر شێخ محەمەد صائب روونی کردەوە کە گۆڕستانی (مەنەمەن) نزیکی شاری ئیزمیرە، دوای ناشتنی تەرمی شێخ ئەسعەدو شێخ عەلی بە نهێنی، یەکێ لە موریدەکانیان شوێنەکە دەست نیشان دەکات، پاشان مزگەوتێکی گەورە لەو شوێنە دروست دەکرێ کە بە مزگەوتی کوردان ناسراوە.

(٢٨) و (٢٩) و (٣٠) تەحسینی دۆسکی ، ژێدەری ئاماژە پێکراو. سەبارەت بە دەست نیشان کردنی وەفاتی بڕوانە (INAL) سەرچاوەی ئاماژە بۆکراو.

(٣١) نوسخەیەك لەم کتێبە دەگمەنە ، لە کتێبخانەی خوا لێخۆشبوو(رەشاد موفتی) لە هەولێر پارێزراوە، لەسەر بەرگیدا نووسراوە: "کنز العرفان فی أحادیث الرحمن". پۆست نشینی دەرگای شەریف لە (داری عەلیە/ واتە : ئەستەمبووڵ) فەچلیهتی حاجی محەمەد ئەسعەد ئەفەندی ئەربیلی"یە ..

کتێبەکە (١٤٢) لاپەڕەیە، بە (١٣٩) بەش پۆلێن کراوە، لە لاپەڕە (١٤٠)دا (مختاربگ) ئەفەندی بە هۆنراوە (تەقریزێکی) بۆ نووسیوە. ساڵی لە چاپدانی دیارنیە.

(٣٣) (٣٤) تەحسین دۆسکی ، ژێدەری ئاماژەبۆکراو

## بەندی سێیەم

**ئیبراهیم حەقی حەیدەری زادە**

(١٨٦٥-١٩٣١/١/٢)

ا- ژیاننامەی ئیبراهیم حەیدەری زادە

ئیبراهیم کوڕی عاسم کوڕی ئیبڕاهیم کوڕی عاسم کوڕی ئیبراهیم کوری سەبغە توڵڵای گەورە کوڕی ئیبراهیم کوڕی عاسم کوڕی ئیبراهیم کوڕی حەیدەری دووەم کوڕی ئەحمەد (بەینەلحەیدەرەین) کوڕی محەمەد حەیدەری یەکەمە .بە (ئیبراهیم حەقی حەیدەری زادە) ناسراوە.

ئەمین زەکی دەڵێ:

((لە خانە وادەی بە شورەتی حەیدەریانە، جددی ئەکبەری (واتە: باپیرە گەورەی) محەمەد حیدەر، لە زەمانی ئیسماعیل سەفەوییدا[١] هیجرەتی کردۆتە (حەریر) لە تەوابعی هەولێردا[٢]..........))

لەدەوروبەری سالی ١٢٨٢ هیجری (کە دەکاتە: ١٨٦٥ ز) لە قەڵای هەولێر چاوی بە ژیان هەڵهێناوە[٣]، لە خزمەتی شێخ ئەبووبکری (هەرشەمی) نەقشبەندیدا دەخوێنی[٤]. دوای تەواوکردنی قۆناغە بنەڕەتیەکانی خوێندن، ((داخیلی سلکی مەئموورین دەبێ))[٥]، لە بواری وەزیفەدا پلە بە پلە بەرزدەبێتەوە، تا دەگاتە پلەی قازی‌لیوا و ویلایەت[٦].

لەوماوەیەدا لە قەزای جەزیری (بۆتان) قازیەتی (نائیبی) کردوە[٧]. ئینجا بۆئەستەمبووڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی بانگ کراوە، لە بەردەم (هەیئەتی مومەیزە) تاقی دەکرێتەوە وبڕوانامەی ((حاکم))ی پێ‌دەدری[٨]. چەندین پۆستی بەرزی لە وەزارەتی داد (عەدلیە) وەردەگری[٩].

ماوەیەک دەبێتە سەرۆکی دادگای بازرگانی (مەحکەمەی تیجارەت) ئینجا لە پۆستی داواکاری گشتی (موددەعی‌عموومی) ویلایەتی موسل دادەمەزرێ. دوای چەند سالێک لە وەزیفەکەی دوور دەکەوێتەوە[١٠]، پاش بەینێک دەبێتە ئەندامی (اعضای) ئەنجومەنی مەعاریف، لە هەمانکاتدا، دەبێتە بەڕێوەبەری (دارولخەیر) و قۆمسیۆنی موبایەعات لە وەزارەتی (نەزارەتی) مەعاریف[١١]. هەشت ساڵ ئەندامی ئەو ئەنجومەنە بووە.[١٢]

دوای راگەیاندنی ((مەشرووتیەت)) (١٩٠٨)ز، دەبێتە قازی واتە نائبی مەرکەزی (دیاربکر). ئەوەندەی پێ ناچێ دووبارە بۆ ئەستەمبووڵ بانگ دەکرێتەوە، ئەوجارەیان پۆستی سەرۆکی ((دەفتەری خاقانی شەریعت)) وەردەگری، هاوکات خەریکی دەرز ووتنەوە دەبێ. ئینجا دەبێ بە ئەندامی ((دارولحیکمەی ئیسلامیە)) (١٩١٧). دوای سالێک پۆستی ((شێخ الاسلام))ی پێ‌ڕەوا دەبینرێ[١٣]

لە شەش وەزارەتدا، یەک لە دوای یەک لە سەر ئەوپۆستەدا بەردەوام دەبێ، بۆ یەکەمین جار لە سالی ١٣٣٧هیجری (١٩١٨)ز لە سەردەمی سەدارەتی (سەرۆکایەتی) تۆفیق پاشادا، هەروا لەکاتی تەعدیلی کابینەکە لەڕۆژی (١٠/ ڕەبیعولئاخەر /١٣٣٧) لە کابینەی دووەمی تۆفیق پاشادا لە پۆستەکەی دا بەردەوام دەبێ. لە مانگی (جەمادلئاخیرە/١٣٣٧ھ) لە پۆستەکەی دووردەکەوێتەوە. کەکابینەی (داماد فەرید پاشا)ی سەدری ئەعزەم (سەرۆکی وەزیران) لە ٢٣/شەعبانی/١٣٣٧ پیک دێ هەمدیسان سان دەبێتە (شێخ الاسلام).

لە ٦/موحەڕم/١٣٣٨، (١٩١٩ز) پۆستی سەدارەت بە (عەلی ڕەزا پاشا) دەدرێ، دووبارە ئیبراهیم حەقی لە مەقامی (مەشیخەتی ئیسلامیە)دا تەعیین دەبێ، لە کاتی سەدارەتی (سالح پاشا)ش لە (١٧/جەمادیلئاخیری/١٣٣٨) ئیبراهیم حەقی لە پۆستی مەشیخەتدا دەمینێتەوە، تالە (١٥/ ڕەجب /١٣٣٨) کە کابینەی سالح پاشا (ئیستیعفای کرد) حەقی ئەفەندی لەسەر پۆستەکەی مایەوە و ئینجا لێ دوورکەوتەوە.[١٤]

ئەمین زەکی دەڵێ: دوای لکانی ویلایەتی موسڵ بە دەوڵەتی عیراقیەوە، ئیبراهیم حەقی لە ساڵی ١٩٢٣ میلادیدا هاتەوە بەغدا، لە ئەنجومەنی تەئسیسیدا بوو بە ئەندام(اعضا)،لەوەزارەتی یاسین پاشادا [١٥] (١٩٢٤)بووبە وەزیری ئەوقاف، دوای کۆبوونەوەی مەجلیسی میللی عیراق، کرا بە ئەندامی مەجلیسی ئەعیان. تا وەفاتی لە رۆژی (٢/کانوونی دووەمی/١٩٣١) لەم وەزیفەیەدابوو[١٦].

## ب- کەسایەتی

بە قسەی ئینال: ئیبراهیم حەقی ئەفەندی حەیدەری زادە: پیاوێکی بالابەرز بووە، ڕدێنی ڕەش وئەسمەرو قسە خۆش و نوکتە شوناس بووە. زیرەکیەکەی بە سەر عیلمەکەیدا زاڵ بووە، بێفیزو (متواضع)، نازك.. لائوبالی مەشرەب و لە تەکەلوف ئازادبووە. کە لە پۆستی بەڕێوەبەرایەتی (دارولخەیر) ومەقامی مەشیخەتی ئیسلامیشدا بووە، نەزاکەتو بێفیزی خۆی لە دەست نەدابوو[١٧].

ئەمین زەکی دەڵێ: دەرحەق بە فەلسەفەو مێژووی ئاینەکان، هەندێ ئاساری هەیە. بۆ لەدەستدانی عیراق(٤) ئەسەرێکی مەنزومەی کاریگەری نووسیوە[١٨]، مێژوو شوناسیکی مومتازو شاعیرێکی لەبیب بوو. لە زمانی کوردی وعەرەبی فارسی وتورکیدا بەهرەیەکی بڵندی هەبوو. حافیزەی (بیری) زۆر بە قووەت بوو، زۆر شیعری بەم چوار زمانانە لەبەر کردبوو. ئاشقی شیعرەکانی (مەلا قادری کۆیی)[١٩]بووە، زاتەن ئەو شاعیرە لە ئەستامبوول ئەغلەب لە ماڵی ساحیبی تەرجەمەدا بوو[٢٠]. خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم حەیدەری)بەڵێنی بە ئەمین زەکی دابوو، بەوردی ژیاننامەی خۆی بۆ بنووسێ، بەڵام ((حەیف ئەجەل فرستی نەدایێ[٢١]))

## ج- ئیبراهیم حەیدەری و بزاڤی ڕۆشنبیری کوردی

ئەرك و پێداویستیەکانی ئەو پۆستە گەورانەی بە ئیبراهیم حەقی حەیدەری زادە درابوو، بێجگە لەسەرقاڵی بە دەرزووتنەوە، ببوە مایەی ئەوەی بۆی نەکرێ بۆ کاری نووسین و لێکۆلینەوە خۆی تەرخان بکات، لەگەڵ ئەوەشدا، ئەگەر دەرفەتێکی بۆ ڕەخسابووبێ، شتێکی نووسیوە و لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا بلاویکردۆتەوە.

بۆ وێنە لەژمارە (٤)ی گۆڤاری ((تصوف)) کە لە ئەستەمبوول دەرچووە، ئیبراهیم حەقی، ووتارێکی سەبارەت بە شێخ ((عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی)) باوکی شاعیری ناودار ((شێخ ڕەزا))[٢١] بلاوکردۆتەوە، تێدا لە ڕەوانی شیعرەکانی شێخ ڕەزا دواوە و ئەوەشی ڕوون کردۆتەوە کە شێخ ڕەزا بە شاعیری گەورەی عوسمانی (نەفعی) ﴿١٥٧٢-١٦٣٦﴾ وشاعیرانی فارسی (فیردەوسی) و(قائانی)کاریگەربووە[٢٢]. ئەم نوختەیش نیشانەیەکی ترە، کە حەقی ئەفەندی شارەزایەکی گەورەی بواری (تەسەووف)و ئەدەبیاتی کوردی وتورکی وفارسی بووە.

ئەوەی گرینگە لەم دەرفەتەدا ئاماژەی بۆ بدەین، ئەوەیە کە ئەوزاتە، لە هەر کوێیەك بووبێ، وەکو مروڤێکی کورد پەوەر ڕەفتاری کردووە. چ لە ئەستەمبووڵ چ لە شوێنەکانی تر، هەمیشە گەورە پیاو و زانای وشاعیرانی کوردو کوردستان لە دەوری دا کۆبوونەتەوە. لە ١٩١٧/١١/١٩ دا، (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) لە

ئەستەمبوول دا دادەمەزرێ[٢٣] . لە یەكەم كۆنگرەدا ،دەستەی كارگێڕی كۆمەڵەكە لەم زاتانەی خوارەوە پێكدێت : سەید عەبدولقادر شەمدینانی (سەرۆك) ،ئەمین عالی بەدرخانوفوئاد پاشا (نائیبی یەكەم و نائیبی دووەمی سەرۆك )، حەمدی پاشا سكرتێر ، سەید عەبدوڵلای كوڕی سەید عەبدولقادر (ژمێریار)، هەروەها میری ئالای دێرسیمی خەلیل، (بۆتانی) محەمەد عەلی بەدرخانو، (سلێمانی) محەمەد ئەمین و، (هەولێری) مەلا عەلی ئەفەندی و ئەرواسی زادە شەفیق وانیو، پرۆفیسۆر شوكری بابان وفە تحوڵلا ئەفەندی ودكتور شوكری محەمەدیش دەبن بە ئەندامی دەستەی كارگێڕی . ئەگەر چی ناوی (ئیبراهیم حەیدەری ) لەگەڵ دەستەی كارگێڕی كۆمەلەكەدا نەهاتووە[٢٥]، بەلاّم یەكەم سەروتاری گۆڤاری ((ژین)) كە (كۆمەڵەی تەعالی كوردستان ) دەری كردووە ، لەلایەن ئەوەوە نووسراوە . پێدەچی بەڵێنیانی دابووبێ ، بە شێوەیەكی مەعنەوی و بەنووسین پشتگیری لە كۆمەلەكە بكات.

وتاركەی مامۆستا ئیبراهیم حەیدەری زادە ، بە ناونیشانی ((برحسبحال ))ە واتە :حەسەب حاڵێك یا سكالایەك[٢٧] بلاوكراوەتەوە . لە پێشدا لەڕۆلی مێژوویی جوامێرانەی نەتەوەی كورد دواوە ، كە ئێستا (ئەو كاتە ) بۆ سەلماندنی بوونی خۆی ، لە كۆڕی چاپەمەنی دا بەشداری دەكات و لە پێناو ژیانێكی نوێدا گۆڤاری ((ژین )) دەردەكات . ئینجا لە جوغرافیای كوردستان دواوە ، ژمارەی دانیشتوانی كوردستانیش لەو ڕۆژگارەدا (١٩١٨ز)بە پێنج ملیۆن كەس مەزەندە كردووە . بە هەندی شیعری فارسی وتارەكەی ڕازاندوتەوە .هەروا لە دلێری و ئازایەتی نەتەوەی كورد بۆ بەرگری كردن لە خەلافەتی ئیسلامی دواوە وگوتوویەتی ((بە گوێرەی ڕاگەیاندەكانی غەزەتەكانی روسیا . زیانی كورد لە جەنگی یەكەمی جیهانی دا (حەربی عموومی ) نزیكەی هەشسەت هەزار كەس بووە ...))

هەروا لەسوود وەرگرتنی كورد لە شارستانیەتی ئەوروپا دواوەو گووتویە : لەم بوارە دوانەكەوتووە ، بەلاّم بۆی نەلواوە ، ئەگەر لەمە زیاتریش بۆی نەكرابێ ، گوناهی خۆی نەبووە . لەم شوێنەدا بەهێما بەیتێك شیعری فارسی نووسیوە :

نیست بر لوح دلم جز الف قامت دوست
چەكنم حرف دیگر یاد نداد استا دم !

واتە : لە ئەلفی قەدوبالای ڕێك و جوانی یار بەو لاوە ، هیچی تر لەسەر تابلۆی دلّمدا نەقش نەكراوە.. چیبكەم مامۆستاكەم (جگە لەو حەرفە ) هیچی تری فێر نەكردم !

مەبەستی ئەوەیە كە بلێ ، ئەو زل هێزانەی كوردستانیان حوكم كردووە ، دەرفەتێكی ئەوتۆیان بۆ كورد نەڕەخساندوە بۆ ئەوەی سوود لە شارستانیەتی دنیا ببینێ .

لە كۆتاییدا ، باسی سووربوونی گەلی كورد دەكات بۆ بەرگری كردن لە شەڕەف و كەسایەتی خۆی كە ئامادەیە لەو پێناوەدا بچێتە ناو ئاگرو خەبات بكات .[٢٨]

لەژمارە (٢)ی گۆڤاری ((ژین ))دا ، یەكەمین هەواڵ ، هەواڵی دامەزراندنی ((حەیدەری زادە ))یە لە پۆستی (مەشیخەتی ئیسلامیە ) . بەم بۆنەیەوە ((ژین )) پیرۆزباییەكی گەرمی لێكردوە و هیوای سەركەوتنی بۆ

خواستوە....لەو هەوالە دا ڕاستیەکمان بـۆ دەردەکـەوێ ، ئـەویش ئەوەیـە کـە ئیبراهیم ئەفـەندی ئـەندامی دەستەی نووسینی گۆڤارەکە بووە[٢٩].

هەواڵەکە بە شێوەیەك داڕێژراوە ،کە کەمێك بۆنی ((عوسمانلیەتی )) لێدێ ! ، ئـەم نوختەیـەش ئـەوە دەدا بەدەستەوە کـە تـا ئەوسـاکە ، بەشێکی زۆری ڕووناکبـیرو خوێندەوارانـی کـورد، چـاوەڕێی ئـەوە بووینـە کـە دەولـەتی عوسمانی، یا ڕاستتر پاشماوەی ئەو دوڵەتە لە پێنـاوی چاکسـازی و دابـین کردنـی مافـە ڕەواکـانی میللـەتی کورد هەنگاوی سوود بەخش بـەرەو پێشـەوە بنێ. بـەلام دیـارە ، ئـەو ئاواتـە نەهاتـە دی ، بـەلکو ئەوەنـدەی نـەبرد ، سیسـتەمی خـەلافـەت لـەناوبراو دەولـەتێکی عیلمـانی (لاییکـی) لـە شـوێنیدا دامـەزراو مافەکانی گەلی کوردیش پشـت گـوێ خـران. هـەروەکو لـە لا پـەڕەکانی پێشـوودا ئاماژەمـان بـۆدا ، ئیبراهیم حەیدەری زادە لە ساڵی (١٩٢٣) دا گەڕایەوەو لە بەغدا نیشتەجێ بوو . بۆ ماوەیـەك بوویـە وەزیـری ئـەوقاف (١٩٢٤) ، پاشان بوویە ئەندامی ئە نجومەنی ئەعیانی عیراقی..لەسالی (١٩٣٠)دا. لەدامـەزراندنی ((یانـەی سەرکەوتنی )) کورد بەشداری کرد ، بە سەرۆکی ئەو یانەیـە هـەلبژێردرا ، بـەلام لـە ڕۆژی (١٩٣١/١/٢) لـە ناکاو دڵە کەی لە لێـدان وەسـتاو لـە گۆڕسـتانی گـەیلانی لـە بـەغدا تەرمەکـەی بـەخاك سـپێردرا . مایـەی داخوپەژارەیە ،ئەوکەڵە مرۆڤە کە بە بەهرەو توانای خۆی گەیشتبووە بـەرزترین پلـەی ئـایینی ، نە پرژایـە سـەر ئـەوەی کـە تەنانـەت ژیاننامـەی خـۆیشی بـە خامـە ڕەنگینەکـەی تۆماربکـات ! . یاداشـتەکانی چ لـە کوردستان .چ لە لـە ئەسـتەمبوول ،چ لـە بـەغدا ،لـەوماوە دوورو درێژەولـەو قۆناغـە ناسکانەدا ، لەگـەڵ تەرمەکەی نێژران ..نەوەکانی دوای خوێ لێیان بێبەش بوون..

## پـەراوێزەکـان

(١) شاە ئیسـماعیل سـەفەوی (نـەوەی شێخ سـەفیەدینی ئەردەبیلیە ) لەسـەرەتای سـەدەی شازدەهەم ، بـە هاوکاری چەند عەشیرەتێکی گەورەی ئازەری ، توانی بناغەی دەولەتی سـەفەی قزل باشی شیعە مەزهـەبی لەئیران دابمەزرێنی ، لەساڵی (١٥٠٢)ز بوو بـە شـاە ،لەسـالی (١٥١٤) لەشکرەکەی لـە شـەڕی (چالدێران ) لەبـەردەم لەشکری سـولتان سـەلیمی یەکـەمی عوسمـانی شکسـتێکی گـەورەی خـواردەوە ، لەسـالی (١٥١٥)ز بەشێکی زۆری کوردستان لە قزل باشەکان ئازادکرا .

(٢) و(٣)و(٥)و(٦) محمد ئەمین زەکی بەگ : کوردی بەناوبانگ :ابراهیم افندی گۆڤاری ((گەلاوێژ))، ژمارە (٨،٧) سالی دووەم –تەموزو ئاب –١٩٤١، ل(١-٣): هەروا بڕوانە : محمد امین زکی : مشاهیر الکرد وکردستان فی الدور الاسلامی-الجزو الاول ،(الترجمه العربیه )،-١٩٤٥،ص(٥٤-٥٥)

(٤) لە دیداریکدا {لە زستانی سالی (١٩٧٧)} بەهەشتی ناسیح حەیدەری کوری خوشکی ئیبراهیم حەقی بـۆ ئامادەکەری ئەم باسـەی گێڕایـەوە : شێخ ئەبووبـەکر کـە دەزانیٚ ئیبراهیم حەقیچۆتـە موصل و لـەوێ لـە تاقیکردنەوە پۆستی قازیەتیدا بەشداری کـردوە، پـێی دەلـێ : ئیبراهیم ئەگـەر تـۆ لـە بـواری خوێندن و

زانستدا بەردەوام بێت لەمەلا حەیدەری یەكەمی باپیرە گەورەت زاناتر و بەناوبانگتر دەبی ، ئەگەر لە مە سەلەكی وەزیفەی دەوڵەتیش دا بەردەوام بیت ، بەرزترین پلە دەست دەخەیت .

(٧),(٨),(١٠),(١٢),(١٣),(١٤) INAL (Ibnulemin mahmut kemal) : Son asir Turk Sairleri . egitim basimesi , Istambul .١٩٦٩ .pp (٥٠٢-٥٠٣)

(١٥) مەبەست(یاسین الهاشمی)ە .

(١٦) محەمەد ئەمین زەكی : هەردووسەرچاوەی ئاماژە پێدراوە .

(١٧) INAL .Op.CIT.P (٥٠٣) .

(١٨) مەبەستی نامیلكەی (( عراقك اورطسنە بر مكتوب )) ە ( واتە : نامەیەك بۆ ئۆردووی لەشكری عیراق ) كە ساڵی ١٣٣٧ (١٩١٨) ز لە ئەستەمبوول چاپكراوە ...تیایدا باسی سەردەمی زێڕینی بەغدا لە كاتی عەباسیەكان و داگیركردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەكانەوەدەكات.

(١٩) مەبەستی شاعیری قۆناغی تەنویر ( حاجی قادری كۆیی )ە (١٨٢٤؟-١٨٩٧)

(٢٠) و(٢١) : محەمەد ئەمین زەكی : هەردووسەرچاوەی ئاماژە پێدراوە .

(٢٢) INAL.OP.CIT.PP (١٤٧٨-١٤٨١).

(٢٣) عەبدوڵڵا زەنگەنە :(( ژین )) گۆڤاری سەردەمی سەرەتای ڕاچەنینەكانی كورد-گۆڤاری (( ڕۆژنامەڤانی )) ژمارە (٦-٧) ( پاییز-زستان ) «٢٠٠١-٢٠٠٢» -هەولێر -٢٠٠٢ ل(١٨٠) .

(٢٤) (( ژین )) كۆڤارا كوردی -تركی (١٩١٨-١٩١٩)جلدی یەكەم ،وەرگێڕ ژ تیپێن عەرەبی بۆ تیپێن لاتینی :محەمەد ئەمین بۆر ئەرسەلان ،ئوپسالا-سوێد_كانوونا پاشین-١٩٨٥ -ل٢٣ ( پێشەكی مامۆستا بۆز ئەرسەلان )، هەروا بڕوانە : د. عەبدوڵڵا حەداد . مەلا عەلی ئەفەندی هەولێری و كۆمەلەی تەعالی كوردستان ١٩١٨، گۆڤاری هەولێر ،ژمارە (٦ بەهاری (٢٠٠٠) هەولێر (٢٠٠٠) ل(١٢٣-١٢٦). سەرنج: لەو ووتارەدا هاتبوو كەمەلا عەلی ئەفەندی هەولێر ی كوڕی حاجی حەوێزی مامە لەدووربەری (١٨٨٠) هاتۆتە دنیاوە ، ئەوەی ڕاستی بێ لەساڵی (١٢٩٠ك/١٨٧٣ز) ئەو زاتە لەشاری هەولێرچاوی بەژیان هەڵهێناوە ٠ برا گەورەكەشی ( مەلا مەحەمەد حیلمی ئەفەندی ) لەساڵی(١٢٨٧ك/١٨٧٠ز) هەر لە هەولێر لەدایك بووە

(٢٥) لەوانەیە هۆكاری بەشداری نەبوونی ئیبراهیم حەقی حەیدەری زادەو مەلا مەحەمەدی ئەفەندی حاجی حەوێزی مامەی هەولێری لەو كۆمەلەیەدا ، ئەوە بوو بێ كەهەردووكیان لە پلەو پایەیەكەی ئاینی بەرزدا بوون.

(٢٦) حەیدەری زادە: ئیبراهیم : برحسبحال. گۆڤاری(( ژین )) ( بر نجی سنە ) ئەستەنبوڵ_ (٧) تشرنی ثاني - ١٣٣٤( هجری رۆمی ) ، عدد (١) ،

(٢٧) مامۆستا شكور مستەفا بەناونیشانی(بەش حالی كورد ) وتارەكەی كردوە بەكوردی . ( بڕوانە : مومتاز حەیدەری : هەشتاو سێ ساڵ لەمەوبەر : شێخل ئیسلام ئیبراهیم حەیدەری سەرووتاری یەكەم ژمارەی (( ژین )) ی ئەستەنبوڵی نووسیوە ...، گۆڤاری ( ڕۆژنامەڤانی ) ، ژمارە (٦_٧) _ ٢٠٠٢_ ل (٢٨٨) .

(٢٨) بۆ زانیاری پتر ، بڕوانە دەقی تەرجومەی ووتارەکە لەسەر چاوەی پێشوودا .

(٢٩) " ژین" _ ژمارە (٢) _ (١٤) تشرنی ثانی -١٣٣٤ (ه.ر) ،ل(١) .

## بەندی چوارەم

## (فـانــی)

مەلا حسێن شێخ سەعدی هەولێری

(١٨٨٣-١١/١٢/١٩٨٣)ز

أ- ژیاننامەی (فانی)

مەلا حسێنی هـەولێری: (مـەلا حسێن شێخ سـەعدی فـەیزوڵڵا)یـە. لەسـاڵی ١٣٠١ه (١٨٨٣)ز لەگـەڕەکی ((خانەقا)) لەباوەشی خانەوادەیەکی ئایینیدا پێی ناوەتە کۆڕی ژیانەوە[١]. لەنێوەندی فەقێ و مـەلایاندا بە ((مەلاحسێنی موفەسیر)) ناوی ڕۆیشتووە، چونکە یەکەمین مـەلای کوردە بـەکوردی واتاکانی قورئانی پیرۆزی تەفسیرکردوە. لـەبواری شیعردا تەخەلوسی ((فـانی))[٢] بـۆ خـۆی هـەڵبژاردوە، تـەنیا لەتاکەشیعرێکدا نازناوی ((کاکە))ی بەکارهێناوە[٣].

هەر لەتەمـەنی شـەش ساڵیەوە دەخرێتە بـەر خوێنـدن، قورئـانی پیرۆزو هـەندێ وردە کتێبی سـەرتایی دەخوێنێ، دوا بەدوا لەمەدرەسە ئایینیەکاندا درێژە بەخوێندن دەدا[٤].

لەشاری هەولێر، لەخزمەتی مەلا ناودارەکانی ئەوسەردەمە، زانستەجیاجیاکانی مەلایەتی دەخوێنێ. یـەکێ لەوانە: مەلا محەمـەد ئەفەندی حاجی حەوێزی مامەیە کەلەمزگەوتی (حـاجی داود)- واتـە: مزگـەوتی گەورەی بازاڕ- ئیمامو خوتبەبێژو مامۆستا بووە[٥]. مەلا حسێن فـەرمووی: کەلـەکن ئـەو زاتـەدا دەمخوێنـد، ڕۆژێکیان بینیم کەوایەکی ((چیتی)) تازەی لەبەربوو، بۆ سوحبەت لێم پرسی:

-مامۆستا ئەو کەوایە.. چییتە؟

یەکسەر وەڵامی دامەوە:

-تۆ چییتە؟..

ئاشکرایە مامۆستا دەم و دەست لە((جیناسە)) کەحاڵی بووەو بەوشێوەیەی سەرەوە وەڵامی داوەتەوە[٦].

لەهەمان مزگەوتدا ماوەیەکیش لای (مەلا عەزیزی دەریـازی) خوێندوویـەتی[٧]، هـەروا لەخزمـەتی (حـاجی مەلا سەعید ئەفەندی) باپیری شاکر شەریفیشدا دەخوێنێ[٨]. (فـانی) لـەلای مەلایـەکی هـەولێری دیکەشدا دەخوێنێ[٩]. دەرسی ((سـەحیحی بوخـاری))ش لەخزمـەتی زانـای گـەورەو نـاودار (شێخ ئەسـعەد ئەفـەندی نەقشبەندی ئەربیلی/ هەولێری)) خوێندووە[١٠].

بۆ تـەواو کردنی زانستەکان، ڕوو لەشـاری (کۆیـە)و (ڕەوانـدز)و گوندەکـانی (سکتان)و (هێران نـازەنین) لەناوچـەی خۆشناوەتی دەکا. لەکۆیە لەخزمـەتی (مـەلا عـەبدوڵڵای جـەلی زادە) ومـەلا سـادق ئەحمـەدی مزگەوتی جامی دەرسی خوێندووە، لەسکتانیش سوود لەعیلمی مەلا ئەحمەدی خەلیفـە وەردەگرێ، لـەگوندی

( بێشێ )شدا لەخزمەتی ( مەلا ئیبراهیم )دا خوێندوویەتی[١١] . لەسالی ( ١٣٢٥ھ/ ١٩٠٧ )[١٢] لەمەلا ئەبووبەكری ئەفەندی كوڕی حاجی مەلا عومەری مەلا گچكە زادەی هەولێری- ناسراو بە مەلا ئەفەندی – ئیجازەی عیلمی وەردەگرێ ودەبێتە مەلایەكی دوانزدە عیلم. هەندێك دەڵێن : لەسالی ( ١٩١٢ )دا ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە[١٣] .

لەقۆناغی خوێندندا، لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر خوێندەوارو فەقێیانی ئەو رۆژگارەدا ئاشنایەتی پەیدا كردووە، هاوڕێی ( ئەحمەد ناجی ئەفەندی ) باوكی كەسایەتی ناسراوی هەولێر مامۆستا جەوت ئەحمەد ناجی و ( حاجی مەلا عەبدوڵلای كوونەفلووسەیی )و ( حاجی مەلا كەریم ئەفەندی ) بووە[١٤] .

پاش تەواو كردنی خوێندنی و وەرگرتنی بڕوانامەی زانستی تاسالی ( ١٩٣٠ز )، لەگوندەكانی ( قەپلان )ی عەلی خورشید ئاغای دزەیی و ( سیاو )و ( خورمەڵە )و ( سووریژە ) مەلایەتی كردووەو دەرسی بەفەقێیان گوتوتەوە[١٥] .

دواتر لەگوندی ( دووگردكان )ی محەمەد ئەمین باییز ئاغای دزەیی بۆ ماوەی ( ١٧ ) ساڵ تاسالی ( ١٩٤٧ ) دەگیرسێتەوە[١٦] .

مەلا حسێن لەهەر مزگەوتێكدا بووبێت، مەدرەسەیەكی پێكەوە ناوەو سەرقالی ( دەرس وتنەوە ) بووە[١٧] . مەلا عەبدوڵلای فەرهادی ( لەدایك بووی سالی ١٩١٨ )دەڵێ : لەگوندی ( سیاو ) فەقێی مەدرەسەی مەلا حسێن شێخ سەعدی بووم، ( عوامل الجرجاني )یم لای یەكێ لەموستەعیدەكانی ئەوم خوێند كەناوی ( مەلا عەبدوڵلا كەونەیابە )بوو[١٨] .

شیاوی وتنە، لەسالی ( ١٩٢٠ )دا كە لەگوندی ( سیاو ) ی حەبیب ئیبراهیم ئاغا ومشیر ئاغای ( دزەیی ) مەلا بووە، بەیارمەتی ئەو دوو زاتە ژن دەهێنێ، ناوی ژنەكەی ( خەدیجەی كچی محەمەد رەسوول ) بووە كە خوشكی مەلا شاكری باوكی مالیكە ( جاران دوكانی لە ناو قەلاّت لای دەرگای قەلادا بوو )[١٩] .

لەسالی ( ١٩٤٧ )دا دەگەڕێتەوە ناو باوەشی شارە خۆشەویستەكەی ( هەولێر ). جا بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی رەسمی دابمەرزێ لە ( كۆیە ) لەبەردەم ئەنجومەنی زانستیدا سەركەوتووانە تاقیكردنەوەیەكی شكلی ئەنجام دەدا، لە ( ١٩٤٨/٤/١٧ ) بە پێی فەرمانێكی شاهانە ( اراده ملكيه ) لە مەسجدی مەلا داود ( لەقەلاّ ) بەسیفەتی ئیمام و بانگدەر [٢٠] دادەمەزرێ، پاشی بەینێك دەگوێزرێتەوە بۆ مزگەوتی نەجاران لەبازاڕ. هەم ئیمامەتی دەكات، هەمیش خەریكی دەرزوتنەوە دەبێ. لەسالی ( ١٩٦٠ )دا دەچێ بۆ حەج، لەسالی ( ١٩٧١ )دا خانە نیشن دەكرێ[٢١] .

مەلا حسێن هاوڕێ و دۆستی زۆربەی هەرە زۆری مەلاو زانایانی هاوچەرخی بووە، لەوانە : شێخ مستەفا ( كەمالوددینی ) كوڕی شێخ ئەبوو بەكری نەقشبەندی ( هەرشەمی ). شێخ محەمەد مەزهەری نەقشبەندی ( خانەقا )، مەلا ساڵحی كۆزە پانكێ، مەلا عەبدوڵلای مەلا محەمەد ئەمین كوونەفلووسەیی، مەلا ئەحمەدی بانەیی، مەلا شێخ جەلالی بەرزنجی، مەلا عوسمانی رەنگەرێژانی، مەلا محەمەدی نۆمەر گونبەتی[٢٢].ومەلا

عەبدوڵڵا ئیسماعیل شەنەغە (خوتبەبێژو ئیمامی مزگەوتی حاجی داوود) وشێخ جەلال (نووری) و (میهری)و مەلا تاهیری حاجی سەلیمی حاجی داود زادەو هی تر..

لەبواری (تەفسیر)و (حەدیس)و (منطق) و (نەحو)و (صرف)دا زانا بووە. بێجگە لەزمانی كوردیش، لەزمانەكانی عەرەبی و فارسی وتوركیدا پسپۆربووە، بەو زمانانە نووسین وبەرهەمی هەیە.

ژمارەیەكی زۆر لەخزمەتیدا خوێندوویانە. لەوانە: مەلا ئیسماعیل شێخ شەروانی و مەلا محەمەدی عەلیاوەیی، مەلا حەسەنی تیماری وهی تر[٢٣].

مەلا حسێن، هەتابڵێی مرۆڤێكی رەوشت بەرزو بێ فیزو هێمن و قسە خۆش و سۆفی مەشرەب بوو، چاوی لە پلەو پایەی دنیادا نەبوو، ژیانی بۆ خوێندنەوەو دەرس وتنەوەو نووسین تەرخان كردبوو[٢٤]. لەرۆژی (١١/١٢/١٩٨٣) دڵە ماندوو وپڕ لەئەڤینیەكەی لەتەمەنی (١٠٠) سەد ساڵیدا لەلێدان كەوت[٢٥] بەرەو دنیای جاوییدانی هەنگاوی هەڵێنا. ئەستێرەیەكی درەوشاوی تری ئاسمانی زانست و شیعرو ئەدەبیاتی شاری هەولێر بەتایبەتی، كوردستان بەگشتی ئاوابوو.

## ب- بەرهەمەكانی (فانی)

### یەكەم : بەرهەمە چاپكراوەكانی:

١- مەلا حسێنی هەولێری (فانی):لەمانگی رەجەبی ساڵی (١٣٥٠ه/ ١٩٣٠ز)دا تەفسیری واتاكانی هەر (٣٠) سی جوزئی قورئانی پیرۆزی بەزمانی شیرینی كوردی تەواو كردووە، ئەم بەرهەمە، لەمێژوودا بەیەكەمین تەفسیری كوردی لەقەڵەم دەدرێ. بەر لەمەلاحسێن هیچ زانایەكی كورد بیری لەلێكدانەوەی ماناكانی قورئان بەكوردی نەكردبۆوە. كەتەفسیرەكەی بەمامۆستاكەی (مەلا ئەفەندی)[٢٦] پیشان دەدات. مەلا ئەفەندی ئافەرینی لێ دەكات بۆ ئەو بیرۆكەتازەیەی وپێی دەڵێ:

- مەلا حسێن تۆ سەری منت بەرزكردەوە.[٢٧].

بەشێكی بچووكی تەفسیرەكە لە ساڵی (١٣٥٢ه/ ١٩٣٣ز) لەچاپخانەی ((نەجاح) لەبەغدا لەسە رئەركی شێخ مەحموودی حەفید زادە ( (١٨٨٢-١٩٥٦)و شێخ قادری حەفیدی شێخ جامی وخدری حاجی ئەحمەدی پاشای دزەیی و حسین ئاغای حاجی مەلا محەمەد ئاغای دزەیی و حاجی ئەمین ئاغای شێخ عوسمان ئاغا زادە لەچاپ دراوە[٢٧]و بریتیە لە (٤٨) لاپەرە.

لەساڵی (١٣٥٣ه/ ١٩٣٤ز) بەشێكی بچووكی تری تەفسیرەكە، بەیارمەتی خدری ئەحمەدی پاشاو مەعرووف ئاغای حاجی پیرداود ئاغای دزەیی لە دوتووێی (٦٠) لاپەرەدا لەچاپ دراوە[٢٨].

كە دەنگ و باسی تەفسیرە كوردییەكەی مەلا حسێن لەنێوەندی فەقێ و مەلایاندا بڵاو دەبێتەوە، هەندێ فەریكە خوێندەوارو كۆلكە مەلا بەگژییدا دەچنەوە، كە گۆیا ((چۆن دەبێ بەكوردی مانای قورئان لێكبدرێتەوە))! تەنگی پێ هەڵدەچنن. (پێیان وابووە نابێ مووسڵمانەكان لەواتای قورئانی پیرۆز بگەن!)..

شێخ مەحموودی حەفید زادەو مەلا ئەفەندی هەولێری بەرگری لێ دەکەن، دەرفەتی ئەوە نادەن بەهیچ شێوەیەك کەسانی نەزان و نەفام و گەلحۆو بۆش و تەوەزەل دەست درێژی لەسەر مەلا حسێندا بکەن[٢٩].

لەهەمان کاتدا، چەندزانایەکی ئایینی بۆیە پەرچدانەوەی ئەو تاقمە گومراهە، بەبەرزی بەرهەمەکەی مەلا حسێن دەنرخێنن[٣٠] پاشان، مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بەشێوەیەکی رەسمی لەرووی زانستیەوە هەڵی دەسەنگێنێ[٣١].

بێجگە لەو دوو بەشە بچووکە، دەسنووسی ئەو تەفسیرە گەورەیەی مەلا حسێن، بۆ ماوەی پتر لە چل وحەوت ساڵ مایەوەو لەچاپ نەدرا، ئەوە بوو لەنێوان ساڵانی (١٩٧٨-١٩٨٥) بەهیمەت و کۆششی مامۆستا بەشیری کوڕی مەلا حسێن پێنج بەرگی ((ژیانی ئینسان تەفسیری قورئان)) لەچاپ درا[٣٢].

بەبینینی بەرگی یەکەم و دووەم و سێیەمی تەفسیرەکە، چاوی مامۆستا مەلا حسێن (فانی) روون بۆوە و دڵی پێیان شاد بوو. بەڵام کە بەرگی چوارەمی لەچاپ درا، کۆچی دوایی کردبوو.

٢- دیوانی (فانی) بریتیە لەبەشێك لەشیعرەکانی، لەساڵی (١٩٨٤) لەچاپخانەی رۆشنبیری لەهەولێر لەچاپ دراوە (لەدێرەکانی داهاتوودا باسی دەکەین).

٣- ((قەسیدەی بوردییە)) لەساڵی (١٩٤٦) بەهۆنراوە لەعەرەبیەوە بۆ کوردی تەرجەمە کراوە، لەساڵی (١٩٨٥) لەچاپخانەی رۆشنبیری (هەولێر) بەناونیشانی (قەصیدەی بوردیە) (لەچاپ دراوە).

٤- وەرگێرانی (١٤٠٠) فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) بۆ کوردی کە (١٠) بەرگە، لەساڵی ١٩٥٢ تەواوبووە، تائێستا نۆ بەرگی بەناونیشانی ((پرشنگی کوردەواری لەشەرحی صحیحی بۆخاری)) بەسەرپەرشتی مامۆستا (بەشیر حسێن سەعدی) لەچاپدراوە.

دووەم: بەرهەمە دەسنووسەکانی

٥- (الجامع الصغیر) دوو بەرگی گەورەیە لەفەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ).

٦- علم البلاغە (بەعەرەبی)

٧- (حقائق الخیام).

٨- (نظم تهذیب المنطق) لسعد التفتازانی (بەعەرەبی)

٩- (شرح اللوائح) لەفارسیەوە بۆعەرەبی تەرجەمە کراوە.

١٠- شەرحی (ذات الشفاء)ی جەزری، لەعەربیەوە بۆکوردی تەرجەمەکراوە.

١١- (مەنظومەی تەوحیدیە)ی فرید الدین عەتار.

١٢- منهج الحقیقە فی التصوف.

١٣- المنظوم فی العقود. بریتیە لە (٥٨٧) بەیت شعری بەرزی عەرەبی.

١٤- شرح اللمعات: لەفارسیەوە بۆعەرەبی.

جگە لەمانە چەند نامەیەکی تری هەیە، وەکو (رازو نهێنیەکانی قورئان) و (شەریعەتی ئیسلام بە پێی چوارمەزهەب)و مێژووی ژیانی شێخانی نەقشبەندی.

### ج-هەندێ تێبینی سەبارەت بە بەرهەمەکانی

بەرهەمەکانی مەلا حسێن فانی، رەنگدانەوەی کەسایەتی خۆیەتی، وەکو زانایەکی راستگۆ وبڕوادار رەفتاری کردووەو بیری کردۆتەوە، چونکە لەژیاندا مرۆڤێکی زاهیدوسۆفی مەشرەبو بێ فیز بووە، چاوی لەمال و سامانی دنیا نەبووە، بەهەناسەیەکی درێژو بەهێمنی کاری دەکرد.. لەبەرتیشکی بۆچوونەکانی زانایانی سوونتەدا هەوڵی دەدا پوختەی زانستە سەرەکیەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی، بەکوردیەکی رەوان، بۆ گەلەکەی روون کاتەوە.

بەوتەیەکی خەستتر. لە پاڵ ئەوەی شاعیرێکی خامە رەنگین بووە، مامۆستاو رێبەرێکی پەروەردەیش بووە. ئەم هۆکارەش هانی داوە، بەشێوەیەکی تایبەتی بایەخ بەسەرچاوە گرنگەکانی ئایینی ئیسلام بدات، واتە: تەفسیری قورئان و (حەدیس) فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ). کە دوو سەرچاوەی گرنگی فیقهو شەریعەتن.

رەنگە ئەو دوو بەرهەمەی فانی، بچنە ناوخانەی تەرجەمەو وەرگیرانەوە، بەڵام هەروەکو ئاشکرایە، بەهرەو تواناو زەمینەیەکی زانستیانەی بتەویان گەرەکە، جگە لەشارەزاییەکی زۆر لەزمانی عەرەبی و نهێنیەکاندا.

تەفسیری قورئان و وەرگێرانی فەرموودەکانی پێغەمبەر بە پەخشان ئەنجام دراون، (فانی) بۆ پاراستنی دەست پاکی وئەمانەتی زانستی، پاکی تێکستە عەرەبیەکانی تۆمار کردوە، ئینجا بەژێریاندا شەرحەکانی نووسیوە، بەوردی پابەندی واتاو ناوەڕۆك بووە، بەقەد تاڵە مووەکیش لەرۆحی تێکستەکان دوور نەکەوتۆتەوە. بەچەشنێك پابەند بووە، هەندێ جار کاری کرۆدتە سەر داڕشتنی رستە کوردییەکان.

لەتەرجەمەی قەسیدەی بوردییە بوصەیریشدا کە بەهۆنراوە تەرجەمەکراوە، (فانی) هەمان سیتسەمی پەیڕەوکردووە، بەیتەکانی بوصەیری نووسیوە، بەژێریاندا تەرجەمە کوردییەکەی. ئەم کارەشی بۆ دڵدانەوەی خۆی ونزیك بوونەوە لە پێغەمبەر (د.خ) ئەنجام دراوە.

بەرهەمەکانی تری (فانی) چ لەبواری زانستەکانی نەقلی و عەقلی، چ لەبوارەکانی عیرفانی وتەسەوفدا، نیشانەی فرە بەهرەیی و شارەزایی ئەون، بەتایبەتی لە (حقائق الخیام)دا کە چوارینەکانی لەفارسیەوە کردووەبە عەرەبی، بەهرەیەکی سوفیانەی عیرفانی لەلێکدانەوەی شیعرەکاندا نوواندووە، لەوانەیە- کەبڵاو دەکرێتەوە- دەرگای گفتوگۆیەکی گەورە واڵا بکاتو سەرنجی زۆران لەشەرئاستی جیهانی ئیسلامیدا بۆ ئەو زاتە رابکێشی. چونکە تائێستا بەعەرەبی کتێبێکی ئاوا نەنووسراوە.

### د- (فانی) و شیعر

لەسەردەمی فەقێ یەتیدا، بەهاندانی مامۆستاکانی، بەتایبەتی شێخ ئەسعەد نەقشبەندی (ئەربیلی)[٣٤]. وەلا محەمەدی حاجی حەوێزی مامەو[٣٥] هەروا بەکاریگەری شاکارەبەرزەکانی مەلا خدری شارەزووری (نالی) (١٨٠٠؟ –١٨٧٣) مەلا حسێن شێخ سەعدی، بەهرەکەی لەبواری شیعری کوردییدا تاقی کردۆتەوە[٣٦]. تەخەلوسی ((فانی)) بەکارهێناوە[٣٧]. دوابەدوا شیعرەکانی لەدیوانێکدا بە پێی حەرفی رەوی قافیەکانی رێك دەخات.

لەنێوان (١٩٣٩/٤/٢٧-١٩٤١/٥/٢٤) ساڵح زەکی ساحێبقران (موتەسەریفی) لیوای هەولێر بووە. دیوانە دەسنووسە نایابەکەی (فانی) لای خۆی گل دەداتەوە بەوهیوایەی لەچاپی بدات، بەڵام پاشان نەدیوانەکەی بۆ دەگەڕێنیتەوە و نەلەچاپی دەدات، تائێستا ئاسەواری ئەو دیوانە دیارنیە[٣٨].

بەیازی چەند شیعرێکی تاك و تەڕا لای (فانی) مابۆوە، ئەوە بوو لەساڵی (1984) بەناونیشانی (دیوانی فانی) لەلایەن کوڕەکەیەوە لەچاپ درا[٣٩]. تیایدا هەندێ غەزەل و چوارین و فەردومولەمەع، لەپاڵ چەند بەیتێکی شیعری تورکی وفارسی بڵاوکراوەتەوە.

ئەو هۆنراوانەی لەو نامیلکەیەدا بەناونیشانی ((دیوانی فانی)) بەرچاودەکەون، بەشێکی زۆر کەمی دیوانە لەدەست چووەکەیەتی، دەبوایە بەناونیشانی (پاشماوەی دیوانی فانی)دا بڵاوبکرابانایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لەرووی ناوەرۆکەوە بریتین لە وەسف و تەشبیب و پەندوحیکمەت و نەعت و پارانەوە زوهد وتەسەوف و نیشتمان پەروەری[٤٠].

## غەزەلێکی فانی

لەم دەرفەتەدا بەدیارغەزەلێکی عیرفانی وحیکمەت ئامێزی (فانی) دا رادەوەستین، کە پێمان وایە تیایدا هزرو بۆچوون و کەسیەتی شاعیر وهەلوێستیلەئاست مەینەتی ژیان، تاردەیەکی زۆربەرجەستە کراوە:

١-شێوان لەشە پۆلی غەم، پیشەی جگەر دارنیە
شوکر ئاوی طینە تم بۆیە مەوجدار نیە

٢- بێ (مەرکەبی) ئیشتیاق، ناگەی بەجێگەی مەتلووب[٤١].
سالیك هەر ماندوو دەبێ لەرێ گەرسوارنیە.

٣- بولهەوەس، خود پەسەند دلی هەر لای رییایە
بۆیە لەسووڕانەوەی چاتر لە پەرگارنیە

٤- عارف وەك حوبابی ئاوچاوی لەناس پۆشیوە
بێ باکە لە پە نجەرە، گەر خانەی دڵتارنیە

٥- کەسێك ئومێدی بڕی، نایەوێ لەخۆشیدا بێ
دار وەکو بڕایەوە، چاوی لەبەهارنیە

٦- دڵ لەجۆش و خرۆشی بێ باکە لەباری غەم
شووشە وەك توایەوە، ترسی لەغوبارنیە.

٧- کفنی جەنازەی خۆشم لەدەفتەری خۆم دەکەم
مەعنا غەیری قسەی خۆش، بۆخۆم یادگار نیە

٨- هەرباخێکی مەحەببەت لەوێ گەڕباخەوان بێ
غەیری هێلانەی سووتاو لەسەر لقی دار نیە

٩- دەستی قەدەر وەکو مۆم لەباخی فەرەحناکی
گوڵ لەبەر سەری دەنێ، دەربەستی دەستاڕ نیە

١٠- گەر قسەم کێشی نیە، لەسووکی قسەم نیە
ماڵێ زۆر بەقیمەت بێ، هەڕایی کڕیارنیە[٤٢].

## راڤە کردن

١- نائومێدی و سەرگەردانی و پشێوی و خنکان لەناو شە پۆلی خەم و ئەشکە نجەدا، کارو پیشەو رەفتاری مرۆڤی بەجەرگو ئازا و خۆ راگرو خاوەن هەڵوێست وئیماندار نیە.

سوپاس بۆ خوای پەروەردگار، چونکە ئاوی تینەتم (واتە: جەوهەری من) ساف وبتەو وبێ گەردو پاکوخاوێنە. لەناڵەبارترین بارو دۆخدا/ لەکاتی تەنگانەدا هێمن و ئاسوودەو لەسەرخۆیە، ((مەوجدار))

نیە ؛ ناشلەژێو هەڵناچێ، بەرچاو روونی خۆی لەدەست نادات. واتە : کارەساتو مەینەتیو تاڵو وتفتیوناخۆشیەکانی ژیان، بەقەد تاڵە مووەکیش کاری تێ ناکاتو دوچاری هەڵەی ناکات.

٢- بەبێ سوار بوونی کەشتیوانی و پاپۆری تامەزۆریی ((ئیشتیاق))، بەبێ سوور بوون و پێدا گرتن بۆ بەدی هێنانی خواستو ئاواتەکانت، ئامانجەکانت ناپێکیتو ناگەیتە شوێنی دیاریکراو.

((سالیك)) واتە : عاریف (زاراوەیەکی عیرفانیە)، ئەوکەسەی مەبەستیەتی بگاتە خوای پەروەردگار، پێویستە بەچەند قۆناغێکدا تێ پەڕێ، ئەو قۆناغانەی بە ((مەراتیب))و ((مەواقیف))و ((مەنازیل))و ((مەقامات)) ناو زەدکراون، بۆ ئەوەی لە ((ئەحوالی رۆحیی)) خۆی ئاگادار بێ، تابزانێ لە چ پلەیەکی بەرزبوونەوەو پاکبوونەوەدایە. ئەو کەسەی بەدڵ تامەزرۆی گەیشتن نەبێ بە پلە بەرزەکانی روحانیەت، هەر زوو پەکی دەکەوێتو هەست بەشەکەتیو ماندوو بوون دەکات، لەئەنجامیشدا هیچ بەهیچ ناکات، چونکە لەبنجدا پیاوی ئەومەیدانە نیە!

کەواتە : پیاوی راستگۆ وخاوەن هەڵوێست وبیرمەند کە متمانەی بەرێبازەکەی خۆیدا قایمە، لەهیچ سل ناکاتەوە، بەسەر هەموو کۆسپو تەگەرەیەکدا زاڵ دەبێ، مەقاماتەکان یەك لەدوای یەك تەی دەکات، بەهیچ شێوەیەك ئامادەنیە لەرێ راست لا بدات. ئیغرائاتی دنیا کاری تێ ناکات، بە پێچەوانەی کەسانی فشۆڵو گەندەڵو هەلپەرستو چرووگو بێ هەڵوێست.

٣- مرۆی هەوەس بازو خۆ پەرستو بۆشو نەفس نزمو هەلپەرست، هەمیشە بیر لەتەڵەکەبازی وساختەچیاتی دەکاتەوە.. هەرچیەك بڵێ راست ناکا. چاوچنۆكو چلێسو بەد رەوشتە، دەماری پیاوەتی نیە، گشت هەڵسوکەوتو رەفتاری ریاکارا نەوچەواشەکەرانەیە، نرخی هیچ دابو نەریتی مۆرالی و زاستی و رۆحی و کۆمەڵایەتی لەلادا نیە. قورمساغە، درۆزنە.. مانەندی پەرگالە (فرجالە) بەگوێرەی هەوای نەفس و بەرژەوەندی کاتی خۆیدا بادەداتەوە، روو لەوشوێنەو لەوکەسە دەکا کەئارەزووە گلاوەکانی دادەمرکێنێتەوە، چونکە لەهەموو ئەدگار وسیفەتێکی بەهاداریمرۆڤایەتیو نیشتمانی شۆراوەتەوە، بەهیچ کلۆجێك پشتی پێ نابەسترێ، قسەو رەفتارە رواڵەتیەکانی بێ نرخن.

٤- عارف : خواناس، سۆفی، شێخی تەریقەت. حوبابی ئاو : بڵقی سەر ئاو. پیاوی راستکۆ و خواناسو رەوشت بەرز، چاوی لەکەس نیە، لاسایی هیچ کەسێك ناکاتەوە، هەموو شتێکی دنیایی لەلای ئەودا بەرەو نەمان هەنگاو دەنێن، وەکو بڵقی سەرئاون. (ئەو) چونکە هۆگری عیشقی حەقیقی بووە، بەرووکەشی شتەکان هەڵناخەڵەتێ. باکی بەوەدا نیە گەر ئابلۆقەی بدەن، تەنگی پێ هەڵچنن، هەروا باکی بەوەدا نیە گەر تاریکی هەموو دنیای قابڵاندبێ! ئەگەر لەخەلوەتگاکەیدا، پەنجەرە هەبێ یانەبێ، بەلایدا گرنگ نیە..

چونکە خانەی دڵی پڕە لەرووناکی و خۆشەویستیخوا، دڵی وەکو چرایەکە، بەتیشکەکەی، تاریکی هەموو دنیا لەناو دەبا..

کەواتە ؛ دڵو دەروونی ئینسانی ئازادو سەرەبەرزخۆی لەخۆیدا رووناکی دەبەخشێ، بۆیە هیچ پێویستیەکی بە کلاو رۆژنە، یا پەنجەرە، یاهیچ درزێکی تر نیە بۆ ئەوەی شوێنەکەی بۆ رووناك بکاتەوە!

٥- یەكێك كە پشتی كردبێتە دنیای فانیو خۆشیەكانی، یەكێك ئەو هەموو شتەبریقەدارە ساختانەی فەرامۆش كردبێو لەعالەمی رۆحانیەتدا نقووم بووبێ، لەلای ئەو كەسەدا هیچ گرنگ نیە.ئەگەر بەهاربێ یا زستان یاهاوین یا پایز.. چونكە ئەو لەئەنجامی موجەهەداتدا گەیشتۆتە پلەیەك، كەهەموو دەم لەناخەوە هەست بەئاسوودەیی دەكات.

٦- دڵی پیاوی خواناسیو بڕوادار، بەردەوام لەجۆشو خرۆشدایە،بۆ چركەیەكیش لەخوا غافیل نیە.. كاتێك كەلەشكری خەم پەلاماری دەداتو هەوڵ دەدات زیانی پێ بگەیەنێ، لەئاست خۆراگرتنی ئەودا، شكست دەخوا. لەئەنجامدا ناتوانێ تۆزقاڵێك كاری تێ بكا.. چونكە ((شووشە))كە توایەوە، ترسی لەتۆزو غوبار نیە!..

واتە: كە دڵو دەروونی پیاو لەهەموو ژەنگێكی دنیا پاكبۆوە، گەیشتە پلەی توانەوە، هیچ هێزێك لەدنیادا نیە بتوانێ مل كەچی بكاتو رایبكێشیتەوە بۆ زەلكاوی پیسو بۆگەنی بەدكاران.

٧- كفنی جەنازەی خۆشم، لە دەفتەری كردەوەكانی خۆم دەچنم، كەوابوو جگە لەقسەی خۆش وگفتاری شیرین، هیچی تر لەدەمم دەرناچێ، جگە لەوقسە پڕماناو شەكەر رێژوشیرینانە، هیچی ترم پێ نیە، بۆ یادگار پێشكەشی بكەم..

من پیاوێكم بەماندوو بوونی خۆم، خۆم پێگەیاندووە، لە بواری زانستەكانی زاهیرو باتیندا گەیشتوومەتە ئەوپلە بەرزەی ئێستام. بۆیە لەناو گۆڕیشدا بەزمانێكی شیرین وەڵامی پرسیارەكان دەدەمەوە.

٨- مایەی داخو پەژارەیە، خۆشەویستیو بەزەییو میهرەبانی لەلای خەڵك دانەماوە، گشتیان مەستو سەرخۆشی پایەو پارەن، چونكە مامۆستایەكی كارامەو لێهاتوو پەروەردەیانی نەكردووە..

ئەگەر بهاتایە، باخەوانێكی دڵسۆزو شارەزا نیگەهدارو پاسەوانی خۆشەویستی حەقیقیی بكردایە، خزمەتی درەختو نەمامەكانی بكردایە، ئاگای لەبەهرەو توانا رەسەنەكان ببوایە.. ئەو كاتە – بێگومان -ئەو نەمامانە سیس نەدەبوون، باخی جوانی خۆشەویستی نەدەفەوتاوو، وابەئاسانی لەدەست نەدەچوو. ئاگری تێ بەرنەدەبوو.. بەڵام مخابن، جگە لەهێلانەی سووتاو، لەسە رلقی درەختە سووتاوەكاندا هیچی تر بەدی ناكەین!.

٩- لەناو باخی فەرحناكیو بەختیاریو كامەرانیدا،ئەو كەسەی بەسەرفرازی دەژی و چاوی لەشتە رازاوەكانی دنیادا نیە، بەهیچ كلۆجێك ئەوكەسە بیر لە پۆشتنی جلو بەرگی گرانبەهاو رەنگاو رەنگ ناكاتەوە، حەزی بەوەنیە، دەستاری (واتە: مێزەری) بەنرخو گەورە لەسەربنێ. ئەو كەسە لەباتی ئەوشتانە، بەگوڵی رەنگینو بۆن خۆش سەری خۆی دەرازێنێتەوە واتە: خاوەنی بیرو باوەڕی بەرزە، ئینسانێكی بەگەوهەرە.

{لەو بەیتەدا فانیوەكو (نالی) مێزەری بەدەستار شوبهاندووە}.

١٠- ئەگەر قسەو گوفتارە پڕ ماناو بەنرخەكانی من لە لای كەسانی كەمو نەفام ونەزاناندا نانرخێنرێن، هۆیەكە ئەوەنیەكە ئەوقسانە سووكن یابێ بەهان.. نەخێر، قسەكانی من ئەوەندە بەنرخو سەنگینو

مەعنادارن، لەتەرازووی نەفاماندا هاوکێشیان نیە، لەتوانای کەسیشدا نیە بیانکرێ و هەربۆیەش، پێویستیان بەوەدا نەماوە هەڕاو پڕۆپاگەندەیان بۆ بکرێ!

## سەرچاوەو پەراوێز

(١) مامۆستا مەلاحسێن لەدەسنووسێکی خۆیدا بەناوی ((آثاری علمیە)) کەمامۆستا بەشیر کۆپییەکی پێشکەش کردین دەڵێ: (ویلادەتم لەهەولێر لەتەئریخی هەزارو ٣٠٠ سەدی هیجری رۆمییە)) کەدەکاتە (١٣٠١) هیجری قەمەری. بەم پێیە دەبێ رێك لەساڵی (١٨٨٣) ز لەدایك بووبێ.

(٢) (فانی) زاراوەیەکی سۆفیانەیە، بەمانای تیاچوون لەناو زاتی پەروەردگار (الفناء في الله) هەروا مانای ئەوەیەکە هەموو ئادەمیزادێك، یاهەموو شتێك لەدنیادا بەرەو نەمان هەنگاو دەنێ، خوا لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمێ: ((وكل من عليها فان ويبقى وجه ربك ذو الجلال والاكرام)) (سورەتی الرحمن/) کەواتە (فانی) پێچەوانەی (باقی)یە.

## سەرەنج

بێجگە لەمامۆستا مەلا حسێن هەندێ شاعیری تری کوردیش ئەم (تەخەلوسەیان) بەکارهێناوە، وەکو ((مەمەند ئاغای فانی))و ((مەلا حەسەنی ئابلاخی))و مەلافەتتاحی (هەورامی)و ((شێخ عەبدلکەریمی خانە شووری)) {بڕوانە: محەمەد قەرەداغی: فانی.. ، گۆڤاری ((بەیان)) ژمارە (٥٠) بەغدا -١٩٧٨-ل(٢٠)}.

(٣) مەلا حسین شێخ سعدی: دیوانی فانی (کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بۆ چاپ بشیر حسێن سعدی) چاپخانەی رۆشنبیری- هەولێر ١٩٨٤- ل (٥)، (٥٧).

سەرنج: لەمەودوا ئەم سەرچاوەیە بە ((دیوانی فانی)) ئاماژەی بۆ دەکرێت.

(٤) مەلاحسێن لەزستانی ساڵی ١٩٧٧ لەدیدارێکی تایبەتیدا، بەئامادەبوونی کوڕەکانی: مەلا عەبدوڵلا ومامۆستا بەشیر، بۆ ئامادەکەری ئەم باسە گێڕایەوە گوتی: لەتەمەنی شەش ساڵیدا بووم، باب و داکم گۆتیان حسێنی لەبەر خیندن دا دەنێین. ئەوشەوە خەونێکم دیت، لەخەودا ئەمنیان بردە جێگایەکی لەبن قەڵاتێ و گۆتیان ئەوە کتێبخانەی ئیمامی شافعیە!، ئەوە لەبۆ تووە!)) ((ئیدی لەو ساوەوە ملم لێ نا!)).

شایانی ئاماژە پێدانە، قوتابخانەی سەرەتایی میری کەدەوڵەت سەرپەرشتی دەکرد ((مەکتەبی روشدییەی)) پێ دەگوترا، بەقوتابخانە ئایینییەکانیش دەگوترا ((مەدرەسە)).

(٥) مەلا محەمەد حاجی حەوێزی مامە (پیرس) (کەپاشان بە مەلا محەمەد حیلمی ئەفەندی مەشهوور بوو)) لەساڵی (١٨٧٠)ز {١٢٨٩ﻫ} لەشاری هەولێر لەدایك بووە، دوای وەرگرتنی ئیجازەی عیلمی، خەریکی دەرس وتنەوەو ئیمامەت و خوتبەبێژی دەبێ. بە پێی ئیعلامێکی رەسمی کەلەساڵی (١٣٢٤ﻫ/١٩٠٦ز) دا لە دادگای شەرعیەی هەولێر دەرچووە، بۆتە ئیمام و خوتبە بێژی (مزگەوتی حاجی داود)، لە ساڵی ١٩٣٤ کۆچی دوایی کردووە.

عاریفی عەسرم، ئەدیبم، حوڕ وسەربەستو فەهییم
بێ موحابا شاعیرم، مەشهوورە(كانی) شوهرەتم[٢٧].

لەمەیدانی هەجووشدا (كانی) ئەسپی خۆی تاوداوە، لەداشۆرینی فەرمانبەرێكی نەفام و بەدفیساڵدا، كەلەدایەرەكەیدا كاری كردووەو هەمیشە خەریكی جڕتو فڕتو خۆ هەڵكێشان بووە، (كانی) بە (كەرە دێزەی) شوبهاندووەو هەشت پارچە چوارینی پێشكەش كردووە:

هەیتم كەرەكی دێزە چ عیفریتو بەهێزە
وەك جووتی دەكا راستە خەتی ریزی لەرێزە
جۆی ناوێ بەڕەڵلای كەلەناو پووش و پەرێزە
(قوربانی گونت بێ دەنی مەشرەب كەرەدێزە)

لە پەڕەگرافێكی دیكەدا دەڵێ:

وەك ئەسپە سەر و گەردەنی گوێی قیت وجوانە
باكی نیە هەر چەندی بكەی باری كرانە!
ئەمسالی نیە قەتعی لەناو قەومی (كەر) انە[٢٨].

بەبۆنەی دروست كردنی ساختمانی قوتابخانەی یەكەمی هەولێریشەوە (كانی) لەساڵی (١٩٣٠)دا شیعرێكی نووسیوە، تیایدا دەڵێ:

لەهەولێر مەدرەسەی ێیكەم گوشا بوو
هەموو مەكتەبب لەهەژمەت مونحەنا بوو[٢٩].

بۆژنانیش شیعرێكی نووسیوە:

ئەم یتە بۆ ژنانە
بۆ خراپ وچاكانە
هەندێك ژن، هەندێك ژانە
هەندێك رۆحی رەوانە
....
هەندێك ئیشی بوختانە
هەندێك سوسن و رەیحانە[٣٠].

هەروەكو بینیمان، بۆی هەیە (كانی) هەم لەخانەی شاعیرانی كلاسیكدا پۆلین بكرێ، هەمیش لەگەڵ شاعیرانی میللیدا ناوی تۆمار بكرێ.

ئەگەر جۆرەكزیەك، یاچەشنە لاوازییەك، لەهەندێ لەهۆنراوەكانیدا بەدی بكرێ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەم شاعیرە رۆڵی مێژوویی خۆی نەبینیووە بەڵكو، هەروەكو بینیمان، لەو قۆناغەی كەتیایدا ژیاوە، بەوپەڕی

**سەرەنج:**

(٢٢)،(٢٣)، (٢٤) نامەی مامۆستا بەشیر سەعدی لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٨.

(٢٥) (دیوانی فانی)، ل (٩).

(٢٦) مەلا ئەفەندی: ئەبوو بەكری كوڕی حاجی مەلا عومەر ئەفەندی كوڕی مەلا ئەبوو بەكری كچك موڵلا (مەلای گچكە)یە لەساڵی (١٢٨٤ھ/ ١٨٦٧ز)لە قەلای هەولێر چاوی بەژیان هەڵهێناوە، لەرۆژی (٣٠ لەسەر٣١/١٢/١٩٤٢) لەكۆشكی خۆی لە(باداوە) كۆچی دوایی دەكات.

(٢٧) مەلا شێخ حسێن: ژیانی انسان تەفسیری قورئان، چاپی یەكەم چاپخانەی (نجاح) بغداد – ١٣٥٢.

## سەرەنج

ئەوكاتە مەلا حسێن شێخ سەعدی (فانی) لەدەشتی دزەییاتی مەلا بووە، دۆستی ئاغاكانی دزەییان بووە كەزۆر رێزیان لێ ناوە. لەبەر ئەو هۆكارە لەسە ربەرگی نامیلكەی كەدا دەستەواژەی ((كتێبخانەی ملا شیخ حسێن دزەیی)) نووسراوە. لەبەرخاتری ئەو ئاغایانە لەقەبی ((دزەیی)) بەكارهێناوە، لەونوسخەیەی كەلەساڵی (١٩٧٧) بەئامادەكەری ئەم باسەی پێشكەش كرد، وشەی ((دزەیی)) لابردبوو، لەلاپەڕەیەكی چاپكراوی زیاددا، لەژێر وێنەكەی ((المؤلف الشیخ ملا حسین الاربیلی))ی نووسیبوو، چونكە ئەوەی راستی بێ سەر بەو عەشیرەتە بەرێزەنەبوو.

(٢٨) شێخ مەلا حسێن : جزوی عمَّ: ژیانی انسان تەفسیری قرأن، چاپخانەی كەرخ- بەغدا- ١٣٥٣ھ (لەهەولێر لە دەرگەی قەیسەری لای مەلا سعدالله دەفرۆشرێ).

(٢٩) دیدار لەگەڵ مامۆستا بەشیر حسێن ٢٤/١/٢٠٠٢.

(٣٠) ئەومەلایانەی خوارەوە لەكاتی خۆیدا تەفسیرەكەی مەلا حسێنیان پەسەند كردووە.

١-مەلا محەمەد نووری (ئیمام ومودەریس).

٢- مەلا ئەحمەدی بانی(مودەریسی گوندی چغەمیرە).

٣- مەلا محەمەد ساڵح گوزەپانكێ.

٤- موردەیس زادە مەلا عەبدوڵلا ئەفەندی (مودەریس لەهەولێر).

٥- مەلا شێخ جەلالوددینی بەرزنجی (ئیمام ومودەریسی گوندی ترپەسپیان).

(ئەو تەقریزانە، لەلاپەڕەیەكی تایبەتیدا چاپكراون، لەلایەن مەلا حسێنەوە بەچاپی ساڵی (١٩٣٣)ەوە لكێنراوە).

(٣١) لەساڵی (١٩٧٤) مامۆستا و زانا مەلا عەبدولكەریمی مودەریس لەوەڵامی سەرۆكایەتی دیوانی ئەوقاف – لەبەغدا بەم نامە رەسمیەی خوارەوە، تەفسیرەكەی نرخاندووەو داوای كردووە لەسە رئەركی ئەوقاف لەچاپ بدرێ:

بسم الله الرحمن الرحيم

اشارة الى كتابكم المرقم٤٠٣٥ في ١٩٧٤/٢/١٧. حول مطالعة الكتاب المخطوط باللغة الكردية في (تفسير القران الكريم) طالعتُ الكتاب بدقة وتأملتُ في التعبير عن معاني الايات الكريمة، فو جدته كتاباً مضبوطاً نافعاً للمسلمين في فهم مدلولى أي كلمة واي جملة وفي فهم حاصل المعنى بصورة مناسبة ولذلك ارى من الخير للمسلمين الموافقة و التفضل بالامر بطبعه تخليدا لهذا العمل المشكور وشكرا .

التوقيع

المخلص المحب

عبدالكريم محمد

المدرس في المعهد الاسلامي بالحضرة القادرية.

بەداخەوە لەگەڵ ئەو نرخاندنەش لەچاپدانی تەفسیرەکە چەند ساڵێکیش دواکەوت.

(٣٢) بەرگی یەکەمی ((ژیانی ئینسان تەفسیری قورئان)) لەساڵی (١٩٧٨) لە چاپخانەی (کوردستان) لەهەولێر لەچاپ دراوە، بەرگی دووەمی لەساڵی (١٩٨١) لەچاپخانەی (الحوادث) لەبەغدا، هی سێیەمی لەساڵی (١٩٨٣) لەچاپخانەی رۆشنبیری (هەولێر)، بەرگی چوارەم لەساڵی (١٩٨٥) لەچاپخانەی (الحوادث) وبەرگی پێنجەم لەچاپخانەی(ئیرشاد) لەبەغدا لەچاپ دراوە، م. بەشیر حسێن نووسویانیەتیەوەو بۆ چاپ ئامادەی کردوون، چەند بەرگێکی بەیارمەتی ئەمینداریەتی گشتی رۆشنبیری لاوانی ناوچەی کوردستان لەچاپ دراوە.

(٣٣) بڕوانە: (قەصیدەی بوردیە) وەرگێڕانی (مەلا حسین شێخ سعدی) (نووسینەوەو ئامادەکردنی بۆچاپ: بشیر حسین سعدی)- چاپخانەی رۆشنبیری هەولێر- ١٩٨٥- ل (٦) و (٦٦)؛ هەروا بڕوانە: عبدالله فرهادی: الاكليل فى محاسن اربيل- اربيل – ٢٠٠١ ص (٣٣٣-٣٣٤)...

(٣٤) مەلا حسێن بۆکاك بەشیری کوڕی گێڕابووە، کاتێ (لەسەرەتای سەدەی بیستەم) لەخزمەت شێخ ئەسعەدی نەقشبەندی هەولێری زادەدا ((صحیحی بوخاری)) دەخوێنێ، رۆژێکیان ئەم پارچە شیعرە فارسیەی (شێخ ئەسعەد) کەلەبەری بووە بۆ شێخ دەخوێنێتەوە:

چشم امل نپوشم زان چشم چون ستاره

تاخوشتن نەبینم درپی گلوی قناره

تادامن تودارم باك از فلك ندارم

سر میکشم زعالم در جیب پاره پاره

شێخ پێی دەڵێ: چما ئەوە شیعری منە؟

مەلا حسێن دەڵێ: بەڵێ یاشێخ!

(٣٥) بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٦) فەقێ و موستەعیدانی ئەوسەردەمە، حەزیان لە قسەی بەتۆیکل و هەڵێن و موعەمیات بووە. مەحبووبی (چارە دەساڵە)ش، ((پێغەمبەرە)) چاردە، واتە چوار جار (دە) کەدەکاتە (٤٠). محەمەد کوڕی عەبدوڵلا (د.خ) کەبوو بە پێغەمبەر لەتەمەنی چل ساڵان دابووە.

(٣٦) دیدار لەگەڵ مەلا حسین (فانی) لەزستانی (١٩٧٧) سەبارەت بە(نالی)یەوە فەرمووی: ((غەزەلەکانی نالی زۆر بەقووەتن.. لە (تەحید)داقسەی زۆری هەیە، پێدەچێ نەقشبەندی بووبێ)).

(٣٧) بڕوانە: پەراوێزی ژمارە (٢).

(٣٨) مەلا حسێن بەخۆی ئەوباسەی لەساڵی (١٩٧٧)دا بۆ ی گێرایەنەوە، پاشان کاك بەشیری کوڕی پەیوەندی بەنەوەکانی (ساڵح زەکی ساحیبقران) دەکات بۆ ئەوەی دیوانەکەی باوکی بگەڕێننەوە، پێی دەڵێن: ((فەوتاوە)).

(٣٩) مەلا حسێن شێخ سعدی: دیوانی فانی، (بشیر حسین سعدی) کۆی کردۆتەوەو بۆ چاپ ئامادەی کردووە، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ١٩٨٤.

(٤٠) مامۆستا بەشیر سەعدی لەساڵی (١٩٧٧)دا بەشێکی ئەوشیعرانەی بەدەسخەتی خۆی و بەحوزووری باوکی بۆ ئامادەکەری ئەم باسەی نووسیبوو.

(٤١) لەتێکستەکەی لای ئێمەدا ((جێگەی مەطلووب) نووسراوە لە ((دیوانی فانی))دا ((جێگەی مەقصود)) نوسراوە (ل-١٣).

(٤٢) دیوانی فانی: ل(١٣-١٤)

## بەندی پێنجەم
## کانی

عەبدولجەبار ئاغای دۆغرەمەچی

(١٨٩٧- ١٩٥٧/٥/١٢)

### أ – ژیاننامەی ((کانی))

عەبدولجەبار ئاغای کوڕی حاجی مەلا عەبدوڕەحمانی کوڕی حاجی تەها کوڕی حاجی عەبدوڵلا کوڕی عەبدولقادر ئاغا کوڕی محمد ئاغای کوڕی قەرەنی دۆغرە مەچیە [1]. لەبواری شیعردا تەخەلوسی ((کانی))یە.

لەساڵی (١٣١٥) هیجرییدا – کەدەکاتە (١٨٩٧) زایینی [2] لەگەڕەکی ((سەرای)) لەئامێزی بنەماڵەیەکی هەرە کۆنی هەولێر چاوی بەژیان هەڵهێناوە.

سەبارەت بەڕەچەڵەکی بنەماڵەی دۆغرەمەچیان، بۆچوونی جیاواز لەئارادایە، هەندێ کەس دەڵێن: دەچنەوە سەر بەگزادەکانی جافان [3]. هەندێکی تریش دەڵێن: خۆشناون و لەبنجدا خەڵکی دێی ((گڕاو)) بووینە [4].

سەبارەت بەدەسنیشان كردنی ساڵی هاتنە دنیاشی بۆ چوونی جیاواز هەبوو، پێشتروا باو بوو كەگۆیا لەساڵی (١٩٠٢)دا لەدایك بووە[٥]، بەلام لەساڵرۆژی حەڤدە هەمینی وەفاتیدا لەساڵی (١٩٧٥) ئەو هەڵەیە راستكرایەوە، بەوردی ساڵی هاتنە دنیای (١٨٩٧) دەسنیشان كرا.[٦]

لەبەرتیشكی ئەو زانیاریانەی لەبەر دەستدان، پێدەچی ئەو زاتە. بەشێوەیەكی رێك و پێك لەهیچ قوتابخانەیەكدا نەیخوێندبێ. بەلام پێداویستیەكانی ژیان و هاندانی هەندێ لەخزم و كەسانی، بۆتە مایەی ئەوەی بۆماوەیەكی كەم بخرێتە بەر خوێندن و فێری بناما سەرەكیەكانی نووسین و خوێندنەوەبێ[٧].

پاشان بەهەوڵ و كۆششی خۆی، فێری زمانەكانی عەرەبی و توركی و فارسی بووە. لەرێگای خوێندنەوەش دا هەوڵی داوە كوردییەكەی بەهێزتر بكات.

((كانی)) دۆست و هاونشینی دەستەیەك زانای ئایینی و گەورە پیاو و نووسەر وشاعیرانی سەردەمەكەی بووە..

وەكو: محمد مفتی (١٨٧٣- ١٨٤٥)و عەبدورەزاق ئاغای عوزێری و مەلا ئیبراهیم دۆغرەمەچی و عەلی پاشای دۆغرامەچی و ناسیح حەیدەری (١٨٩٨ - ١٩٨٦)و شەریف میهری (١٩٠٣ – ١٩٤٢) وشێخ جەلال (نووری) وشێخ نووری شیروانی و مەلا عەبدوسەلامی مفتی و رەشاد مفتی (خوارزای)و بورهان جاهیدی (برازای)، بێجگە لەوانە لەگەڵ حسێن حوزنی و گیوی موكریانی و مەلا محمدی كۆیی و مەلا مەحموودی (بێخود)و زەكی هەناری و صافی هێرانی و رەفیق حیلمیدا[٨] ئاشنایەتی هەبووە.

م. كەریم شارەزا دەڵێ: (كانی) هەردەم لەناوكەش و هەوایێكی ئەندێشە داری شاعیرانەو لە دنیاییێكی پڕ لەزانیاری و ئەدەبیاتدا ژیاوە. توانیویەتی لەرێگەی خوێندنەوەو خۆ فێركردنەوە، خۆی پێ بگەیێنێ و شیعر بهۆنێتەوەو پەنجە لە پەنجەی زاناو شاعیرە ناودارەكانی كورد بدات.[٩]

(كانی) لەساڵی(١٩٢٨)دا بەسیفەتی فەرمانبەر لەدام و دەزگاكانی میرییدا دادەمەزرێ. تاساڵی (١٩٤٤)لە هەولێرو كەندیناوەو گوێرو شەقلاوەو قوشتەپەو رەواندزو كۆیەدا خزمەت دەكا. لە (١٩٤٤/١١/١٦)یشەوە تا رۆژی وەفاتی (١٩٥٧) لە دام و دەزگاكانی میری لەشاریهەولێردا، درێژە بەخزمەتی دەدات.[١٠]

(كانی) پیاوێكی قسەخۆش و رەوشت بەرزو دەست و دڵ پاك و دڵسۆزی گەل و نیشتمان بووە. قسەی نابەجێ و رەفتاری بەدو ناشیرینی لەكەس قبوول نەكردووە. لە ناڵە بارترین بارودۆخدا، خۆڕاگرو ورەبەرز بووە. بەشعری رەخنەئامێزەوە گاڵتەی بەهەندێ دیاردە كردووە، هەندێ جاریش ناچاركراوە بەچەشنێكی كۆمیدی بەرپەرچی كەسانی فشۆڵ بداتەوە!.

جارێكیان موتەسەرفێكی هەولێر داوای لێ دەكات بەهۆنراوەیەك مەدحی بكات. بۆ ئەوەی لە پۆستێكی میرییدا دایمەزرێنێ. عەبدولجەبار ئاغای (كانی) بەم هۆنراوەیە وەڵامی دەداتەوە:

سەرفرۆ ناكەم بۆ عالەم چونكی عالی هیمەتم

ناچوێنم بۆ هەموو دنیا لە دەستم رەغبەتم.[١١]

كاربەدەستەكە بەسەرخۆیدا دەشكێتەوە. شەرم دایدەگرێ، یەكسەر فەرمانی دامەزاندنی دەر دەكات.

لەرۆژی (١٩٥٧/٥/١٢)دا، دڵە پڕلە هیواو ئاواتەکەی (کانی) لەلێدان دەکەوێ وخوا حافیزی لە وڵاتو خۆشەویستان دەکات، تەرمەکەی لە قەبرستانی گەورەی شار، لە ئاغەڵیدۆغرەمەچییاندا بەخاک دەسپێردرێ. ئەوبەیتە شیعریە لەسەر کێلی ئارامگاکەیدا هەڵکەندراوە:

خزمینە وەرن تاکو بەقوربانی وەتەن بین

قوربانی چیاو دەشتو بیابانی وەتەن بین[١٢]

## ب- پلەوپایەی ئەدەبی (کانی)و بەرهەمەکانی

شیعرەکانی ((کانی)) لە زووەوە – لەرۆژگاری خوێدا – سەرنجی شاعیرو نووسەرو بەهرەمەندو ئەدەب دۆستانی راکێشابوو. لەهەندێ (بۆنە)دا، بەتایبەتی لە ئاهەنگەکانی مەولوودی پێغەمبەر (د.خ) غەزەلەکانی بە شێوەی ((مەقام)) لەلایەن مەقام زان و دەنگ خۆشی هەولێری ((حاجی عەبدوڵڵای دەف ژەن))[١٣]وە پێشکەش کراوە.[١٤] هەروا حەیران بێژی گەورەو ناسراوی کورد ((رەسوول بێزار گەردی)) لەبەشی کوردی رادیۆی بەغدا دا، چەند پارچە شیعرێکی ((کانی)) بەشێوەی ستران پێشکەش کردووە.[١٥] غەزەلی ((خزمینە وەرن تاکو بەقوربانی وەتەن بین)) لەلایەن شاعیری جوانەمەرگی هەولێری ((محمد شەریف میهری))یەوە (١٩٠٣- ١٩٤٢) بەتەرزێکی جوان تەخمیس کراوە.[١٦] دوو پارچە شیعری دیکەیشی بەجیا لەلایەن شاعیری ناودار ((بوهان جاهید)) (١٩١٨- ١٩٩١)و پارێزرە ((محمد سائیب نەقشبەندی))یەوە کراون بە پێنج خشتەکی.[١٧] شاعیری کلاسیکی ناوداری کورد مەلامەحموودی ((بێخود))یش (١٨٧٩- ١٩٥٥) هۆنراوەیەکی لەستایشی ((کانی)) لەکۆتایی سییەکانی سەدەی بیستەم دا نووسیوە.[١٨] لەساڵانی (١٩٣٥- ١٩٣٦) کەگۆڤاری (رووناکی) لەهەولێردا دەرچووە، چەند هۆنراوەیەکی ((کانی)) تیایدا بڵاوکراونەتەوە[١٩]، لەناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی بیستەمیش، لەگۆڤاری ((هەتاو))دا ناو بەناو شیعری ((کانی)) بڵاوکراوەتەوە.[٢٠] ئەو نوختانەی سەرەو، نیشانەی ئەوەن کەلە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە ناوی ((کانی)) کەوتۆتە بەر چاوان ولە نێوەندی رۆشنبیری کوردییدا پلەیەکی تایبەتی پەیداکردووە.

### *((کانی)) دوو کتێبی چاپکراوی هەیە کە ئەمانەن:*

١- داستانی ((لەیل و جنوون)): لەبنجدا شاکارێکی ئەدەبی شاعیری گەورەی تورک ((فزوولی))یە (١٤٩٨- ١٥٥٦ز)، عەبدولجەبار ئاغای ((کانی)) بەهۆنراوە، لەقاڵبی مەسنەوییدا بۆ سەر زمانی کوردی تەرجەمەی کردوەو بەرگێکی قەشەنگی کوردیی لەبەر کردووە. سێ جاران ئەو بەرهەمەی ((کانی)) لەچاپخانەی ((کوردستان)) لەچاپدراوە.[٢١] مامۆستا خانزاد عەلی قادر، لەنامەی ماجستێرییدا: ((رەنگدانەوەی لەیلاو مەجنوون لە ئەدەبی کوردیدا)) (١٩٩٢) لە چەند لایەنێکی بەرهەمەکەی ((کانی)) کۆڵیوەتەوەو نرخی هونەری و مێژوویی لە بواری ئەدەبیاتی کوردییدا دەسنیشان کردووە.[٢٢]

٢- ((دیوانی کانی)): لەلایەن م. موەفەق ئەکرەم -کانی -کوڕەزای شاعیرەوە، کۆکراوەتوە، م. کەریم شارەزا پێشەکیی بۆ نووسیوە، لەساڵی (١٩٨٠)دا لەبەغدا لەچاپدراوە.

ئەم کتێبە کەبەناونیشانی ((دیوانی کانی))ە، بێجگە لەشیعرە پەرتەوازەکانی شاعیر، کۆمەڵێک شیعرو نووسینی پەیوەندار بەشاعیرەوە لەخۆ گرتووە.

## ج- چاوپیاخشاندنێکی خێرا بەدیوانی کانیدا

بەشێکی شیعرەکانی ((کانی)) لەقاڵبی ((غەزال))و چوارین ((وپێنج خشتەکی)) دان، بەشەکەی تریشی- بێجگە لە فەردەکانی- لەبنەماکانی شیعری کلاسیکی دوور کەوتوو نەتەوە وخزاونەتەوە ناوخانەی شیعری میللیەوە.

لەرووی ناوەڕۆکیشەوە، بریتین لەشیعریئەڤینی(تەشبیب)و مەینۆشیو شانازیو ستایشو (هەجو)و پەندوحیکمەتو شیعری موناسەبات. بۆی هەیە بگوترێ بەکوردییەکی رەوانو ئاوازدارەوە نووسراون، شێوەی ئاخافتنی هەولێر بەسەریاندا زاڵە، خوێنەری ئاسایی بەماندوو بوونێکی کەم لەناوەڕۆکی شیعرەکان حاڵی دەبێ. جگە بەکارهێنانی هەندێ وشەو پەیڤی عەرەبیو فارسی، شاعیر ئەوەندە خۆی بەهونەرەکانی بەلاغە ورەوانبێژییەوە خەریك نەکردووە. ئەو نوختەیەش هێمایەکە کە(کانی) بەسەلیقە شاعیر بووە، لای ئەو شیعربە سرووشو ئیلهامەوە پەیوەست بووە.

لەو شیعرانەیکە مۆرکی کلاسیکیان پێوەیە، شاعیر پەنای بۆ کۆمەڵێک تەعبیراتی باوی شاعیرە کلاسیکیەکانی کوردو میللەتانی تری رۆژهەلاتی موسلمان بردووە.

لەغەزەلێکدا دەڵێ:

ساقی وەرە ئیمشۆکە لەبۆم تێکە پیالە.

بۆمەزە لەرووت کافیە ئەم دانەیی خاڵە.

.................

چەند خۆشە بکەم دائیمە من وەسفی جەماڵت

زوڵفت شەوی تاریکە. برۆت عەینی هیلالە[٢٣]

لەو دووبەیتەی سەرەوەدا. وشەکانی ((ساقی))و ((پیالە))و (دانەیی خاڵ)و (جەمال)و (زولف)و (برۆ)و (هیلال) بەکارهاتوون. (زولف)بە شەوی تاریكو (برۆ) بەهیلال شوبهێنراوە کەدوو وەسفی باوی شیعری کلاسیکین. وشەکانی (ساقی)و (دانەیی خال) وئەوانیتریش بەمەعنای حەقیقی بەکار هێنراون، جگەلە مانا رواڵەتیەکانیان، مانای شاردراوەی تریان نیە.

هەمان یاسا بەسەر وشەی((غەمزە))ی بەیتی خوارەوەش تەتبیق دەکرێ:

ئەمڕۆ چ عەجەب هاتیی لە پێشم گوزەرت کرد

جانم لە بەدەن جانە بەیەك غەمزە[٢٤] دەرت کرد

وشەكانی ((جانم)) و ((جانە))ش لەباتی ((گیانم))و ((گیانە))دا بەكارهێنراون، ئەم دیاردەیە لەهەندێ شیعری ((كانی))دا دووبارە دەبێتەوە.
لەهۆنراوەیەكی ئەڤینی دیكەشدا كە لەقاڵبی چوارین داڕێژراوە ((كانی)) بەم تەرجیع بەندە كۆتایی بەهۆنراوەكە هێناوە:

سەد ئەسمەری شیرین سوخەن وعاقل وخۆش خوو
سەد سوحبەتی خۆش جلوەنما عەنبەری گێسوو
سەد دعارچی گوڵ ئەهلی سەفا، شاهیدو مەهروو
هەرێیكی بەسەد لەهجە بڵێ: (كانی) بفەرموو!
(مەیلم لەتۆ ڕەت نابێ ئەیا شۆخی ستەمكار
رۆح وبەدەنم جانە بەقوربانتە سەدجار)[٢٥].

(كانی) لەو هۆنراوەیەدا، وەستایانە وشەو تەعبیراتی فارسیو عەرەبی بەكارهێناوە، ریتمو مۆسیقاو ئاوازێكی جوانی ئاخنیوەتە ناو بەیتەكانییەوە.
ئاشكرایە كەوەختێك لەو جۆرە شیعرانە دەكۆڵرێتەوە، پێویستە مرۆڤ تەواوی باروودخی رۆشنبیریو سیاسیو كۆمەڵایەتی ئەو قۆناغە لەبەر چاو بگرێ، چونكە ئەوساكە بەكارهێنانی وشەو تەعبیراتی بیانی، بەشێك بووە لە بنیاتی هۆنراوە. پاشان بزووتنەوەی نوێ خوازی سەری هەڵدا، بژار كردنی زمانی كوردی لەوشەی بیانی ئامانجێكی سەرەكیی ئەو بزوتنەوەیەبوو..
لەبواری نیشتمان پەروەرییدا، (كانی) چەند پارچەشیعرێكی جوانی هەیە، ناودارترینیان ئەوپارچە شیعرەی خوارەوەیە كە پێشتریش ئاماژەی بۆ كراوە:

خزمینەوەرن تاكو بەقوربانی وەتەن بین
قوربانی چیاو دەشتو بیابانی وەتەن بین
تاكەی لەكون وقوژبنی وێرانە بمینێن
بائیدی لە سەركۆششی عیمران وەتەن بین
تادەڵێ:
تاكەی ئەدوێی (كانی) لەئەوسافی خەتو خاڵ
واچاكە لەمەولا كەغەزەلخوانی وەتەن بین[٢٦]!
لەبواری شانازی بەخۆكرنیشدا ئەم هۆنراوەیە باشترین نمونەی شیعرەكانیەتی:
سەرفرۆناكەم بۆعالەم چونكە عالی هیمەتم

ناچوێنم بۆ هەموو دنیا لەدەستم رەغبەتم
نابمە سائیل لەعالەم، سائیلە عالەم بەخوا
عیزەتی نەفسم هەیە نالێمە (حاتەم) قبیلەتم
تادەڵێ:
عاریفی عەسرم، ئەدیبم، حور وسەربەستو فەهییم
بێ موحابا شاعیرم، مەشهوورە(کانی) شوهرەتم[٢٧].

لەمەیدانی هەجووشدا (کانی) ئەسپی خۆی تاوداوە، لەداشۆرینی فەرمانبەرێکی نەفام و بەدفیسالْدا، کەلەدایەرەکەیدا کاری کردووەو هەمیشە خەریکی جرتو فرت و خۆ هەڵکێشان بووە، (کانی) بە (کەرە دێزەی) شوبهاندووەو هەشت پارچە چوارینی پێشکەش کردووە:

هەیتم کەرەکی دێزە چ عیفریتو بەهێزە
وەك جووتی دەکا راستە خەتی ریزی لەرێزە
جۆی ناوێ بەرەڵای کەلەناو پووش و پەرێزە
(قوربانی گونت بێ دەنی مەشرەب کەرەدێزە)

لە پەرەگرافێکی دیکەدا دەڵێ:

وەك ئەسپە سەر و گەردەنی گوێی قیت وجوانە
باکی نیە هەر چەندی بکەی باری گرانە!
ئەمسالی نیە قەتعی لەناو قەومی (کەر) انە[٢٨].

بەبۆنەی دروست کردنی ساختمانی قوتابخانەی یەکەمی هەولێریشەوە (کانی) لەساڵی (١٩٣٠)دا شیعرێکی نووسیوە، تیایدا دەڵێ:

لەهەولێر مەدرەسەی ێیکەم گوشا بوو
هەموو مەکتەبب لەهەژمەت مونحەنا بوو[٢٩].

بۆژنانیش شیعرێکی نووسیوە:

ئەم یتە بۆ ژنانە
بۆ خراپ وچاکانە
هەندێك ژن، هەندێك ژانە
هەندێك رۆحی رەوانە
....
هەندێك ئیشی بوختانە
هەندێك سوسن و رەیحانە[٣٠].

هەروەكو بینیمان، بۆی هەیە (كانی) هەم لەخانەی شاعیرانی كلاسیكدا پۆلێن بكرێ، هەمیش لەگەڵ شاعیرانی میللیدا ناوی تۆمار بكرێ.

ئەگەر جۆرەكزیەك، یاچەشنە لاوازییەك، لەهەندێ لەهۆنراوەكانیدا بەدی بكرێ، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ ئەم شاعیرە رۆڵی مێژوویی خۆی نەبینیووە بەڵكو، هەروەكو بینیمان، لەو قۆناغەی كەتیایدا ژیاوە، بەوپەڕی لێوەشاوییەوە، وەكو یەكێك لە پێشەنگەكانی شیعری كوردی لەهەولێردا رۆڵی خۆی بینیوەو ئەركی سەرشانی خۆی ئەنجام داوە.

## سەرەنج و پەراوێز

(١) كانی: دیوانی كانی (موەفەق ئەكرەم كانی كۆی كردۆتەوە). (كەریم شارەزا پێشەكی بۆ نووسیوەولێكی داوەتەوە) چاپخانەی (الحوادپ) بەغدا – ١٩٨٠- ل(٥).

(٢) كەسایەتی و شاعیری هەولێری: عەبدورەزاق ئاغای عوزێزی – كەبۆماوەیەك لەكۆتایی سەدەی نۆزدەهەم وسەرەتای سەدی بیستەمدا سەرۆكی شارەوانی هەولێربووە- بەباوكی (كانی) دەڵێ: ناوی لێ بنێن ((عبدالجبار اغا))، چونكە ئەو (ناوە) بەكۆكردنەوەی حەرفەكانی (بەپێی سیستەمی ئەبجەدی)، ساڵی لەدایك بوونیەتی(١٣١٥)هـ.

{ خوالێخۆشبوو (حاجی ئەكرەم)ی كوڕی (كانی) لەساڵی (١٩٧٥)دا ئەم حیكایەتەی بۆئامادەكەری ئەوباسە گێڕایەوە} هەروا لەم بارەیەوە بڕوانە ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

أ- وتاری: ((فی ذكری وفاه الشاعر الكردی (كانی) شاعر الحب والوگنیه))- رۆژنامەی (التاخی))- ژمارە (١٩٠٧)، بەغدا- ١٩٧٥/٥/١٢. ل (٣).

ب- كەریم شارەزا: ((كانی كێ یەو لەچ ساڵێكدا لەدایك بووە؟)) گ ((بەیان))- ژمارە (٦١) – بەغدا- ١٩٨٠. ل(٢٠-٢٥).

ج- ((دیوانی كانی))- ل (٧).

د- كەریم شارەزا: لەسیی حەوتەمین ساڵرۆژی كۆچی دوایی شاعیری شیعری سەربەرزی كانی (١٨٩٧-١٩٥٧).رۆژنامەی ((برایەتی)) ژمارە (١٩٤٣)- هەولێر- ١٩٩٤- ل(٦).

(٣) گۆڤاری ((هەتاو))- ژمارە (٩٧)- هەولێر (١٩٥٧/٥/٢٠) ل (٢١)؛ كانی: لەیل و مەجنوون، چاپی سێیەم- هەولێر- ١٩٦٩- ل (٣)؛ دیوانی كانی، ل(٧).

(٤) ناسیح حەیدەری : دیوانی حەیدەری. (شێروان حەیدەری ئامادەی كردووە)- هەولێر- ٢٠٠٠- ل (٢٥٦).

سەرەنج:

(گراو) گوندێكە لەقەد پاڵی چیای پیرمام (هاوینە هەواری سەلاحەدین) لە پارێزگای هەولێر، قوتابخانەیەكی زانستیی كۆنی لێ بووە.

(٥) عبدالغني علي يحيى: بیرەوەری شاعیری نەمر ((كانی)) گۆڤاری ((هەولێر))- ژمارە (١) سالی دووەم- هەولێر- مایسی/ ١٩٧١- ل (٣).

*سەرەنج*

ئەوکاتە شارەوانی هەولێر ئەو گۆڤارەی دەردەکرد، هەروا بڕوانە: محمد امین پێنجوێنی: كانی. (گۆڤاری (کاروان، ژمارە (٣٢). هەولێر – ١٩٨٥- ل(٤).

(٦) بڕوانە پەراوێزی ژمارە (٢).

(٧) دیوانی (كانی)، ل (١٠).

(٨) (دیوانی كانی)، ل (١١).

(٩) هەر ئەوێ ل (١١).

(١٠) هەر ئەوێ ل (١١-١٢).

(١١) دیوانی كانی- ل (٢٧).

(١٢) لەسەر كێلی ئارامگاكەی لە قەبرستانی گەورەی هەولێردا ئەو شعرە هەڵكەنراوە.

(١٣) حاجی عەبدوڵلای مەقامزان و دەف ژەن: کوڕی خەلیفە یونسی نانەوا کوڕی دەروێش قادری خۆشناوە: لەسالی (١٩٠٢) لەگەڕەکی عارەبان لەشاری هەولێر لەدایك بووە. قورئانی پیرۆز وهەندێ کتێبی سەرەتایی لەخزمەتی مامۆستایان: مەلا محەمەدی دێرە برووشە (لەمزگەوتی دێرە برووشـە) و مەلا عـەبدوڵلای مـەلا محەمەد ئەمینی بێتواتەیی و مامۆستا ئەلیاس ئەفەندی (لەمزگەوتی شێخی چۆلی)دا دەخوێنێ، دەنگی زۆر ناسك و خۆش بوو، لەتەجوییدو مەقامدا شارەزا بوو، لەزۆربەی ئاهەنگەكانی مەلوودی پێغەمبەردا بەخۆی وتیپەكەی كەلە (پا پخە كۆر) و موتەلەیب و دەروێش ئەحمەدو هی تر پێك هاتبوو بەشداریان دەكرد. دۆستی (صافی هێرانی) بووە لەرۆژی (٥) مایسی / ١٩٦٣ كۆچی دوایی كردووە، تەرمەكەی لەگۆڕستانی (ئیمام محەمەد) بەخاك سپێردراوە..

{بڕوانە: جەلال خدر: حاجی عەبدوڵلای مەقامزان و دەفژەن: (١٩٠٢-١٩٦٣)} - گۆڤاری ((هەولێر))- ژمارە (٧) هاوینی سالی (٢٠٠٠). ل (٩٦- ١٠٠).

(١٤) (كانی) هاوڕێی حاجی عەبدوڵلای دەفژەن بووە، لەهۆنراوەی ((كەرە دێزە))دا بەم شێوەیە باسی دەكات:

پێستیشی دەغارێ لەبۆ دەف بیدەمە (حاجی)
دەكرێتەوە ئەوجا لەمەقام (حاجی) میزاجی
لێدەدەفی كەر (پا پخەكوێر) كەتیە رەواجی
قوربانی گونت بێ دەنی مەشرەب كەرە دێزە!

{بڕوانە: دیوانی كانی – ل (٣٦)}.

(١٥) رسول بێزار گەردی: بژار. چاپخانەی (دار المعرفە) بەغدا- مانگی گولان- ١٩٥٧- ل (٥٦-٥٧).

(١٦) (بەشێك لەدیوانی میهری) – بژاردن و ئامادە كردنی عزیز گەردی، چاپخانەی راپەڕین- سلێمانی- ١٩٧٧، ل(٦٢)؛ (دیوانی كانی)، ل (٦٥-٦٧)؛ د. عەبدوڵڵا حەداد: ژیاننامە و شیعرەكانی (میهری)- هەولێر ١٩٩٧، ل(٣٦).

(١٧) دیوانی كانی)، ل (٦٨-٧٢).

(١٨) (دیوانی كانی) ل (٧٥-٧٦).

(١٩) (دیوانی كانی) ل (٥٦) و (٦٣).

(٢٠) بڕوانە ئەو ژمارانە خوارەوەی گۆڤاری ((هەتاو) كە لەهەولێر دەرچووە:

- ژمارە (٧) لە ١٩٥٤/٨/١٥- ل (٣).

- ژمارە (٢٤) لە ١٩٥٥/٣/١٠- ل (٥٠).

- ژمارە (٢٧) ١٩٥٥/٤/١٠ ل (١٠-١١).

(٢١) چاپی دووەمی (لەیل و مەجنوون) لەساڵی (١٩٦١)و چاپی سێیەمیشی لەساڵی (١٩٦٩)دا لە چاپخانەی كوردستان لەهەولێر لەلایەن م. گیوی موكریانیەوە بڵاو كراوەتەوە.

(٢٢) خانزاد عەلی قادر: ڕەنگدانەوەی لەیلاو مەجنوون لەئەدەبی كوردی دا (نامەی ماجستێر لەئەدەبی كوردیدا) لەساڵی (١٩٩٢) بەكۆلیجی ئادابی زانكۆی سەلاحەدین پێشكەشكراوە (بەئامێری چاپ لەچاپ دراوە) – ل (١٦٣-١٦٩).

(٢٣) دیوانی كانی- ل (٤١).

(٢٤) دیوانی كانی- ل (٤٥)

(٢٥) دیوانی كانی- ل (٥٠)

(٢٦) دیوانی كانی- ل (٢٨).

(٢٧) دیوانی كانی- ل (٢٧).

(٢٨) دیوانی كانی- ل (٣٤-٣٧).

(٢٩) دیوانی كانی- ل (٣٩).

(٣٠) دیوانی كانی- ل(٣٧-٣٨).

## بەندی شەشەم

**ناسیح حەیدەری (١٨٩٨-١٩٨٦)**

**أ- ژیاننامەی ناسیح حەیدەری**

ناسیح كوڕی عەبدوڵلا ئەفەندی كوڕی مەلا سەبغەتوڵڵای گچكەی كوڕی مەلاسەبغەتوڵڵای گەورەیە، بە نۆ پشت دەچێتەوە سەرمەلا حەیدەری یەكەمەوە[١].

دایكی (هەییەت خانی) كچی عاسم ئەفەندی وخوشكی ئیبراهیم حەقی ئەفەندی حەیدەری زادەی شێخوئیسلامە[٢].

ناسیح حەیدەری لەساڵی (١٨٩٨)، لە گەڕەكی سەرا لەقەڵای هەولێرێ پێی ناوەتە كۆڕی ژیانەوە. لەتەمەنی شەش ساڵیدا خراوەتەبەر خوێندن[٣]. لەساڵی (١٩٠٨)دا باوكی پۆستیقازیەتی (نائب الشرع)ی لەكوردستانی باكووردا وەردەگری، لەوێش درێژە بە خوێندن دەدا. لەساڵی (١٩١٠)دا عەبدوڵڵا ئەفەندی

باوكی لەتافی لاویی‌دا لەشاری جەزیرەی (بۆتان)دا كۆچی دوایی دەكات[٤]، ناسیح و سەعید ئەفەندی برا گەورەی لەگەڵ دایكیان بەدڵشكاوی و بەكوڵی خەمەوە دەگەڕێنەوە بۆ شاری هەولێر. ئەوساكە تەمەنی دوانزادە ساڵان بووەو لەمەكتەبی میرییدا درێژە بەخوێندن دەدات[٥].

لەساڵی (١٩١٦) لەگەرمەی جەنگی جیهانی یەكەمدا، بەهۆی لەبەریەك ترازانی دام و دەزگاكانی دەوڵەتی عوسمانی و تێكچوونی بارو دۆخی زانستی، دەستی لەخوێندنی رەسمی هەڵگرتووە، رووی دەمی لەخوێندنی مەدرەسەی ئایینی كردووە[٦].

بۆ ماوەی نزیكەی دووساڵ خەریكی خوێندنی (صرف)و (نحو)ی عەرەبی و (منطق) بووە. لەبواری زانستی (صرف)دا، تەصریفی مەلا عەلی و (زنجانی)و (مراح)و (مقصود)و (جامی)و (كافیە)و (اظهار) و عەواملی جورجانی و (انموذج)ی تەواو كردووە. لەزانستی (منطق)شدا: ((فناری)و (قول احمد)ی خوێندووە. لەبەر درێژە پێدانی شەڕوگرانی وقات و قڕی، دەستی لەخوێندن هەڵگرتووە[٧].

ناسیح حەیدەری دەڵێ: كاتێك كەجەنگ بڕایەوە ئینگلیزەكان لە پاییزی ساڵی (١٩١٨)دا هەولێریان داگیركرد، من دەستم لە خوێندن هەڵگرتبوو. ببوومە خوێندەوارێكی باش، هەر كتێبێكی عەرەبی و توركی و فارسی و دیوانی شیعری شاعیرە ناودارەكانی كوردم كەوتبایە بەردەست، بەوردی هەموویانم دەخوێندەوە، بەربەرە توانیم شارەزاییێكی تەواو لە زمان و ئەدەبیاتانەدا پەیدا بكەم[٨].

هەر لەوساڵەدا (١٩١٨) سەعید ئەفەندی برا گەورەی ناسیح لەتەمەنی بیست و دوو ساڵیدا كۆچی دوایی دەكات.[٩] ئەم مەرگەساتە جەرگ بڕە تەواو بارودۆخی خێزانەكەیان دەشلەژێنێ لەساڵی (١٩٢٠)دا سەبغەتوڵلا ئەفەندی‌گچكەی كوڕی سەبغەتوڵلای گەورەی بابیریشی وەفات دەكات[١٠]..

ئەو ماوەیە، ناڵەبارترین قۆناغی ژیانی شاعیرمان بووە، لەشكری خەم لەهەموولایەكەوە ئابلووقەی داوە، ئەركی دڵدانەوەی دایكی جەرگ سووتاویشی لەئەستۆدابووە. ئەو دایكەمیهرەبان و ئایندارەش لەئاستی خۆیەوە تێكۆشاوە خەم‌وخەفەتی كوڕە تاقانەكەی سووك كاتەوە. ئەوهەناسە غەماوییە، لەساڵی (١٩٣٥)دا، لەوهۆنراوەیەدا رەنگی داوە ئەوە كە بەبۆنەی كۆچی دوایی دایكیدا هۆنیویەتیەوە:

دەستی كرد دیسان بەباران هەوری غەم
ساخودا (ناسیح) دەڵێ: من چی‌- بكەم؟
رۆیی (هەیبەت خان) لەبۆ قەسری جینان
سەد درێغ واحەسرەتا بۆ دایكە كەم[١١]!

ئەو ئاوازە خەماوی و حەسرەت ئامێزە، تادواساتەكانی ژیانی ناسیح حەیدەری، رەگەزێكی دیاری پێكهاتەی كەسایەتیەكەی بوو.

لەساڵی (١٩٢٥)دا بەفەرمانبەری میری دادەمەزرێ، بۆماوەی (٣٠) ساڵ لەدادگاكانی (هەولێر)و (كەركووك)و (سلێمانی)دا كاری كردووە، لەساڵی (١٩٥٥) دا لەسەر داوای خۆی خانەنشین كراوە[١٢] ئیتر خەریكی زراعەت و كشت‌وكاڵ بووە.

بەو پێیەی ئەو زاتە یەكێك بووە لەكەسایەتی كۆمەلایەتی و رۆشنبیرییە هەرە دیارەكانی شاری هەولێر، لەگەڵ سەرجەم گەورە پیاوو زاناو مەلا ونووسەر وشاعیرو خوێندەوارانی هەولێرو دەوروبەرییدا ئاشنایەتیەكی رێك و پێكی هەبووە، هەروا بەحوكمی كاركردنی لەسلێمانیو كەركووك، چەندین نووسەرو شاعیرو رووناكبیری ئەودووشارەی لەنزیكەوە ناسیووەو لەگەڵیانا راییواردووە[١٣].

لەتەمەنی پیریشدا، دیوەخانی (ناسیح حەیدەری) ئاوەدان بوو، كەسانی قەدرزان و سیاسی و شاعیرو نووسەرو رووناكبیران روویان تێ دەكردو سوودیان لەقسەخۆشەكانی وەردەگرت، سەبارەت بە رەچەڵەك ومێژووی كوردستان بەگشتیو هەولێر بەتایبەتی وەڵامی گەلێ پرسیاریان دەست دەكەوت[١٤]. چونكە لە پاڵ شارەزایی لە بواری شیعرو ئەدەبیاتدا رەچەلەكناسێكی كەم وێنە بوو، هەروا ئاگای لەدەیان رووداوی مێژوویی بوو، لەهەمان كاتدا خاوەنی بیرێكی تیژو یادێكی بەهێز بوو، پیری بەهیچ كلۆجێك نەیتوانی بوو كا رلەبیرو مێشكی بكات.

لەرۆژی ١٩٨٦/١١/٢ دڵە پڕ لەخەمەكەی، لەتەمەنی هەشتاو هەشت ساڵیدا لەلێدانی دەكەوێ وتەرمەكەی لەقەبرستانی حەیدەریاندا بەخاك دەسپێردرێ..

بەمەرگی ناسیح حەیدەری سوارچاكێكی قاڵبووی شیعر وئەدەبیاتی كوردیو پاسەوانێكی وەفاداری یادگارە جوانەكانی شاری هەولێری دێرینمان لەدەست چوو.

كتێبخانەی زانكۆ
دوریات
گۆڤارو رۆژنامەو زنجیرە دەكرێتەوە

### ب - ناسیح حەیدەری ودنیای شیعرو ئەدەبیات

ناسیح حەیدەری- هەروەكو خۆی فەرموویەتی: - لەوكاتەی كە لەمەدرسە ئایینیەكەی قەلاتدا خەریكی خوێندن بووە (١٩١٦-١٩١٨). لەرێگەی برا جوانەمەرگەكەی (سەعید ئەفەندییەوە) بەدنیای ئەدەبیاتدا شادبووە. یەكەم جار مەیل و ئارزووی بەرەو دنیای چوار چوارینەكانی (خەیام) چووە. لەكاتی خوێندنی دەرسی فارسیشدا شیعرەكانیسەعدی شیرازی (١٢٩١ز) لەبەر كردووە[١٥].

لەبەرتیشكی پێنج خشتەكیەكانی حەیدەریدا، روون دەبێتەوە كە شیعرەكانی مەولانا خالیدی نەقشبەندی (١٧٨٧- ١٨٢٧)[١٦] ومەلا خدری نالی (١٨٠٠؟ -١٨٧٣) و عەبدورەحمان بەگی ساحیبقران (سالم) (١٨٠٥-١٨٦٩) و حاجی قادری كۆیی (١٨٢٤؟-١٨٩٧) ومەحوی (١٨٣٢-١٩٠٦) وشێخ رەزای تالەبانی (١٨٣٥-١٩١٠) و (وەفایی) و (صافی) و (زێوەر) و (عەلی باپیر ئاغا) و (نووری شێخ سالح) وهی تر بە دڵی بووبن و لەلایەیدا پەسەند بووبن[١٧]. بەقسەی م. كەریم شارەزا: مەستی شیعرە پڕ وردەكارییەكانی (نالی) وشیعرە ناسك و پاراوەكانی (وەفایی) بووە[١٨].

ئەگەرچی حەیدەری دەیان شاعیری هاوچەرخی خۆی ناسیبوو ،بەلام بۆ مێژوو پێویستە بوترێ شێخ نووری شێخ سالح (١٨٩٨-١٩٥٨) رێزێكی تایبەتی لە لادا هەبوو بەو پێیەی كەدۆستی بووەو خاوەنی رەوشتێكی بەرز بووە، چونكە (حەیدەری) لەنرخاندنی ئەوكەسانەی كەناسیبوونی بە پلەی یەكەم حسیبێكیتایبەتی بۆرەوشتو ئەخلاقیانی دەكرد. هەر لەم روانگەوە تەنكیدی دەكردەوە كە پێویستە مێژوونووس لەتۆماركردنی

ڕووداوەکانی مێژوودا، بێ لایەن و وردبێ، بۆ دەسخستنی سەرەنجامی سوود بەخشیش، نابێ ڕووالەتی مێژوو بشێوێنێ، لەم بارەیەوە هەڵوێستی ئیبراهیم حەقی حەیدەری زادەی (خالی)، بە نموونە دەهێنایەوە.

حەیدەری لە پاڵ زمانی کوردییدا، عەرەبی و فارسی و تورکی دەزانی، ئاگاداری چەند لایەنێکی مێژووی ئەدەبیاتی ئەو میللەتانەش بوو. هەروا کۆمەڵێك غەزەلی شاعیرانی هەولێری سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی لەبەرکردبوو. دەیزانی لە چ موناسەبەیەکدا هۆنراو نەتەوە. گەلێ شتی وردی سەبارەت بەژیاننامەیان لەمێشکیدا نەقش کرابوون کەلەهیچ سەرچاوەیەکدا نەنووسراونەتەوە[١٩].

زانیاریەکانی (حەیدەری) سەبارەت بە (نالی) وخوێندنی لە (ماوەران) و ئامادە بوونی لەئاهەنگی کردنەوەی مزگەوتی خانەقا خالیدی لەهەولێردا، هەروەها زانیاریەکانی سەبارەت بەمەولانا خالید وچەندین کەسایەتی گەوری تر. پێویستە بەجدی و وەربگیرێ[٢٠].

### ج- *دیوانی حەیدەری*

(ناسح حەیدەری) بەرلەسالی (١٩٢٠) دەستی بەشیعر نووسین کردووە، بەلام تاسالی (١٩٧٥) بایەخی بەکۆکردنەوەی شیعرەکانی نەدابوو، لەو ساڵە بەدواوە، ئەگەر چی بەسالاچوو بوو، بەهاندانی هەندێ کەسی قەدرزان، لەدفتەرێکدا، بەخەتەخۆشەکەی بەشێکی شیعرەکانی نووسیوەتەوە[٢١] ئاواتی هەرەگەورەی ئەوە بووە، لەدوای مەرگیدا ئەو شیعرانە، وەکو چەپکە گوڵێکی ڕەنگین بۆ یادگار بەگەلەکەی پێشکەش بکرێت[٢٢].

لەسالی (٢٠٠٠)ی زایینیدا مامۆستای پارێزەر (شیروان حەیدەری) کوڕێ شاعیر بە پێشەکیەکی لەبار، دەفتەری شیعری ونووسینەکانی تری باوکی بەناونیشانی (دیوانی حەیدەری) لەکتێبێکی (٢٦٨) لاپەڕییدا بەچاپ گەیاند. بەم کارە دوو ئامانجی گەورەی پێکا. یەکەم: وەسیەتەکەی باوکی بەجێ گەیاندکە فەرمووبووی دوای مەرگی شیعرەکانی لەچاپ بدرێن، دووەمیان: ئەو شیعرانەی خستە بەر دەست و دیدی خوێنەرو شارەزایانی ئەدەبیاتی کوردییەوە، بۆ ئەوەی لەنزیکەوە بەلا پەڕەیەکی تری مێژووی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی لەشاری هەولێری خۆشەویستدا ئاشنا بن[٢٣].

ئەوەی ڕاستی بێ، زاراوەی دیوان- هەر وەکو ئێستا باوە-بەواتای سەرجەم هۆنراوەکانی شاعیر بەکار هاتووە، نەك بەچەمکە کلاسیکیەکەی کە پێویستی دەکرد شاعیر هەموو حەرفەکانی ئەبجەدی وەکو (ڕەوی) بۆ قافیەی شیعرەکانی بەکاربهێنێ، بۆ ئەوەی بڵێن دیوانی هەیە. چونکە شیعر لای ئەو زاتە سەنعەت نەبووە، مەبەستیشی نەبووە دیوانێکی کلاسیکی ئامادەبکات. (ئەو) پتر بایەخی بەناوەڕۆك داوە[٢٤]، هەربۆیەش سیستەمی (ڕەوی) لە پۆلین کردنی دیوانەکەیدا پەیرەو نەکراوە.

شیعرەکانی حەیدەری، چ لەرووی دارشتن و تەکنیکی هونەریەوە، چ لەرووی ناوەڕۆکەوە، ڕەنگدانەوەی ئەو قۆناغە مێژووییەن کەتیایدا ژیابوو، شیعر- لای ئەو- وەسیلەیەك بووە بۆ تەعبیر کردن لەهەست و نەست و ڕازونیازی، ئامرازێك بووە بۆ ڕەواندنەوەی خەم و خەفەتی، هەولی داوە لەئاست دیاردەکانی کۆمەڵ و، لەئاست ژیان ومرندا، بەچەند بەیتێکی کوردی کلاسیکی ئامێز، خەمەکانی هەلڕێژی، خویمان پێ بناسێنێ،

ڕەنگە بایەخێکی ئەوتۆی بەرزاندنەوەی شیعرەکانی نەدابێ، بەڵام ڕاستگۆیانە لەگەڵ وشەدا مامەڵەی کردووە[٢٥].

م. کەریم شارەزا دەڵێ: ناصیح حەیدەری شاعیر، بەپێی سەردەمی ژیان و سەرهەڵدانی لەناو دەوروبەرێکی ئایینی و لە دواییشدا تێکەڵ بوونی لەگەڵ ئەدەبیە گەورەکانی ڕێبازی کلاسیکی وبەشداری کردنی لەکۆڕو ئەنجومەنی ئەدەبیاتی کوردی کەلەسەردەمی لاوێتی ئەودا ئافەرین.. هەربۆ شیعری کلاسیکی کوردی بووە، بۆیە ئەمیش هەر ڕێبازی کلاسیکی لەشیعر دانان گرتووەو، کۆمەڵەشیعرێکی پڕ لەجوانکاری ڕەوانبێژی کوردی داناوەو، ئەو شیعرانەی هەندێ جار خۆیان لەئاستی شیعرەکانی (نالی) وشیعرەی شاعیری ناودارەکانی دوای ئەو نزیك دەکەنەوە[٢٦].

شیعرەکانی حەیدەری بریتین لە ((غەزەل))، چوارین ((روباعی))، (فەرد/ تاك) و ((مولەمەع)) و ((تەرجیع بەند)). بۆ تاقیکردنەوەی بەهرە شیعرەیەکەیشی غەزەلی شاعیرە گەورەکانی کوردی تەخمیس کردووە، وەکو غەزەلەکانی (نالی) و (حاجی قادر) و (مەحوی) و (وەفایی) و (صافی) (شێخ نووری شێخ ساڵح) و (زێوەر) وهی تر. ئەگەر لەروانگەیەکی کلاسیکیەوە هەڵیان سەنگێنین دەتوانین بڵێین لەبەشێکی تەخمیسەکانیدا سەرکەوتنی گەورەی وەدەست هێناوە، بۆی هەیە بڕیاری ئەوەش بدەین کەئاستی تەخمیسەکانی لەزۆر ڕووەوە لەهەندێ لەغەزەلەکانیی بەرزترە. لەم دەرفەتەدا ئەم دوو پەرەگرافەی خوارەوە لە تەخمیسی غەزەلێکی (نالی)دا وەکو نموونە دەهێنینەوە:

گوڵی ژاڵەت لەلا گوڵنارە بێ من
چیاو چۆڵت لەلا وەك شارە بێ من
ڕەقیبیشت لەلا هەریارە بێ من
(لەکن تۆخار وخەس گوڵزارە بێ من
لەلای من خەرمەنی گوڵ خارە پێ تۆ!)
هەتا ئەمڕۆ کەئەم خەڵقە لەلام بوون
ئەتۆم سەربووی لەبۆیە خاکی پام بوون
بزانە چەندە خاوو نا تەمام بوون
(هەتا تۆم ئاشنا بووی ئاشنام بوون
ئەمێستە موو بەموو ئەغیارە بێ تۆ!)[٢٧].

هەروەکو دەبینین لەو نموونەی سەرەوەدا، (حەیدەری) لەگەڵ ئاوازو مۆسیقاو تاقیکردنەوەی شعووری نالیدا ژیاوەو تێکەڵ بووە، لەو پێنج خشتەکیەدا وەستایەتیەکی کەم وێنەی نواندووە. دەکرێ هەمان بڕیار بەسەر پێنج خشتەکیەکی تردا بدرێ کە لەسەر غەزەلێکی (حاجی قادری کۆیی)دا هۆنیویەتەوە:

لەتاوی ئاگری دووریت، دەزانی حاڵەتم شەت بوو
بەلوتف و ڕەحمی تۆم زانی، ئیتر عەزمم بەقووەت بوو

ئەتۆ زەوقت لەشەوكەوت بوو، منیش فیكرم لەخزمەت بوو

(ئەوەی تۆ هەت بوو من نەم بوو، قەرار و سەبرو عیزەت بوو

ئەوەی من هەم بوو تۆ نەت بوو، وەفاو میهرەبانی بوو)[٢٨]

* * *

هەروا، لەتەخمیسی غەزەلێكی (مەحوی)شدا (ناسیح حەیدەری) سەركەوتنێكی تری وەدەست هێناوە.

لەگەڵ كەس كردەوەی چاكت نەبوو تۆ

لەژینا قەت دڵی پاكت نەبوو تۆ

وەكو (ناصح) دڵی سافت نەبووتۆ

(لەناڵەكەی گەرمی دڵ، پاكت نەبو تۆ

بەئاهی سەردی (مەحوی) من دڵم سووت)[٢٩]

بێجگە لەو هونەرە شیعریانەی سەرەوە، لەدیوانی حەیدەرییدا چەند پارچە شیعرێكی وەرگێردراوە بۆ زمانی كوردی (وەكو شیعری یاقووب ئاغاو زیا پاشا) بەرچاو دەكەوێ. لە پاڵ ئەمانەشدا دوو هۆنراوەی درێژی داستان ئاساش كەلەقاڵبی مەسنوییدا هۆنراونەتەوە لەدیوانەكەدا بڵاوكراوەنەتەوە، یەكێكیان بەناونیشانی ((داستانی شێخ ئەحمەدی جزیری))[٣٠]ە وئەوی دیكەیان تایبەتیە بەمێژووی بنەماڵەی حەیدەریان لەهەریر وماوەرانێ.

لەرووی ناوەرۆكەوە، شیعرەكانی حەیدەری، سنووری هەندێ لە مەبەستەكانی شیعری كلاسیكیان نەبەزاندووە. واتە بریتین لە شیعری ئایینی {پارانەوە لەخواو نەعتی پێغەمبەر(د.خ)}، ستایش، شیعری دڵداری (تەشبیب)، پەندو ئامۆژگاری، مەینۆشی و هەجوو، شیعری كۆمەڵایەتی ولاواندنەوە. ئەوەی راستی بێ شاعیر بایەخێكی تایبەتی بە شیعری لاواندنەوە (المراثی) داوە، تیایاندا بە(حیسابی جومەل/ ئەبجەدی) مێژووی كۆچكردنی خۆشەویستەكانی تۆمار كردووە، ئەم نوختەیەش هەر وەكو م. شێروان حەیدەری لە پێشەكی دیوانەكەدا ئاماژەی بۆداوە. هەم نیشانەی هەستی ناسكی شاعیرە كەتاچ رادەیەك مەرگی خزم وكەس و دۆست و ناسیاوەكانی لەناخەوە هەژاندوویەتی، هەمیش نیشانەی وەفاداریەتی بۆ ئەو مرۆڤانەی كە مردن لێی دووری خستینیەتیەوە. لەوهۆنراوانەدا شاعیر لایەنە چاكەكانی مردووەكان بەرچاو دەخات، لەیەزدانی پەروەردگار دەپاڕێتەوەكەبیان بەخشی وبەبەهەشت شادیان بكات. بەڵام لەهەندێ حاڵەتدا ماتەمنایەكی فرمیسكاویی نووسیوە، تیایادا تەواو هەست بە جەرگ سووتانی شاعیر دەكرێ. وەكو ئەو هۆنراوەیەی بۆكۆچی دوایی دكتۆر سالم حەیدەری كوڕەكەی نووسیوە:

گوڵی باغی ئەمەلم، تاقەت و هێزی لەتەنم

هەوینی ژین وحەیاتم، كوڕەكەی شەنگ وشەنم

ئاوێنەی عومرت وەها زوو، كەوتە بەرسەنگی ئەجەل

**کۆچی پێش خستو لەدووت من هەر لەگریەو شێوەنم**

***ئـادەڵێ***

**بۆچی بڕیاری جودابیتدا (لەگەڵ من) وابە زوو**

**ئاگرت بەردا لەجەرگم قەت نەما هۆش لەسەرم[٣١]**

بەوتەرزە، بەو وشەساکارو پاکانە، کەلەناخی دڵیەوە هەڵقوولاون، شاعیر کوڕەکەی لاواندۆتەوە.

ورد بوونەوە لەهەموو لایەنەکانی دیوانی (ناسیح حەیدەری)، پێویست بەچەند لێکۆڵینەوەیەکی تر دەکـات، ئومێدەوارین ڕەخنەگرو پسپۆرانی مێژووی ئەدەبیاتی کوردی پتر بایەخی پێ بدەن.

لەکۆتاییدا دەڵێین، ئەگەرچی درەنـگ ودوای مـەرگی (ناسح حـەیدری) دیوانەکـەی بـەچاپ گەیـەنرا بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو زاتە لەمێژووی شیعرو ئەدەبیاتی کوردی لەشاری هەولێری سەربڵندو مەڵبەندی زانست وشـار ستانیەتدا، یەکێکە لە پێشەنگو ڕەمزە دیارەکـان، بـە پێی بـارودۆخی سـەرەمەکەیو پێکهاتـەی کەسایەتیەکەی هەوڵی داوە خزمەتی کاروانی وشەو پەیڤی جوانی کوردی بکات.

## *سەرچاوە پەراوێز*

(١) دیوانی حەیدەری، ل(٣١).

(٢) دیوانی حەیدەری ل (١٤٦- ١٤٧).

(٣) کەریم مستەفا شارەزا: ناصیح حەیدەری شاعیر، گۆڤاری ((کاروان)) ژمارە (٣٢) هەولێر- مایس/ ١٩٨٥، ل(٢٥).

(٤)(٥) دیدار لەگەڵ ئامادەکەری ئەم باسە لەهاوینی ساڵی (١٩٧٥).

(٦)(٧) کەریم شارەزا- سەرچاوەی پێشتر ل(٦) (٢٦).

(٨) دیوانی حەیدەری، ل (٣١).

(٩) دیوانی حەیدەری، ل (١٤٨-١٥٠).

(١٠) دیوانی حەیدەری، ل (١٤١).

(١١) دیوانی حەیدەری، ل (١٤٦-١٤٧).

(١٢) دیوانی حەیدەری ، ل (٣١)

(١٣) کەریم شارەزا سەرچاوەی پێشوو. ل(٢٦).

(١٤) لـەنێوان سـاڵانی (١٩٧٥-١٩٨٢) ئامادەکـەری ئـەو باسـە بـەردەوام زیـارەتی خواڵێخۆشـبوو (ناسـیح حەیدەری) دەکرد ولەنزیکەوە ئاگاداری هەموو لایەنێکی کەسایەتیەکەی بووە.

(١٥) کەریم شارەزا، سەرچاوەی پێشوو، ل (٢٦)؛ هەر وابڕوانە دیوانی حەیدەری ل(١٦).

(١٦) ناسیح حەیدەری لەتەخمیسی کردنی شیعرە ناودارەکەی مەولانا خالید (موسم عید أست) کەبافارسیە، پشتی بە تەرجەمە کوردییەکەی (پیرەمێرد) لە (رۆحی مەولانا) دا بەستۆتەوە واتە تەرجەمەکەی تەخمیس کردووە شایانی باسە غەزەلە ئەسلیەکە، لەلایەن سالمی ساحیبێقرانەوە تەخمیس کراوە.

(١٧) دیوانی حەیدەری، ل (٩٥-١٣٨).

(١٨) کەریم شارەزا – سەرچاوەی پێشوو، ل (٢٦).

(١٩) بۆوێنە، سەبارەت بەیوسف ئەفەندی غەریبی ئەربیلی شاعیری نابینای هەولێر، موناسەبەی هەندێ لە شیعرەکانی دەزانی، دیفەرموو ئەم شاعیرە لەخانەوادای عەبدولباقی ئەفەندی – نەوەی مەلا جەرجیسی ئەربیلی- نزیك بووە هەروا هەندێ لە شیعرەکانی (عەبدورەزاق ئاغای عوزێری) لەبەر بوو، ئاگاداری پەیوەندی ئەوو (ئیبراهیم حەقی حەیدەری زادە) بوو. بێجگە لەمەش هەندێ حیکایەت سەبارەت بە (یاقووب ئاغا)وە دەگێراوە..هتد..

(٢٠) لەم بارەیەوە بڕوانە: دیوانی حەیدەری، ل (٢٤٦-٢٤٧).

(٢١)(٢٢)(٢٣)(٢٤)(٢٥): دیوانی حەیدەری، ل (٣٥-٣٧)،

(٢٦) کەریم مستەفا شارەزا- سەرچاوەی پێشوو، ل (٢٦-٢٧).

(٢٧) دیوانی حەیدەری، ل (١٠٢-١٠٣)

(٢٨) دیوانی حەیدەری، ل (١١٤)

(٢٩) دیوانی حەیدەری، ل (١٢٠)

(٣٠) داستانەکە بەناونیشانی: ((داستانی شێخ ئەحمەدی جزیری و رابیعە خاتوونی خوشکی بەدرخان پاشا)) یە. {(دیوان: ل(١٩١-١٩٧)}. ئەوەی راستی بێ شێخ ئەحمەدی جزیری کەبەمەلای جزیریش مەشهوورە، لەسالی (١٥٦٧)دا هاتۆتە دنیاوە ولەسالی (١٦٤٠)دا کۆچی دوایی کردووە.وابا‌وە کە گۆیا حەزی لە (سەلما)یا کچێکی تر کردووە کەخوشکی میری جزیری بۆتان بووە. کەچی بەدرخان پاشا لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا ژیاوە. پێدەچێ حیکایەتی خۆشەویستی شێخی جزیری بەخەیالی میللیدا تێکەڵ بووبێ. جا لەبەر ئەوەی ناوی ئەومیرەی کەهاوچەرخی جزیری بووە لەبیر خەڵك چۆتەوە، بۆیە لەباتی ئەو باسی بەدرخان پاشایان کردووە کەزۆر ناودار بووە. ناسیح حەیدەری لەسالانی (١٩٠٨-١٩١٠) لەجزیری بۆتان-وەختێك باوکی قازی ئەو شارە بووە حیکایەتەکەی لەخەڵکی ئەوشارە بیستووە، پاشان بەهۆنراوە دایڕشتۆتەوە. ئەو نوختەیە نیشانەی پایە بەرزی شێخ ئەحمەدی جزیریە لە ناو خەڵکی شارەکەیدا.

(٣١) دیوانی حەیدەری، ل (٦٢-١٦٣).

## ئەنجام

لەم بەشەی لێكۆڵینەوەكەماندا، بە پلەی یەكەم بایەخ بەدوو لایەنی گرنگ دراوە..

یەكەم: دەستخستنی زانیاری بەكەڵك و متمانە پێكراو دەربارەی ژیاننامەی ئەونووسەرو شاعیرانە، كەبەر لەساڵی (١٩٠٠) لەهەولێردا لەدایك بوون.

دووەم: بایەخ بەبەرهەم ونووسینە كوردییەكانی ئەو زاتانە دراوە. چونكە بەبێ بوونی تێكست و بەرهەمی نووسراو، هیچ جۆرە لێكۆڵینەوەیەكی ئەدەبی و زانستی لەبواری مێژووی ئەدەبیاتدا ئەنجام نادرێ. هەروا لەئامادەكردنی لێكۆڵینەوەكەدا. سی جۆرە سەرچاوە بەكارهاتووە:

أ- سەرچاوەی چاپكراو: (كتێب، گۆڤار، رۆژنامە).

ب- دەسنووس و بەڵگەنامە.

ج- ژێدەرو سەرچاوەی مەیدانی و زارەكی و دیدارو چاوپێكەوتن لەگەڵ كەسانی شارەزاو پسپۆرو پەیوەندار بەبابەتەكانەوە.

لەنووسینی ژیاننامەی نووسەرو شاعیران هەوڵ دراوە وردترین زانیاری تۆماربكرێ. تا لەداهاتووو تۆژێنەرانی تر سوودی لێ ببینن و دەوڵەمەنتری بكەن. لەهەمان كاتدا تیشك بۆ سەر بەرهەمەكانیان ئاراستەكراوە. لەچوار چێوەی بارودۆخی مێژووییاندا ، بەكورتی هەڵسەنگێنراون. نرخی مێژووییان بەرچاوخراوە. ئەگەر دەركمان كردبێ تێكستێك پێویستی بەلێدوان و راڤەكردنی هەیە، بە پێی مێتۆدێكی گونجاو لێ وردبووینەتەوە، بەتایبەتی هەندێ تێكستی شیعری عیرفانی كەزادەو بەرهەمی قۆناغێكی مێژوویین، چونكە سەخت ودژوارە خوێنەری ئاسایی ئەمرۆ بەبێ كۆمەڵێك روونكردنەوەی پێویست،بتوانێ لێ یان حاڵی بێت و بەناخیاندا شۆربێتەوە.

پشت بەستن بەهەندێ دەسنووسی دەگمەن، بووەمایەی ئەوەی زانیاری نوێ وتازە دەسبخەین، وەكو دەسنووسی مەولوودنامە كوردیەكەی شێخ محەمەد عەلی حوسامی كەلەساڵی (١٨٩٠) لەنووسینی بۆتەوە. بەهۆی هەندێ دەسنووسی تریشەوە توانرا لەژیاننامەی نوسەرەكەش بكۆلرێتەوە.

ئەنجامێكی گرنگی تری ئەم لێكۆڵینەوەیە بریتیە لەوەی كە بەبەڵگەوە سەلمێنراوە، نووسین بەزمانی شیرینی كوردی لەشاری هەولێردا، لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا سەری هەڵداوە. ئەم نوختەیە خۆی لەخۆیدا واتایەكی مێژوویی قوول دەبەخشێ وهەرچی بۆچوونێكی پێچەوانەو هاودژ لەئارادا هەبووبێ رەت دەكاتەوە...

رەنگە لەداهاتوودا، دەسنووسی تر بدۆزرێتەوەو ببێتە مایەی گەیشتن بەسەرەنجامی نوێترو بەكەڵكتر. ئەم نوختەیەش هۆكارێك بوو كەهانی داین سەبارەت بەبارودۆخی رۆشنبیری و ئەدەبی شارەكە لەسەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا كورتە باسێك تەرخان بكەین .. چونكە ئەگەر هاتوو ئەو دەسنووسەی كەدەدۆزێتەوە هی یەكێك لەو كەسانە بێ كەناویان هاتووە، بێ گومان ئەركی تۆژێنەران ئاسانتر دەبێ..

# تاريخ الادب الكردى في مدينة اربيل (١٨٩٠-١٩٥٨)

## الخلاصة


تعالج هذه الدراسة موضوعا مهما في حقل تأريخ الادب الكردي في مدينة معروفة بعراقتها وهي مدينة اربيل للفترة مابين (١٨٩٠-١٩٥٨)، ونظرا لكون الموضوع موضوعا متشعبا، فقد ارتاي الباحث تقيسيمة الى عدة اقسام.

ان البحث المنشور هنا، هو القسم الاول من الدراسة و الذي يسلط الضوء على سيرة ونتاجات رواد الادب الكردي في مدينة اربيل، من الذين ولدوا قبل سنة ١٩٠٠م.

يحتوى هذا القسم على مقدمة مع مدخل عام وستة فصول. قدم الباحث في الشطر الاول من المدخل لمحة عامة عن الحالة الثقافية والادبية في اربيل في القرن التاسع عشرو بدايات القرن العشرين، وفي الشطر الثاني منه، تحدث عن شعراء اربيل وتأثرهم بالادب الكردي الذي ظهر في اطار اللهجة الكرمانجية الجنوبية من اللغة الكردية في القرن التاسع عشر.

وفي الفصول الستة المكرسة لدراسة سيرة ونتاجات ستة شخصيات ادبية ،حاول الباحث تقديم معلومات دقيقة عن مراحل حياة كل واحد منهم مع الاشارة الى منابع ثقافتهم استنادا الى اوثق المصادر والمراجع المطبوعة والمخطوطة.

كما حاول تشخيص القيمة التأريخية والادبية لاثارهم وذلك بعد ان بين خصائص تلك الاثار وسماتها بكثير من الدقة توصل الباحث الى جملة من الاستنتاجات المفيدة، وفي المقدمة ان الكتابة بالكردية في اربيل نشأت في النصف الثاني من القرن التاسع عشر، وبهذا الخصوص اماط اللثام عن جوانب غير معروفة.

سيجرى تخصيص الاقسام القادمة من البحث للمراحل الاخرى من الموضوع والذي من المأمول ان يتم اعدادها مستقبلا ان شاء الله.

بقي ان نقول، ان البحث الى جانب اهتمامه بالتحليل، اولى رعاية خاصة بتدوين معلومات وثائقية وتأريخية على جانب كبير من الاهمية.

# *The History of Kurdish Literature*

***Abestract***

***This study deals with an important subject in the field of the history of Kurdish Literature in a city known of its an cientness, namely the city of Arbil, during the period between (١٨٩٠ – ١٩٥٠) and as the subject is ramified, the researcher has preferred to divide it into several parts. What we publish here consists part one of the general study. It sheds light on the life and works of the pioneers of Kurdish Literature in the city of Arbil, those born before ١٩٠٠.***

***This part contains an introduction with a prelude and six chapters. In the first half of the prelude, the researcher puts forward a general view about the cultural and literary circumstraces in Arbil during the ١٩ th and early ٢٠ th c. while in the second half, he speaks about the peots of Arbil who were influenced by Kurdish Literature which appeared in the from of southern Kurdish dialect of the Kurdish Language in the ١٩ th c.***

***In the six chapters devoted to the life and works of six literary figures, the researcher tries to present accurate information about the life of each one referring to the resources of their culture, through depending on the most trustful printed and manuscript references and resources. The researcher tries also to identify the literary and his torical values of the poets' works***

***After montioning the characteristies of their works in great accuracy The researcher reached a number of conclusion the first of which is that writing in Kurdish in Arbil emerged in the second half of the ١٩ th c. Thus, the study unveils some unknown aspects of the subject.***

***The next parts of the study will be devoted to the other stages of the subject which it is hoped to be tackled in the figure, zif God wishes.***

***It remains to say, this study, in addition to concerning itself with necessary analyses, it attches special importance to recording very important documental and historical information.***